RAND EDUCATION

CHILDREN AND FAMILIES
EDUCATION AND THE ARTS
ENERGY AND ENVIRONMENT
HEALTH AND HEALTH CARE
INFRASTRUCTURE AND TRANSPORTATION
INTERNATIONAL AFFAIRS
LAW AND BUSINESS
NATIONAL SECURITY
POPULATION AND AGING
PUBLIC SAFETY
SCIENCE AND TECHNOLOGY
TERRORISM AND HOMELAND SECURITY

The RAND Corporation is a nonprofit institution that helps improve policy and decisionmaking through research and analysis.

This electronic document was made available from www.rand.org as a public service of the RAND Corporation.

Skip all front matter: Jump to Page 1

## Support RAND

Purchase this document

Browse Reports & Bookstore

Make a charitable contribution

## For More Information

Visit RAND at www.rand.org

Explore RAND Education

View document details

### Limited Electronic Distribution Rights


This document and trademark(s) contained herein are protected by law as indicated in a notice appearing later in this work. This electronic representation of RAND intellectual property is provided for non-commercial use only. Unauthorized posting of RAND electronic documents to a non-RAND website is prohibited. RAND electronic documents are protected under copyright law. Permission is required from RAND to reproduce, or reuse in another form, any of our research documents for commercial use. For information on reprint and linking permissions, please see RAND Permissions.

This report is part of the RAND Corporation research report series. RAND reports present research findings and objective analysis that address the challenges facing the public and private sectors. All RAND reports undergo rigorous peer review to ensure high standards for research quality and objectivity.

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان . وەزارەتی پەروەردە

# بەرەوپێشبردنی پەروەردە و راهێنانی تەکنیکی و پیشەیی لە هەرێمی کوردستان — عێراق










لویی کانستانت
شێلی کوولبێرتسۆن
چاتلین ستاسز
جۆرج ڤێرنز

RAND CORPORATION

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان . وەزارەتی پەروەردە

# بەرەو پێشبردنی پەروەردە و راهێنانی تەکنیکی و پیشەیی لە هەرێمی کوردستان — عێراق

بە سپۆنسەری: حکومەتی هەرێمی کوردستان

لویی کانستانت
شێلی کوولبێرتسۆن
چاتلین ستاسز
جۆرج ڤێرنز

RAND
پەروەردە

لێکۆڵینەوەی شرۆڤەکراو لەم راپۆرتەدا لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە سپۆنسەر کراوە و لە لایەن RAND Education، کە بەشێکە لە دامەزراوەی RAND، جێبەجێ کراوە.

دامەزراوەی RAND دامەزراوەیەکی ناحکومییە کە لە رێگای لێکۆڵینەوە و راڤە، یارمەتی دەدات بۆ باشترکردنی سیاسەتدانان و بڕیاردانەکان. مەرج نییە بڵاوکراوەکانی دامەزراوەی RAND رەنگدانەوەی بیروبۆچوونی راژەخوازانی توێژینەوە یان سپۆنسەرەکانی بێت.

®RANDهێمایەکی بازرگانی تۆمارکراوە.

*وێنەکانی سەربەرگ بە وەرگرتنی رێپێدان بە کار هێنراون. وێنەی لای چەپ و لە سەرەوە خەڵاتێکە لە لایەن هوارد جی. شاتز، و وێنەکانی تر لە لایەن Thinkstock دەستەبەر کراون.*

© مافی لە چاپدان و بڵاوکردنەوە 2014 حکومەتی هەرێمی کوردستان

لە چاپدان و بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتانە تەنیا بۆ کەڵک وەرگرتنی تاکەکەسی، هەتاکو دەست لێنەدراو و تەواو بێت، رێگەپێدراوە. لە چاپدان و بڵاوکردنەوەی کۆپییەکان بۆ ئامانجە بازرگانییەکان رێگەی پێنادرێت. ناردنی رێگەپێنەدراوی بابەتەکانی RAND لە ماڵپەڕێک جگە لە RAND قەدەغەیە. بە پێی یاسای مافی لە چاپدان و بڵاوکردنەوە لە بابەتەکانی RAND پارێزگاری دەکرێت. بۆ دەستەبەرکردنی زانیاریی زیاتر سەبارەت بە چاپی سەرلەنوێ و رێپێدانە پەیوەندیدارەکان، تکایە سەردانی لاپەڕەی رێپێدانەکانی RAND (بە ناونیشانی http://www.rand.org/publications/permissions.html) بکەن.

بڵاو کراوە لە ساڵی 2014 لە لایەن دامەزراوەی RAND
1776 Main Street, P.O. Box 2138, Santa Monica, CA 90407-2138
1200 South Hayes Street, Arlington, VA 22202-5050
4570 Fifth Avenue, Suite 600, Pittsburgh, PA 15213-2665
RAND ناونیشانی ئینتێرنێتی: /http://www.rand.org
بۆ پێشنیار و داواکردنی بابەتەکانی RAND یان دەستەبەرکردنی زانیاریی زیاتر، پەیوەندی بکەن بە:
خزمەتگوزاریی بڵاوکردنەوە تەلەفۆن: 7002-451 (310)
فاکس: 6915-451 (310)؛ ئیمەیڵ: order@rand.org

## پێشەکی

هەرێمی کوردستانی عێراق خاوەنی گەشەکردنی خێرایی ئابوورییە، بەڵام نەبوونی کرێکاری شارەزا و لێهاتوو لەوانەیە ئەم گەشکردنە بەردەوامە سنووردار بکات. حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەکوو بەشێک لە هەوڵی بەرفراونی خۆی بۆ گۆڕانکاری و گەشەکردنی سیستەمی پەروەردەی ئەم هەرێمە، داوای لە دامەزراوەی RAND کرووە تاکوو هەڵسەنگاندن ئەنجام بدات بۆ سیستەمی فێرکردن و راهێنانی تەکنیکی و پیشەیی (TVET) ئەو. ئەم راپۆرتە ئەو داواکارییانە بەدیدەهێنێت و راسپاردەی رێوشوێن دەکات بۆ بەرەو پێشبردنی دەسگەیشتن و کواڵیتی فێرکردن و راهێنانی تەکنیکی و پیشەیی.

ئەم ڕاپۆرتە لە لایەن کۆمپانیای ڕاهێنانی RAND و بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق ئامادە کراوە. دەرەنجامەکانی ئەم خوێندنەوەیە بۆ ئەو کەسانەی کە لە بواری ڕاهێنان و پەروەردەکردن لە هەرێمی کوردستاندا چالاکی دەکەن و هەروەها کەسانی تر کە خەریکی ڕاهێنانی پیشەیین، بە سوودە.

لێکۆڵەرانی سەرەکی ئەم کارە جۆرج ڤەرنەز(Georges Vernez) و شەلی کالبەرتسۆنن. بۆ پەیوەندی کردن بە دکتۆر ڤەرنەزەوە دەتوانن لە ڕێگەی ئیمەیلی ەوە نامە بنێرن و یان بە ژمارە تەلەفۆنی 310-393-0411 ناوخۆیی 6211 پەیوەندی بکەن و بۆ پەیوەندی کردن بە خاتووکالبەرتسۆن دەتوانن لە ڕێگەی ئیمەیلی shellyc@rand.org ەوە نامە بنێرن. بۆ وەدەستهێنانی زانیای زیاتر سەبارەت بە دامەزراوەی ڕاهێنانی RAND دەتوانن لەگەڵ بەڕێوەبەری ئەو یانی دارکین ئاپفەر و لە ڕێگەی ئیمەیلی dopfer@rand.org، یان لە ڕێگەی ژمارە تەلەفۆنی 310-393-0411، ناوخۆیی 4926 ەوە پەیوەندی بکەن؛ یان نامە بنێرن بۆ ناونیشانی دامەزراوەی RAND: 1776 Main Street, P.O. Box 3138, Santa Monica, CA 90407-2138.

زانیاری زیاتر سەبارەت بە RAND لە ماڵپەڕی www.rand.org دا لەبەردەستە.

# ناوەرۆک

**پێشەکی** ........ iii
**شێوەکان** ........ ix
**خشتەکان** ........ xi
**کورتە** ........ xiii
**ڕێز و پێزانین** ........ xvii
**ناوە کورتکراوەکان** ........ xix

بەشی یەک
**پێشەکی** ........ 1
پێشینە ........ 1
ئابووری، دانیشتووان و هێزی کار ........ 2
پەروەردە ........ 3
پەروەردە - بنەڕەتی و ئامادەیی ........ 3
خوێندنی باڵا ........ 4
ڕاهێنانی گەورەساڵان ........ 4
شێوازەکانی خوێندن ........ 5
شیکردنەوە و لێکدانەوەی داتا ناسەرەکییەکان ........ 5
چاوپێکەوتنی مەیدانی لەگەڵ کاربەدەستە پەیوەندیدارەکان ........ 5
سەردانی قوتابخانە و پەیمانگەکانی فێرکردن و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی، فۆکۆس گروپ و چاوپێکەوتنەکان ........ 6
رووپێوی دامەزراوەکانی کار ........ 6
پێداچوونەوەی بڵاوکراوەکان و لێکۆڵینەوەی حاڵەت ........ 6
پوختەی راپۆرت ........ 7

بەشی دووهەم
**سیستەمی ئێستای فێرکردن و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی لە هەرێمی کوردستانی عێراق** ........ 9
تێڕوانینی گشتی ........ 9
ڕەوتی ناونووسین ........ 11
بەشداری بە پێی ڕەگەز ........ 12
وەرگرتنی خوێندکار، پێداویستییەکانی دەرچوون لە خوێندن و هەلەکانی پێشکەوتن ........ 12
پێداویستییەکانی وەرگرتن و ناونووسین ........ 12
پێداویستییەکانی دەرچوون لە خوێندن ........ 14
درێژەدان بە خوێندن لە دەرفەتەکانی ڕاهێنان(خوێندن) ی تەکنیکیدا ........ 14
زنجیرەی ڕێکخراوەیی ........ 14
بەڕێوەبردن ........ 14

هاوکاری لەگەڵ کەرتی تایبەت ........ 15
داراییکردن ........ 16
پرۆگرامی خوێندن ........ 16
بەرنامەکانی ڕاهێنانی پیشە ........ 17
دامەزراندن، کارامەیی و راهێنانی مامۆستایان ........ 19
دامەزراندن و دانانی مامۆستایان ........ 19
لێوەشاوی مامۆستایان ........ 19
ڕاهێنانی هاوکات (وێڕا) ی خزمەتگوزاری مامۆستایان ........ 19
ئامێر و کەرەستەی ڕاهێنان ........ 20
هەلی کار پاش دەرچوون لە زانکۆ ........ 20
دەسپێشخەریە بەردەوامە باشترکراو و پلان بۆ دانراوەکانی TVET بۆ باشترکردنی فێرکردن و راهێنانی تەکنیکی و پیشەیی ........ 20
وەزارەتی پەروەردە ........ 21
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ........ 21
وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ........ 21
پلانەکانی تر ........ 22
کورتە ........ 22

بەشی سێ

**کار و کارامەییە پێویستەکان لە ئابووری هەرێمی کوردستانی عێراقدا** ........ 25
نموونەکانی دامەزراندنی هەنووکەیی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا ........ 26
TVET دەتوانێ کەسەکان بۆ دامەزراندنی زۆربەی پیشەکان ئامادە بکات ........ 26
ئەزموونەکانی دامەزراندنی خاوەنکاران ........ 29
ئامادەبوونی هێزی خۆجێیی بۆ ئیش ........ 30
پیشەگەلێک کە دامەزراندنی کەسەکان لە نێو KRI دا زۆر دژوارە ........ 31
خاوەن کارەکان هەندێ لە پێویستییەکانی پەیوەندیدار بە هێزی کاری خۆیانەوە لە دەرەوەی KRI دابین دەکەن ........ 31
کارامەییەکانی داخوازیکراو لە لایەن خاوە کارەکانی KRI ........ 32
خوێندنەوە،نووسین،و کارامەییە کردەوەییەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری ........ 34
شارەزایی لە زمانی دەرەکیدا ........ 34
کارامەییە "نەرم" ەکان ........ 34
کارامەییەکان و ئەزموونە پیشەییەکان ........ 35
بەڕێوەبەرایەتی و بەڕێوەبردنی نووسینگە ........ 35
ئاکاری کاری و روانگەی کەسەکان سەبارەت بە ئیش ........ 36
پەروەردەی پێشکەشکراو لە لایەن خاوەن کارەکان و بەربەستەکانەوە ........ 36
کورتە ........ 36

برگەی چوار

**سیاسەت و ڕێبازە نێودەوڵەتیەکانی TVET** ........ 39
ڕوونکردنەوەیەکی گشتی لەبارەی ئامانجەکان و سیستمەکان ........ 39
ئامانجەکان ........ 39
ڕوونکردنەوەیەکی گشتی لەبارەی سیستمەکانی TVET ........ 40
بەشداریکردن لە خوێندنی تەکنیکی و پیشەیی ........ 41
خوێندنی TVET لە قۆناغی پاش ئامادەیی ........ 42
سەرنجڕاکێش بوونی TVET ........ 42
بەشەکانی سیستمەکانی خوێندن ........ 44

بەڕێوەبردن ........ 44
بەشداریکردنی خاوەنکاران و پشکدارە کۆمەڵایەتیەکانی تر ........ 45
بوودجە ........ 46
ئەو بەرنامە پیشەییانە کە دابین دەکرێن ........ 46
داخواز بۆ پیشەکان و پیشبینکردنی ئەو شارەزاییانە کە پێویستن ........ 47
شێوازەکانی دابینکردن ........ 48
مەنهەجی خوێندن ........ 50
چۆنیەتی وەرگرتنی خوێندکار، گواستنەوە لە قۆناخێکەوە بۆ قۆناخێکی تر، و مەرجەکانی دەرچوون ........ 51
ڕێنمایی و ئامۆژگاری کردنی خوێندکار ........ 52
ئامادەکردنی مامۆستایان ........ 53
دڵنیابوون لە کوالیتی ........ 54
پوختە ........ 54

بەشی پێنج

**نەخشەڕێگای پێشنیارکراو بۆ باشترکردنی TVET** ........ 57
دانانی پەیکەری بەڕێوەبردنی هەماهەنگ لەنێوان وەزارەتەکان و لایەنە پشکدارەکان ........ 57
ئامانجەکانی TVET لە هەرێمی کوردستان دیاری بکەن ........ 60
دەرکردنی یاسا بۆ TVET ........ 61
زیادکردنی ڕێژەی بەشداری لە خوێندنی پیشەیی بۆ 20% ی قوتابیانی ئامادەیی ........ 61
ستانداردە پیشەییەکان و مەرجەکانی بەخشینی بڕوانامە بە خوێندکار دیاری بکەن ........ 62
مەنهەجی خوێندنی پیشەیی لە قۆناغی ئامادەیی نوێ بکەنەوە ........ 63
پەرەپێدانی وانە گشتیەکان و ڕێکخستنیان بە هەمان شێوەی وانەکانی بەرنامەی خوێندنی ئامادەیی ........ 63
نوێکردنەوەی پرۆگرامی ئێستای خوێندنی پیشەیی ........ 63
نوێکردنەوەی ئەزموونی کرداری لە شوێنی کار ........ 63
شێوازی درێژەدان بە بەرنامەکانی خوێندنی TVET و گواستنەوە لە قۆناغی ئامادەییەوە بۆ زانکۆ هەماهەنگ بکەن ........ 64
پەرەپێدانی بەرنامە پیشەییەکان ........ 65
دامەزراندن، شیاندن و ڕاهێنانی مامۆستایان. ........ 65
کردنەوەی نووسینگە لە شوێنەکانی دابینکردنی TVET بۆ پێدانی ئامۆژگاری بە خوێندنکاران ........ 66
دیاریکردنی قۆناخەکانی جێبەجێکردن و ئەولەویەتەکان ........ 66
تێبینیەک لەبارەی خەرجیەکان ........ 66

پاشکۆی

**A. ناونووسینی خوێندکار لە ناوەندەکانی خوێندن و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی لە هەرێمی کوردستان** ........ 69
**B. پێشەکان و پێداویستیە پەروەردەییەکانی ئەوان** ........ 73

**بیبیلیۆگرافیا** ........ 75

# شێوەکان


شێوەی 1.1. سنوورەکانی جوگرافیایی ئێستای حکوومەتی هەرێمی کوردستان ....... 2
شێوەی 2.1. ناونووسینی قوتابیان، بە پێی ئاستی ڕاهێنان، 2007-2012 ....... 4
شێوەی 1.2. پێشکەوتنی قوتابیان لە سیستمی پەروەردە و راهێنانی تەکنیکی و پیشەیی و سیستمی پەروەردە: ئەو قوتابیانەی لە فێرکردنی بنەڕەتی دەرچوون لە ساڵی 2007 ....... 10
شێوەی 2.2. ڕەوتی ناونووسینی قوتابیان لە ڕاهێنانی پیشەیی ئامادەیی و باڵادا، 2007-2012 ....... 12
شێوەی 3.2. ڕێژەی سەدی بەشداریکردنی ژنان لە فێرکردن و راهێنانی تەکنیکی و پیشەیی پیشەییدا بە پێی ئاستی ئەو، 2007 و 2012 ....... 13
شێوەی 4.2. بەڕێوەبەرایەتی سیستەمی فێرکردن و راهێنانی تەکنیکی و پیشەیی هەرێمی کوردستانی عێراق ....... 15
شێوەی 1.3. ڕێژەی خاوەنکاران، بە جیاکردنەوەی ڕێژەی ئامادەبوونی تەواوکەرانی خوێندنی خۆجێی بۆ کار و ڕێژەی خوێندن، 2012 ....... 30
شێوەی 2.3. ڕێژەی ئەو خاوەنکارانەی لە دامەزراندنی هێزی کاری خۆجێیدا تووشی کێشە هاتوون، بە جیاکردنەوەی جۆری ئەو پیشەیەی لە دامەزراندنی کەسەکان لەواندا تووشی کێشە بوون،2012 ....... 31
شێوەی 3.3. نێوەنجی ڕێژەی ئەو فەرمانبەرانەی خەڵکی هەرێمی کوردستانی عێراق نین، بە جیاکردنەوەی رادەی کۆمپانیا و کەرتی ئابووری، 2012 ....... 32
شێوەی 4.3. ڕێژەی ئەو خاوەنکارانەی پەروەردە پێشکەشی فەرمانبەرەکانیان دەکەن، بە جیاکردنەوەی جۆری پەروەردەی پێشکەشکراو، 2012 ....... 37
شێوەی 5.3. ڕێژەی ئەو فەرمانبەرانەی ئاماژەیان کردووە بەو ئاستەنگییانەی لە پێشکەشکردنی شکردنی پەروەردەدا ڕووبەڕووی دەبنەوە، بە جیاکردنەوەی جۆری ئاستەنگی، 2012 ....... 38
شێوەی 1.4. پێداچوونەوەی گشتیی سیستمەکانی پەروەردە ....... 40
شێوەی 2.4. ڕێژەی سەدی خوێندکارانی ئامادەیی لە خوێندنی پیشەیی دا (ISCED 3)، بەپێی ولاتە هەڵبژێراوەکان، 2010 ....... 42
شێوەی 3.4. ڕێژەی سەدی خوێندکارانی پیشەیی لە قۆناغی ئامادەیی (ISCED 3) کە ڕەگەزیان مێیە، بەپێی ولاتە هەڵبژێراوەکان، 2010 ....... 43
شێوەی 4.4. ڕێژەی سەدی خوێندکارانی ئامادەیی لە بەرنامەکانی خوێندنی پیشەیی دا (ISCED 3)، بەپێی جۆری بەرنامەکان و لە ولاتە هەڵبژێردراوەکان دا، 2006 ....... 49
شێوەی 1.5. چوارچێوەی پێشنیارکراو بۆ بەڕێوەبردنی TVET ....... 58
شێوەی 2.5. قۆناخبەندی کردنی پەرەپێدانی TVET ....... 67

# خشتەکان


خشتەی 1.2. تایبەتمەندییەکانی بەرنامەکانی وانە بە پێی جۆری سیستەمی فێرکردن و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی ........ 16
خشتەی 2.2. ژمارەی بەرنامەی پیشە و ژمارە و ڕێژەی سەدی قوتابیان بە پێی گرووپی پیشە و ئاستی فێرکردن و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی، 2011-2012 ........ 18
خشتەی 1.3. ڕێژەی سەدی فەرمانبەران،بە جیاکردنەوەی کەرت، 2012 ........ 27
خشتەی 2.3. ڕێژەی سەدی هەموو فەرمانبەران و فەرمانبەرانی کەرتی تایبەتی، بە جیاکردنەوەی پیشە،2012 ........ 28
خشتەی 3.3. ڕێژەی سەدی فەرمانبەرانی بەشی تایبەتی، بە جیاکردنەوەی جۆری پیشە و کەرت، 2012 ........ 29
خشتەی 4.3. ڕێژەی ئەو خاوەنکارانەی کە سێ کارامەییە گرینگەکەیان ریز بەندی کردووە، بە جیاکردنەوەی ئاستی خوێندنی پێویست بۆ پیشە، 2012 ........ 33
خشتەی 1.4. دەرسەدی خوێندکارانی پیشەیی لە قۆناغی ناوەندی (ISCED 3) و ژمارەی ئەو بەرنامە پیشەییانە کە لە وڵاتە هەڵبژێردراوەکان دا پێشەکەش دەکرێن، 2010 ........ 47
خشتەی 2.4. مەرجەکانی شیاوبوونی مامۆستایانی خوێندنی پیشەیی لە قۆناغی ناوەندی (ISCED 3)، بەپێی جۆری مامۆستا ........ 53
خشتەی A.1. ژمارە و ڕێژەی سەدی خوێندکاران لە ناوەندەکانی خوێندن و ڕاهێنانی پیشەیی لە قۆناغی ئامادەیی، بەپێی پیشە، 2010–2011 ........ 69
خشتەی A.2. ژمارە و ڕێژەی سەدی خوێندکاران خوێندنی تەکنیکی لە ئاستی زانکۆ (ISCED 5)، بەپێی پیشە، 2011-2012 ........ 70
خشتەی B.1. واتا و پێناسەی پیشەکان و پێداویستیە پەروەردەییەکانی ئەوان ........ 73

## کورتە

هەرێمی کوردستانی عێراق (KRI) بە سوودوەرگرتن لە گەشەکردنی ئابووری، کار و پیشەی نوێ بەدی دێنێت. زۆربەی ئەم پیشە و ئیشانە پێداویستیان بە ڕاهێنان و کارامەیی و لێوەشاوی تەکنیکی هەیە. توانایی هەرێمی کوردستانی عێراق و حکوومەتی ئەو لە پێشکەشکردنی ڕاهێنانی کارامەیی و لێوەشاوی پێویست بۆ هێزی کاری تاڕادەیەک خێرایی ئابووری ئەم ناوچەیە دیاری دەکات.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەکوو بەشێک لە هەوڵی بەرفراونی خۆی بۆ گۆڕانکاری و گەشەکردنی سیستەمی پەروەردەی ئەم ناوچەیە، داوای لە دامەزراوەی RAND کرووە تاکوو هەڵسێت سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی سیستەمی پەروەدەی پیشەیی و ڕاهاتنی پیشەیی (TVET). گەرچی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەلی ڕاهێنانی تەکنیکی و زانکۆیی پاش قۆناغی ئامادەیی پەرە پێداوە، بەڵام ڕاهێنانی پیشەیی لە ئاستی دا لەم پرۆسەیە دواکەوتووە. ئەم بابەتە بۆتە هۆی ئەوە کە زۆریەک لەو کەسانەی کە ناتوانن یان نایانەوێ پاش فێرکردنی ئامادەیی درێژە بە خوێندن بدەن کارامەیی و لێوەشاوی پێویست بۆ یارمەتی بە بازاڕی کار و ئابووری لە دۆخی گۆڕانکاری هەرێمی کوردستانی عێراقیان نەبێت. لەحیاتی، هەندێک لە کۆمپانیا ناوخۆیی و بیانییەکان بە هۆی ئەمە کە نەیانتوانیوە دەرچووی ناوچەیی (خۆجێیی) گونجاو بدۆزنەوە، کرێکاری بیانی دامەزراندووە. گەرچی هەرێمی کوردستانی عێراق خەریکی بەدیهێنانی سێ ناوەندی نوێی ڕاهێنانی پیشەییە، بۆ قەرەبووکردنەوەی کەموکوڕییەکانی ئێستاکە و پێداویستیەکانی داهاتوو هەوڵ و تێکۆشانی زۆرتر پێویستە.

بۆ هەڵسەنگاندنی سیستەمی فێرکردن و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی ئێستای هەرێمی کوردستانی عێراق و پێشکەشکردنی ئامۆژگاری بۆ باشتر کردنی، چەندین کارمان جێبەجێ کردووە. ئەم بابەتانە بریتین لە: پشکنینی پێشینەی سیستەمی ڕاهێنانی پەروەدەیی و ڕاهێنانی پیشەیی کاریگەر، لێکدانەوە و شیکردنەوەی داتاکانی لاوەکی سەبارەت بە بەرنامەکانی فێرکردن و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی لە ناوچەدا، وتووێژ لەگەڵ سەرکردە و فەرمانبەرانی وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق کە بەرپرسی خوێندنەوەکانی فێرکردن و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی، خوێندنەوەکانی بابەتی(کەیسی) سیستەمەکانی فێرکردن و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی لە وڵاتانی تر و جێبەجێکردنی ڕاپرسییەک لە خاوەنکارەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق لە پەیوەندی لەگەڵ هێزی کاری پێویستی ئەوان. ئێمە دەرەنجامەکانی خۆمان لە چوار بەشدا پێشکەش دەکەین: سیستەمی ڕاهێنانی پەروەردەیی و ڕاهێنانی پیشەیی ئێستای هەرێمی کوردستانی عێراق و پێکهاتەکەی؛ هێزی کار و کارامەیی پێویست لە ئابووری هەرێمی کوردستانی عێراق؛ سیاسەت و شێوازەکانی پەروەردەیی و ڕاهێنانی پیشەیی نێونەتەوەیی، و هەندێک ئامۆژگاری بۆ باشترکردن.

### دۆزینەوەکان

**ئامادەیی سیستەمی ئێستای ڕاهێنانی پەروەردەیی و ڕاهێنانی پیشەیی هەرێمی کوردستانی عێراق بە ڕادەی پێویست نییە.**

سیستەمی ڕاهێنانی پەروەردەیی و ڕاهێنانی پیشەیی ئێستاکە خاوەنی بەشەکانی ئامادەیی، پاش ئامادەیی و گەورەساڵانە کە هەریەکە و لەلایەن وەزارەتە حکومیە جیاوازەکانەوە بەڕێوە دەبردرێن. قوتابیان دەتوانن بچنە بەشی ئامادەیی بۆ زانکۆ یان فێرکردنی پیشەیی، یان بچنە ناو هێزی کار زۆرینە دەچنە ئامادەیی بۆ زانکۆ و ژمارەیەکی زۆریش دەچنە ناو هێزی کار. لەم ناوەدا تەنیا ژمارەیەکی کەم - نزیکەی 2000 لە زیاتر لە 80000 لە دەرچووانی یەکێک لەم ساڵانە دەچنە قۆناغی ئامادەیی پیشەیی. هۆیەکانی ئەم بابەتە بریتین لەم دیمەنە کە ئاستی ڕاهێنانی پەروەردەیی و ڕاهێنانی پیشەیی ئامادەیی لاوازە، نەبوونی توانایی زۆربەی دەرچووان لە دۆزینەوەی پیشە، نەبوونی توانای لە گەیشتن لە قۆناغی ئامادەیی ڕاهێنانی پەروەردەیی و ڕاهێنانی پیشەیی بە ڕاهێنانی پاش ئامادەیی؛ و بوونی پەیوەندی لاواز لە نێوان بەرنامەکانی فێرکردن و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی و داواکاری لە بازاڕی کاردا. ڕاهێنانی تەکنیکی پاش ئامادەیی ناوبانگێکی زۆرتری هەیە و بەشداری زۆرتری هەیە. لەڕاستیدا،

ناونووسی لە بەرنامەکانی پاش ئامادەیی ساڵەکانی دواییدا بە توندی ڕوو لە زیادبوون بووە، ئەمە لەکاتێکدایە کە ناونووسین لە خولەکانی کارامەیی ڕاهێنان و ڕاهێنانی پیشەیی ئامادەییدا روو لە کزییە.

سیستەمی ئێستای فێرکردن و راهێنانای تەکنیکی و پیشەیی کەموکوڕی تریشی هەیە. هەماهەنگی لە نێوان سێ بەشی سیستەمی ڕاهێنانی پەروەردەیی و ڕاهێنانی پیشەییدا بەدەگمەن جێبەجێ دەکرێت. ژمارەی هەلەکانی کار زۆر کەمن و ویستەکانی بازاڕی کار نابێتە هۆی هاندانی ئەو. بەرنامەکانی وانەیی لە سێ بەشدا ئامادە کراون و نابنە هۆی بەدەستهێنانی ئەزموونی کردارەکی بە ڕادەی پێویست. هەروەها ستانداردەکانی مەرجی فێرکردن و راهێنانی تەکنیکی و پیشەیی نییە کە خاوەنکارەکان بتوانن بە پێی ئەو دادوەری بکەن کە ئاخۆ بەرنامە ناوبراوەکان قوتابییەکان بە ڕادەی پێویست بۆ پیشە و ئیش ئامادە دەکات یان نا.

**فێرکردن و راهێنانی تەکنیکی و پیشەیی دەتوانێت یارمەتی ئامادەبوونی پیشەکانی ئێستا و داهاتوو بدات**

پێشبینی ئەوە دەکرێت گەشەکردنی پیشە لە ئابووری هەرێمی کوردستانی عێراقدا لە بەشی خزمەتگوزاری، کۆفرۆشی و گواستنەوەدا ڕوو بدات — و کەسانێک کە ڕاهێنانی پیشەیی لە ئاستی ئامادەییان تێپەڕ کردووە دەتوانن زۆربەی ئەم پیشانە پڕ بکەنەوە (بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان). نزیک بە سێ لەسەر چواری پیشەکانی کەرتی تایبەت کە پیشەی وەکوو خزمەتگوزاری و فرۆشتن، کرێکاری شارەزای کشتوکاڵ، پیشەسازی و پیشەی پەیوەندیدار، کارگە، (بەکارهێنەری)ی ئامێر و کەرەستە و پێکەوەنەرو شوێنی فەرمانگەیی پاڵپشتییە کە ڕاهێنانی پەروەردەیی و ڕاهێنانی پیشەیی ئامادەیی دەتوانێت ئامادەکاری بە ڕادەی پێویست بۆ ئەوان دابین بکات. لەگەڵ ئەوەشدا، زۆرتر لە یەک لەسەر سێی ئەو خاوەنکارانەی کە ڕاپرسیمان لەگەڵ کردوون بڕوایان وایە کە دەرچووانی قوتابخانەی ئامادەیی، بریتی لە قوتابخانەی گشتی و پیشەیی توانایی پێویستیان بۆ لکان و زیادبوون بە هێزی کارەوە نییە. ئەوان نەبوونی کارامەیی تەکنیکی گونجاو و ئەزموونی کاریان وەکوو بەربەستی سەرەکی لەسەر رێگەی دامەزراندنی کەسانی خۆجێیی دەزانی. بابەتەکانی تر بریتین لە کەمی شارەزایی لە زمانی بیانی و کەڵکوەرگرتن لە تەکنۆلۆجیای زانیاری و هەروەها " کارامەیی ناسک و نەرم" وەکوو پەیوەندی و هەڵسوکەوت لەگەڵ راژەخواز و کاری گرووپ. ئەو پیشانەی کە خاوەنکارەکان بە دامەزراندنی کەسەکان لەودا بە شێوەیەکی بەرچاو کێشە و گرفتیان هەیە بریتین لە تەکنیک¬کار، بەکارهێنەر (ئۆپێراتۆر)ی کارخانە، پرۆسە و ئامێرەکان، فرۆشتن و خزمەتگوزاری راژەخواز و هەندێک لەو چالاکیانەی کە کارامەییان پێویستە.

**شێوازە نێودەوڵەتیەکان وانەی گرنگ پێشکەش دەکەن بۆ بەرەوپێشبردنی فێرکردن و راهێنانی تەکنیکی و پیشەیی لە هەرێمی کوردستان**

شیکرنەوەی پێشینەی لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەکانی بابەتی وڵاتەکان بوو بە هۆی ناساندنی شێوازەکانی چالاکی زۆر کە وانەگەلێک بۆ باشترکردنی سیستەمی فێرکردن و راهێنانی تەکنیکی و پیشەیی لە هەرێمی کوردستانی عێراق دابین دەکات. سیستەمەکانی فێرکردن و راهێنانی تەکنیکی و پیشەیی بۆ دڵنیایی لە گونجاوبوونی خۆیان لەگەڵ بازاڕی کار بە شێوەی ئاسایی بەرنامەکانی خۆیان لەگەڵ پێداویستییەکانی بازاڕ ڕێک دەخەن، هەماهەنگی بەرنامەکان لە ئاستی ناسەرەکی ئامادەیی و پاش ئامادەیی جێبەجێ دەکەن و ڕا و بۆچوونی هاوبەشە کۆمەڵایەتییەکان لەوانە خاوەنکار، سەندیکای کرێکار و ڕێکخراوە پیشەسازییەکان ڕەچاو دەکەن. لە کاتێکدا لە زۆربەی وڵاتەکاندا لە ئاستی ناوەندیدا لەسەر بەرنامەکانی ڕاهێنانی پیشەیی چەق بەستوون، بەرنامەکانی وانەیی ئەوان هەل و دەرفەت بۆ فێربوون لە شوێنی کار لەبەرچاو دەگرێت. هەندێک لە وڵاتەکان سیستەمی فێرکارییان هەیە فێربوون لەسەر بنەمای قوتابخانە لەگەڵ کار لەبری حەقدەست تێکەڵاو دەکەن و گرێبەستی نێوان قوتابی و خاوەنکار یارمەتی کوالیتی ئەو دەدەدات. لە زۆرێک لە وڵاتەکانی تردا لە شوێنی کار فێربوون وەکوو یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی سەرەکی بەرنامە کاریگەرەکان دێتە ئەژمار. پرۆگرامی خوێندن بریتییە لە وانەی گشتی و پیشەیی بۆئەوەی قوتابییەکان بتوانن بۆ خوێندنی پاش ئامادەیی و یان بۆ گۆڕانکاری پیشە لە ماوەی ژیانی کاری خۆیاندا باشتر ئامادە بن. سیستەمی فێرکردن و راهێنانی تەکنیکی و پیشەیی لە وڵاتەکانی تردا ڕاوێژکاری و ڕێنموونی قوتابییەکانیش دەگرێتەوە بۆئەوەی یارمەتی ئەوان بدات سەبارەت بە خاڵەکانی بازاڕی کار و ڕاهێنانی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەوان زانیاری وەدەست بێنن. زۆر یەک لەم وڵاتانە بە پێویستی دەزانن کە مامۆستایانی سیستەمی ڕاهێنانی پەروەردەیی و ڕاهێنانی پیشەیی جگە لە ئەزموونی کردارییانە لە پیشەی پەیوەندیداریشدا لانیکەم بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەبێت.

## ڕاسپاردەکان

ئەم دەرەنجامانە بۆ باشتربوونی سیستەمی فێرکردن و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، بەتایبەت لە ئاستی ئامادەییدا ئامۆژگاری پێشکەش دەکات. ئامۆژگاری ئێمە ئەوەیە کە لەجیاتی جێبەجێکردنی هەموو ئەم ئامۆژگاریانە بە شێوەی هاوکات، جێبەجێکردنی ئەوان لە سێ قۆناغدا بگونجێندرێت بۆئەوەی توانایی هەڵسەنگاندنیش هەبێت.

هەرێمی کوردستانی عێراق دەبێ لە ماوەیەکی کورت¬خایەندا چەند ڕێکارێک بۆ بەدیهێنانی سیستەمی پەیوەندیدار و بە لەرچاوگرتنی چاکسازی بەردەوام ڕاهێنانی پەروەردەیی و ڕاهێنانی پیشەیی بگرێتە بەر. ئەم بابەتانە بریتین لە:

- کۆکردنەوە و شیکردنەوە و لێکدانەوەی داتاکانی پەیوەندیدار بە پێداویستییەکانی بازاڕی کار
- دانانی پەیکەری بەڕێوەبردن و پاڵپشتیکردنی فێرکردن و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی
- دانانی دیدگا و ئامانجەکان بۆ سیستەمی فێرکردن و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی
- دەستپێکردنی دیزاینی ستانداردی پیشە، مەنهەج و مەرجەکانی شیابوونی خوێندنکاران لەگەڵ بەشداریکردنی خاوەنکارەکان و هاوبەشە کۆمەڵایەتییەکانی تر
- گونجاندنی کارامەیی نەرم و فێربوونی کردارییانە لە بەرنامەکانی وانەییدا لەسەر بنەمای قوتابخانە لە ڕێگەی کارگەی ڕاهێنان و شاگردی
- دیاریکردنی پێویستبوونی پەیوەندیدار بە مامۆستاکانی ڕاهێنانی پەروەردەیی و ڕاهێنانی پیشەیی.

لەم ناوەدا دەبێ، دانەرانی سیاسەت هەوڵەکانی خوارەوە جێبەجێ بکەن:

- ئامادەکردنی پێشنووس و پەسەندکردنی یاساکانی ڕاهێنانی پەروەردەیی و ڕاهێنانی پیشەیی
- هەماهەنگ کردنی بەرنامەکانی وانەیی ڕاهێنانی پەروەردەیی و ڕاهێنانی پیشەیی ناوەندی و باڵا بۆ پشتگریکردنی قوتابیانی ئاستی بەرزتر
- پەرەپێدانی بواری بەرنامە پیشەییە پێشکەشکراوەکان و دانانی پیشەی نوێ بە ڕاویژکردن لەگەڵ خاوەنکاران
- دیزاین و جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەیی بەرنامەکانی فێرکاری و ڕاهێنانی فەرمی.

دەبێ دانەرانی سیاسەت ئەم هەوڵانەی خوارەوە لەسەر ئاستی درێژخایەن جێبەجێ بکەن:

- پەرەپێدانی بەرنامەکانی فێرکاری لە کاتی سەرکەوتنی جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەییدا
- بەدیهێنانی پرۆسەیەک بۆ شیکردنەوەی خولەکانی پیشە و بەرنامەکانی ڕاهێنانی پەروەردەیی و ڕاهێنانی پیشەیی پیشنیارکراو
- دیزاین و بەدیهێنانی بەرنامەی ڕێنموونی و ڕاوێژکاری بۆ قوتابیان
- دانانی ئامراز بۆ ئامادەکردنی باشتری مامۆستا و ڕاوێژکارانی سیستەمی ڕاهێنانی پەروەردەیی و ڕاهێنانی پیشەیی.

جێبەجێکردنی ئەم ڕاسپاردانە دەتوانێت یارمەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بدات بۆ خێراترکردنی گەشەی ئابوری لەڕێگەی سیستەمی فێرکردن و ڕاهێنانی پیشەییەوە کە زیاتر گونجاو بێت لەگەڵ پێداویستیەکانی و هاوشێوە بێت لەگەڵ باشترین شێوازە نێودەوڵەتیەکان.

# ڕێز و پێزانین

ئێمە بە هۆی پشتگریکردن لەم لێکۆڵینەوەیە سوپاسی حکوومەتی هەرێمی کوردستان (KRG)دەکەین. بەتایبەت سوپاسی ئامۆژگاری و پاڵپشتی پێشکەشکراوی دکتۆر علی سندی وەزیری پلاندانان و کاک سەفین دزەیی، وەزیری پەروەردە لە کاتی جێبەجێکردنی بەشی هەوەڵی پرۆژەکەدا و هەروەها دکتۆر عصمت محمد خالد، وەزیری پەروەردە لە کاتی جێبەجێکردنی بەشی دووهەمی پرۆژەی خۆیاندا دەکەین. گەرچی ئێمە زانیاری، پشتگیری و بیر و ڕای زۆرمان لە کاربەدەستە جۆراوجۆرەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرتووە، بەڵام بەتایبەتی قەرزداری بەڕێز زاگرۆس فەتاح سیوەیلی، بەڕێوەبەری گشتی بەدجوی وەبەرهێنان و بەڕێوەبەری گشتی پێشووی هاوکاری و هەماهەنگی پەرەپێدان، وەزارەتی پلاندانان؛ کاک یوسف عثمان یوسف لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەزارەتی پەروەردە؛ کاک ئەحمەد سمایل ڕەحمان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەزارەتی پەروەردە؛ کاک یوسف عبدالله م. لە بەڕێوەبەرایەتی وەزارەتی پەروەردە؛ خاتوو داستان عەلی، هەماهەنگیکاری باڵا وەزارەتی پەروەردە؛ کاک حاجی رسول علی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، دکتۆر خواطر عزیز گلالی سەرۆکی دەستەی فێرکردنی تەکنیکی هەولێر و دکتۆر ناسیح عوسمان، جێگری سەرۆکی دەستەی فێرکردنی تەکنیکی، سلێمانی، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی..

هەروەها حەز دەکەین سوپاسگوزاری فەرمانبەرانی وەزارەتی پلاندانان بکەین؛ لەوانە وریا محمود، کاک هۆشیاری بەڕێز، کاک عمر ئابیت و کاک محمد ئا احمد کە کاری ئێمەیان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا ئاسان کردەوە.

زۆرێک لە بەڕێوەبەر، مامۆستا بەرپرسی ڕاهێنانی پیشەیی هەرێمی کوردستانی عێراق کە ئەزموون و پەرۆشی خۆیان لە لای ئێمە باس کرد شیاوی پێزانینی تایبەتین.

سوپاسگوزاری دامەزراوەی RAND یشین سوپاسی جیل لۆتۆ و هوارد شاتز نیز دەکەین بە هۆی هاریکاری لە ئامادەکردنی ڕاپرسی لە خاوەنکاران و شیکردنەوە و لێکدانەوەی داتاکان و هەروەها بەس کاتز کە لە خوێندنەوەکانی بابەتی سیستەمەکانی ڕاهێنانی پەروەردەیی و راهێنانی پیشەیی وڵاتەکاندا بەشداری کرد. ئێمە هەروەها خۆمان بە قەرزداری دکتۆر هیثم نعمان لە کۆمپانیای الشرق و فەرمانبەرانی ئەوان دەزانین کە ڕاپرسی خاوەنکارەکانیان جێبەجی کرد.

لە کۆتاییدا لە دکتۆر مارلاین لاکهید و ڕابیرت بۆزیک بە بۆنەی ڕەخنەکانیان سوپاسگوزارین. ئەوان ئامۆژگاری زۆریان پێشکەش کرد و ئەم ڕاپۆرتەیان بە شێوەیەکی بەرچاو باشتر کرد. هەروەها دەبێ سوپاسی خاتوو دونا وایت بکەین کە وەشانی ئۆرجیناڵی ئەم راپۆرتەی نووسی.

## ناوە کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| BIBB | دامەزراوەی فیدراڵی ڕاهێنانی پەروەردەیی و ڕاهێنانی پیشەیی |
| BTP | بڕوانامەی پرۆفیشناڵی تەکنیک¬کار |
| DG | بەڕێوەبەری گشتی |
| E-TVET | پیشە و ڕاهێنانی پەروەردەیی و ڕاهێنانی پیشەیی |
| ILO | ڕێکخراوەی نێونەتەوەیی کار |
| IQD | دیناری عێراق |
| ISCED | ستانداردی نێودەوڵەتی بۆ پۆلێنکردنی پەروەردە |
| IT | تەکنۆلۆجیای زانیاری |
| IVET | ڕاهێنانی پەروەدەیی و ڕاهێنانی پیشەیی سەرەتایی |
| KRG | حکوومەتی هەرێمی کوردستان |
| KRI | هەرێمی کوردستان – عێراق |
| KRLFS | شیکردنەوەی هێزی کاری هەرێمی کوردستان |
| KRSO | دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان |
| MOE | وەزارەتی پەروەردە |
| MOHESR | وەزارەتی خوێندنی باڵا و تۆژینەوەی زانستی |
| MOLSA | وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی |
| NGO | ڕێکخراوە ناحکومیەکان |
| OECD | ڕێکخراوەی هاریکاری و پەرەپێدانی ئابووری |
| PE | پەروەردەکردنی لەش |
| TVET | ڕاهێنانی پەروەردەیی و ڕاهێنانی پیشەیی |
| VET | ڕاهێنانی پەروەدەیی و ڕاهێنانی پیشە |
| یونسکۆ | ڕێکخراوەی ڕاهێنان، زانستی و کلتووری نەتەوە یەکگرتووەکان |

# پێشەکی

هێزی کاری شارەزا و چاک ڕاهاتوو بۆ پەرەپێدانی ئابووریی هەر وڵاتێک زۆر گرینگە. ئابووری هەرێمی کوردستانی عێراق (KRI) بە خێرایی گەشە دەستێنێت و لەئاکامدا پیشەگەلێک دروست دەکات کە پێداویستی بە ڕاهێنان و کارامەیی تەکنیکی هەیە. پێشکەشکردنی ڕاهێنانی کارامەیی پێویست بە هێزی کاری هەرێمی کوردستانی عێراق یەکێکە لە ئەولەویەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان (KRG).

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، حکوومەتی هەرێمی کوردستان چاکسازی گەورە لە پەروەردەی بنەڕەتی و ئامادەییدا دەست پێکردووە بۆئەوەی کوالیتی زیاتر بکات و هەروەها هەلی ڕاهێنانی تەکنیکی باڵا و زانکۆشی پەرە پێداوە (ڤەرنەز، کالبەرستۆن و کۆنستانت،2012). بەڵام پەرەپێدانی ڕاهێنانی پیشەیی لەم پرۆسەیە دوا کەوتووە و زۆریەک لەو قوتابیانەی کە ناتوانن یان نایانهەوێ پاش قوتابخانەی ناوەندی درێژە بە خوێندن بدەن ڕاهێنانی پێویستیان بۆ یارمەتی بازاڕی کار و ئابووری لە دۆخی گۆڕانکاری هەرێمی کوردستانی عێراقدا نییە. لە ساڵەکانی دواییدا ناونووسین لە ڕاهێنانی پیشەیی ناوەندیی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا کەم بۆتەوە و دەرچووان زۆرجار لە دۆزینەوەی کاردا تووشی گرفت دەبن لەبەرئەوەی بەرنامەکانی ئەوان، کارامەیی پێویستی خاوەنکارەکان دابین ناکات. ئێستا بێکاری لەناو گەنجاندا ( لە نێوان 15 تاکوو 24 ساڵ) 18 لەسەدە. لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنکارەکان داواکاری ئەوەن کە دەرچووانی دامەزراوەکانی خۆجێیی ڕاهێنان و پەروەردەی گشتی و ڕاهێنانی پیشەیی کارامەیی پێویستی ئەوان لەوانە، ژمێریاری، نووسین، تەکنۆلۆجیای زانیاری (IT) و کارامەیی تەکنیکی کردارییانەیان نییە. هەربۆیە دەوترێت کۆمپانیاکان لەبەر ئەوە کە نەیانتوانیوە دەرچووانی خۆجێیی خاوەن کارامەیی گونجاو بدۆزنەوە، کرێکاری بیانی دادەمەزرێنن. لەگەڵ ئەوەشدا کەمبوونی کارامەیی هێشتا پێوانە نەکراوە.


حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەکوو بەشێک لە هەوڵی بەرفراونی خۆی بۆ گۆڕانکاری و گەشەکردنی سیستەمی پەروەردەی ئەم ناوچەیە، داوای لە دامەزراوەی RAND کرووە تاکوو هەڵسێت سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی سیستەمی فێرکردن و ڕاهێنانی پیشەیی و تەکنیکی (TVET) ئەو. ئەم ڕاپۆرتە داواکاری ناوبراوی وەدیهێناوە و هەڵسان بۆ زۆرترکردنی کوالیتی و دەستگەیشتن بە فێرکردن و ڕاهێنانی پیشەیی و تەکنیکی ڕاسپاردووە.[1] ئێمە کاری خۆمان بە پێشکەشکردنی پێشینەی هەرێمی کوردستانی عێراق، پێداچوونەوەیەکی کورت لەسەر ڕاهێنان و پەروەردە و سیستەمی ڕاهێنانی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی و شرۆڤەی شێوازی خوێندنەوەکان دەست پێدەکەین.

## پێشینە

هەرێمی کوردستانی عێراق ناوچەیەکی نیمچە سەربەخۆیە لە باکووری عێراق و لەگەڵ ئێران لە ڕۆژهەڵات، تورکیە لە باکوور و سوریە لە ڕۆژئاوا هاوسنوورە. ئەم ناوچەیە لە ڕووی ڕووبەر و پانتاییەوە لەگەڵ هۆڵەندا و سویسرا هاوتایە. هەرێمی کوردستانی عێراق بە سێ پارێزگای دهۆک، هەولێر و سلێمانی دابەش کراوە کە ناوی ئەوان لە ناوی شارە ناوەندییەکانی ئەوان وەرگیراوە (شێوەی 1.1). هەریەک لەم پارێزگایانە دابەشبوون

[1] ئێمە لە ڕاپۆرتی پێشووی خۆماندا هەڵسەنگاندنێک لە بارودۆخی ڕاهێنان و پەروەردەی سەرەتایی و ناوەندی هەرێمی کوردستانی عێراقمان پێشکەش کرد و بۆ باشتر کردنی کوالیتی ئەو ئامۆژگاریمان پێشکەش کرد (ڤەرنەز، کالبەرستۆن و کۆنستانت، 2012).

**شێوەی 1.1**
**سنوورەکانی جوگرافیایی ئێستای حکوومەتی هەرێمی کوردستان**




RAND MG1140-1.1

بەسەر چەند قەزایەک و هەر قەزایەک دابەشبووە بەسەر چەند ناحیەیەکدا. هەموو قەزا و ناحیەیەک ناوەندی خۆیان هەیە.

## ئابووری، دانیشتووان و هێزی کار

ئابووری هەرێمی کوردستانی عێراق بە شێوەی سەرەکی پێکهاتووە لە دامەزراندنی حکوومی، دروستکردن و ئاوەدانکردنەوە، کۆفرۆشی و وردەفرۆشی و کشتوکاڵ. هەروەها بارودۆخی نەوت لە دۆخی گەشەکردن دایە. ئاسایش و جێگری ڕێژەیی ناوچە ڕێگەی بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان داوە تاکوو هەستێت سەبارەت بە باشترکردنی نیشتەجێبوون، گواستنەوە و ژێرخانەکانی کارەبا و پەرەپێدانی خزمەتگوزاری لە ساڵەکانی دواییدا[2] حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئێستاکە 17 لەسەدی داهاتی حکوومەتی عێراق پاش لێدەرکردنەکانی پەیوەندیدار بە خزمەتگوزاری داکۆکی و خزمەتگوزارییەکانی تری وڵات وەردەگرێت.[3]

دانیشتووانی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ساڵی 2012 دا نزیکەی 5 ملیۆن کەس مەزەندە کرابوو.[4] دانیشتووانی ناوچە گەنجە و لەسەدا 50 ی دانیشتووان تەمەنیان کەمترە لە 20 ساڵ. ڕێژەی نەخوێندەواری تا ڕادەیەک لەسەرەوەیە: 11 لەسەد لە پیاوان 27 لەسەد لە ژنانی 20 تاکوو 29 ساڵان نەخوێندەوارن، لە کاتێکدا 28 لەسەدی دانیشتووان پیاو و 43 لەسەد لە دانیشتووانی ژنانی 30 ساڵان بۆ سەرەوە نەخوێندەوار دێنە ئەژمار.[5]

لەناو دانیشتووانی 15 ساڵان بۆ سەرەوە، بەشداریکردنی دانیشتووانی گەورەساڵ لە هێزی کاردا کەمە و نزیکەی 38 لەسەدە. نزیکەی دوو لەسەر سێی پیاوان بە دەستەی هێزی کار دێنە ئەژمار لە کاتێکدا ئەم ڕێژەیە

[2] لە ساڵی 1991 ەوە تاکوو ئێستاکە نزیکەی دوو لەسەر سێ لە 4500 گوندەکان کە لە لایەن ڕژێمی سەدام حوسێنەوە لەناوچوون، نۆژەن کراونەتەوە.

[3] ئەم لەسەدە لەوانەیە هاوکێشی بەشی دانیشتووانی هەرێمی کوردستانی عێراق لە گشت دانیشتووانی عێراق بێت. لەگەڵ ئەوەشدا دانیشتووانی هەرێمی کوردستانی عێراق سەبارەت بە ناوچەکان نادیارە لەبەرئەوەی چەند دەیەیە کە لەم وڵاتەدا سەرژمێری نەتەوەیی جێبەجێ نەکراوە.

[4] ئەم بەراوردانە بە پێی شیکردنەوەی هێزی کارهەرێمی کوردستان (KRLFS) لە ساڵی 2012 باس کراوە. لە خولەکانی دواییدا سەرژمێری نەکراوە.

[5] نەخوێندەواری بە پێی نەتوانین لە خوێندنەوە و نووسیندا بە زمانی سەرەکی پێناسە کراوە.

بۆ ژنان تەنیا 12 لەسەدە. جیاوازی ڕەگەزایەتی لە ڕێژەی بێکاریشدا دەبیندرێت. ڕێژەی بێکاری پیاوان نزیکەی پێنج لەسەدە لە کاتێکدا ڕێژەی بێکاری ژنان چوار هێندەی پیاوانە و 20 لەسەدە. ڕێژەی بێکاری لەناو لاواندا زۆرتر لە دوو هێندەی ڕێژەی بێکاری 7 لەسەدی جەماەری گشتییە.

نزیکەی نیوەی دانیشتووان بۆ حکوومەت ئیش دەکات. سێزدە لەسەدی کەسانی خاوەن پیشە لە بەشی دروستکردن و ئاوەدانکردنەوەدا کار دەکەن؛ 11 لەسەدی تر لە بەشی کۆفرۆشی و وردەفرۆشی؛ شەش لەسەد لە بەشی کشتوکاڵ؛ شەش لەسەد لە بەشی گواستنەوە و پەیوەندییەکان و لەسەدێکیش لە بواری بەرهەمهێناندا خەریکی چالاکین (شیکردنەوەی هێزی کارهەرێمی کوردستان، 2012).

## پەروەردە

لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا سێ وەزارەت و چەندین دامەزراوەی کەرتی تایبەت خەریکی پشکەشکردنی پەروەردەن. وەزارەتی پەروەردە (MOE) بەرپرسی فێرکردنی بنەڕەتی و ئامادەیی، لەوانە فێرکردن و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی ئامادەیی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی (MOHESR) بەرپرسی ڕاهێنانی تەکنیکی و ئەکادیمیای باڵای دوو ساڵ و چوار ساڵە و هەروەها خوێندنی باڵای زیادی (تەواوکەری)یە. و وەزارەتی کار و باری کۆمەڵایەتی (MOLSA) یش بەرپرسی پەروەردەی گەورەساڵان پاش ئامادەیی لە قۆناغی سێهەم دایە.

### پەروەردە- سەرەتایی و ناوەندی

وەزارەتی پەروەردە لە ساڵی خوێندن 2008-2009 دا چاکسازی گرینگی لە سیستەمی ڕاهێنانی 12 ساڵاندا بەدی هێنا. لە پێشوودا ڕاهێنان تاکوو پۆلی 6 خوێندنی زۆرەملێ بوو، بەڵام ئێستاکە تاکوو پۆلی 9 بەزۆرییە. بەرنامەیەکی نوێ و وردتر لە هەموو پۆلەکاندا جێبەجێ کراوە. پێشتر سێ ئاست هەبوو: سەرەتایی (قۆناغی 1 تا 6) ناوەندی (قۆناغی 7 تا 9) و ئامادەیی (قۆناغی 10 تا 12)، ئێستا لە دوو ئاستدا ڕێکخراونەتەوە ئاستی بنەڕەتی (قۆناغی 1 تا 9) و ئاستی ئامادەیی (10 تا 12). لە ئاستی ئامادەییدا قوتابی دەتوانێت یەکێک لە دوو ڕێچکە هەڵبژێرێت: یان ئامادەیی پیشەیی یان ئامادەیی گشتی، کە زۆرینە ئامادەیی گشتی هەڵدەبژێرن.

ئێستا مامۆستایان سەبارەت بە خولی چاکسازی بەر لە ساڵی 2008، ناچارن ئاستی باڵاتری راهێنان تەواو بکەن و مامۆستا نوێیەکانیش دەبێ بێگومان بڕوانامەی بۆکالۆریۆسیان هەبێت. بەر لەمە، مامۆستاکان دەیانتوانی لە دامەزراوەکانی ڕاهێنان بڕوانامە وەربگرن کە بەرنامەیەکی پێنج ساڵەی پاش پۆلی 9 یان دەست پێکرد و ڕاهێنانیان تاکوو کاتێک هاوکێشی ساڵی دووهەمی ڕاهێنانی باڵا درێژە پێدەدا. وەزارەتی پەروەردە هەروەها بۆ کەمکردنەوەی ڕادەی ڕەتکردنەوەی قوتابییەکان لە پۆلی خوارتر سیاسەتێکی گرتۆتە بەر و دوو تاقیکردنەوەی نەتەوەیی نوێ بەڕێوە دەبات.

لە ساڵی 2011-2012 دا، ژمارەی 356 باخچەی ساوایان، 4598 قوتابخانەی بنەڕەتی، 816 قوتابخانەی ئامادەیی و 32 قوتابخانەی پیشەیی لە ئاستی ئامادەییدا هەبوو. ئەم قوتابخانانە سەرجەم نزیکەی 1.5 ملیۆن قوتابی هەبوو کە لە بەراورد لەگەڵ 1.1 ملیۆن کەس لە ساڵی 2004-2005 دا زیادبوون پێشان دەدات (شێوەی 1.2) و 98,000 مامۆستا خەریکی وانەوتنەوە بوون کە ئەم ڕێژەیە لە بەراورد لەگەڵ 60,000 مامۆستا لە ساڵی 2004-2005 دا زیادی کردووە. ئێستا تێکڕای ڕێژەی قوتابی بۆ مامۆستا نزیکە لە 15 قوتابی بۆ 1 مامۆستا. ژێرخانی قوتابخانەکان لە ئاستی ئەم گەشەیەدا نەبووە. قوتابخانەکانی هەموو ئاستەکان قەرەباڵغە و بارودۆخی نەگونجاویان هەیە و زۆرجار دوو دەوامن.[6] ئەم گەشەکردنە خێرایە لە سیستەمی قوتابخانەدا گوشارێکی زۆری هێناوەتە سەر ژمارەی بیناکانی قوتابخانە و مامۆستا راهێنراوەکان.

[6] بۆ بینینی نوێترین هەڵسەنگاندنی فێرکردنی بنەڕەتی و ئامادەیی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، سەردانی لێکۆڵینەوەی ڤەرنەز، کالبەرستۆن و کۆنستانت، 2012 بکەن.

### خوێندنی باڵا

خوێندنی باڵاش لە ساڵەکانی دواییدا بەخێرایی گەشەی کردووە (شێوەی 1.2). بەر لە ساڵی 2004 تەنیا یەک زانکۆی گشتی لە هەرکام لە ناوەندەکانی پارێزگادا هەبوو، لەو کاتەوە بەدواوە، حەوت زانکۆی گشتی دانراوە کە هەرکام لە ناوەندەکانی بەشی کۆیە، سۆران، گەرمیان، هەڵەبجە، زاخۆ و راپەڕین دایە و زانکۆیی تریش لە هەولێر دامەزراوە. لە ساڵی 2003 وە چەند زانکۆی ئەهلیش کراوەتەوە، لەوانە زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی و شەش دامەزراوە لە هەولێر. هەروەها وەزارەتی خوێندنی باڵا و لێکۆڵینەوەکانی زانستی بەڕێوەبەرایەتی 23 دامەزراوەی تەکنیکی دوو ساڵە و دوو کۆلێژی تەکنیکی تازەداندراوی چوارساڵەی لە ئەستۆیە.


لە ساڵی2012، 90,000 قوتابی لە زانکۆی نەتەوەیی و دامەزراوە و کۆلێژی تەکنیکی ئامادە بوون کە بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی 55,000 کەس لە ساڵی 2006 دا زیاد بووە. قوتابیانی زانکۆی حکوومی و ڕاهێنانی تەکنیکی بە پێی نومرە و خاڵی خۆیان لە تاقیکردنەوەی سەرتاسەری قۆناغی ناوەندی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە دامەزراوە و خولەکانی ئەکادیمی و تەکنیکدا قبووڵ دەکرێن. بە گوێرەی زنجیرەی پیشە و تایبەتمەندییەکانی زانستی، زۆرترین نمرە و خاڵەکان بۆ زانکۆکانی پزیشکی و پاشان بۆ کۆلێژی ئەندازیاری و هتد تەرخان دەکرێت. ئەو قوتابیانەی کە بۆ ڕاهێنانی تەکنیکی دیار دەکرێن، کەمترین نمرە و خاڵیان بەدەستهێناوە.

### ڕاهێنانی گەورەساڵان

ڕاهێنانی کارامەیی پەروەردەیی بۆ کەسانی 18 ساڵ بۆ سەرەوە کە خوێندنی زۆرەملێیان تەواو نەکردووە یان ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ ڕاهێنانی پیشەیی ببینن لە سێ ناوەندی ڕاهێنان کە لەژێر دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتی وەزارەتی کار و باری کۆمەڵایەتی دایە، جێبەجێ دەکرێت. ئەم ناوەندانە بە هۆی کەمی شوێن و سەرچاوە، لە هەر نۆرەیەکدا تەنیا ژمارەیەکی کەم لە گەورەساڵان ناونووسی دەکەن.

**شێوەی 2.1**

**ناونووسینی قوتابیان، بە پێی ئاستی ڕاهێنان، 2007-2012**




سەرچاوە: MOE and MOHESR.

RAND RR277-1.2

## شێوازەکانی خوێندن

ئێمە بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی سیستەمی ڕاهێنانی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی و پشتگریکردنی هەوڵەکانی پلاندارِێژی لە دۆخی جێبەجێبوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بە مەبەستی پاشترکردنی کوالیتی و کەوتنە بەردەستی ئەم سیستەمە، چەند کارمان جێبەجێ کردووە. ئێمە خەریکی شیکردنەوە و لێکدانەوەی داتا ناسەرەکییەکان سەبارەت بە بەرنامەکانی ڕاهێنانی پەروەردە وڕاهێنانی پیشەیی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، وتووێژ لەگەڵ سەرکردە و فەرمانبەرانی وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق کە بەرپرسی خوێندنەوەکانی ڕاهێنانی پەروەردە وڕاهێنانی پیشەیین، سەردانی قوتابخانەکان و دامەزراوەکانی ڕاهێنانی پەروەردە وڕاهێنانی پیشەیی، جێبەجێکردنی ڕاپرسی لە خاوەنکارەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق لە پەیوەندی لەگەڵ هێزی کاری پێویستی ئەوان، شیکردنەوەی پیشینەی سیستەمی ڕاهێنانی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی و خوێندنەوەکانی بابەتی سیستەمەکانی ڕاهێنانی پەروەردە وڕاهێنانی پیشەیی لە وڵاتەکانی تر بووین.

### شیکردنەوە و لێکدانەوەی داتا ناسەرەکییەکان

ئێمە داتاکانی پەیوەندیدار بە شیکردنەوەکانی وەزارەتی پەروەردە لە قوتابخانەکان بۆ ساڵەکانی 2007-2008 و 2010-2011 لەم وەزارەتە و داتاکانی پەیوەندیدار بە ساڵی 2012 لە شیکردنەوە هێزی کاری هەرێمی کوردستان وەدەست هێناوە و خستوومانەتە بەر شیکردنەوە و لێکدانەوە. شیکردنەوەی قوتابخانەکان لە لایەن وەزارەتی پەروەردە ساڵانە و بۆ هەموو باخچەی ساوایان، قوتابخانەی سەرەتایی و قوتابخانەکانی ناوەندی جیبەجێ دەکرێت. شیکردنەوەی ناوبراو زانیارییەکانی پەیوەندیدار بە ناونووسین، ڕەگەز و تەمەنی قوتابیان، خوێندەواری و ڕەگەزی مامۆستایان و کرداری قوتابیان بە پێی هەر پۆل و جۆری قوتابخانە کۆ دەکرێتەوە. ئێمە لەم زانیاریانە بۆ ڕوونکردنەوەی ڕەوتی ناونووسین کەڵکمان وەرگرتووە.

شیکردنەوە هێزی کاری هەرێمی کوردستان بۆ کۆنترۆڵی هەرەمەکی پێکهاتوو لە نموونەیەکی 7,000 خێزان لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستانی عێراقدا جێبەجێ کرا کە نوێنەری هەموو پارێزگا و بەشەکان بریتی لە لادێیی و شاری بوو. وڵامەکان پێوانە کران بۆئەوەی بتوانن باوردۆخی دانیشتووانی هەرێمی کوردستانی عێراق بە پێی ناوچە پێشان بدەن. ئەم شیکردنەوە خەریکی کۆکردنەوەی زانیاری لە بواری خوێندەواری خێزان، بارودۆخی پیشە، مووچە و قازانجەکان و تایبەتمەندییەکانی تر بوو.[7] ئێمە لەم زانیاریانە بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی دابەشبوونی فەرمانبەران بە پێی بەشی ئابووریی و جۆری پیشە و هەروەها شەبەنگی پیشەکان کەڵکمان وەرگرت کە بەرنامەکانی ڕاهێنانی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی دەتوانێت ئەو کارامەییانە پێشکەش بکات کە پێویستیان پێیانە.

ئێمە هەروەها داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی بەرپرسی ڕاهێنانی پەروەردە وڕاهێنانی پیشەیی هەر سێ وەزارەتەکەمان ئامادە کرد کە بریتی بوو لە زانیارییەکانی پەیوەندیدار بە پرۆگرامی خوێندن، بەرنامەی پیشەی پێشکەشکراو، ناونووسینی قوتابییەکان و پێداویستییەکانی قبووڵکردن و مەرجی شیاوبوونی ئەوان.

### چاوپێکەوتنی مەیدانی لەگەڵ کاربەدەستە پەیوەندیدارەکان

ئێمە چەندین سەفەر و گەشتمان بۆ کوردستان هەبووە و سەرجەم حەوت هەفتە لە کوردستان بووین. ئێمە لەم سەفەر و گەشتانە بۆ جێبەجێکردنی 27 وتووێژ لەگەڵ کارگێڕی گشتی، بەڕێوەبەر و فەرمانبەرانی هەر سێ وەزارەت و هەر سێ پارێزگای بەرپرسی پێشکەشکردنی چاوەدێری لەسەر بەرنامەکانی ڕاهێنانی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی سوودمان وەرگرت. ئێمە لەم وتووێژانە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە خاڵە لاواز و بەهێزەکانی بەرنامەی ڕاهێنانی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی و چوارچێوەی بڕواپێکراوی ئەوان، پێداویستییەکانی مامۆستایان و پەیوەندی ئەوان لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ کەرتی تایبەت کەڵکمان وەرگرتووە. ئێمە هەروەها 30 وتووێژ و کۆبوونەوەی بەکۆمەڵی سەرنجدان سەبارەت بە کۆمەڵگای نموونە پێکهاتوو لە خاوەنکارانی مام¬ناوەندی و گەورە لە بەشە جۆراوجۆرەکاندا و هەروەها فەرمانبەرانی ڕاهێنانی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی و بە مەبەستی ناساندنی نەبوونی کارامەیی و لێوەشاوی لەناو دەرچووانی ڕاهێنانی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەییدا بەڕێوە برد کە لەوانەیە لەسەر بەرنامەکانی خاوەنکاران بۆ گەشەکردن کاریگەری دابنێت. ئەم وتووێژانە بۆ تەواوکردنی زانیارییە کۆکراوەکان لە ڕاپرسی ئێمە لە خاوەنکاران و هەروەها بە مەبەستی پێشکەشکردنی زانیاری قووڵتر لە پەیوەندی لەگەڵ کارامەیی پێویستدا گەڵاڵە کرابوو. (سەردانی درێژەی بابەتەکە بکەن).

---

[7] بۆ وەدەستهێنانی زانیاری زیاتر سەبارەت بە شیکردنەوە هێزی کاری هەرێمی کوردستان، سەردانی لێکۆڵینەوەی خوارەوە بکە: ئابرامزۆن و هاوکارەکان (2013).

**سەردانی قوتابخانە و دامەزراوەکانی ڕاهێنانی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی، کۆبوونەوەکانی گرووپی سرنجدان و وتووێژەکان**

ئێمە سەردانی پێنج قوتابخانەی پیشەیی وەزارەتی و پەروەردە، سێ دامەزراوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و کۆلێژێکی تەکنیکی و ناوەندێکی ڕاهێنانی وەزارەتی کار و باری کۆمەڵایەتیمان کرد. لە ماوەی ئەم سەردانانەدا چووینە دامەزراوە پەیوەندیدارەکان و لەگەڵ هەرکام لەم دامەزراوە، فەرمانبەرانی ڕاهێنان و قوتابیان وتووێژمان کرد. لە چەند بابەتی سەرداندا، کۆبوونەوەکانی گرووپی سەرنجدانمان بە ئامادەبوونی مامۆستا و قوتابیان بەڕێوە برد. ئەم سەردانانە زانیاری سەبارەت بە تایبەتمەندیە مادیەکان و مەرجەکانی دامەزراوە و کەرەستەکانی کارگە و هەروەها خاڵە بەهێز و لاوازەکانی پرۆگرامی خوێندن، ڕادەی ئامادەبوونی مامۆستایان و پەیوەندی لەگەڵ بازاڕی کاری پێشکەش کرد. هەروەها زانیاری سەبارەت بە بینینی قوتابیان بە بەرنامەکانی خوێندنەوەکانی خۆیان و دووربینی پێشکەوتن لە تێڕوانین و پیشەی ئەوانمان وەدەست هێنا.

**ڕووپێوی دامەزراوەکانی کار**

ئێمە هەستاین بە ڕووپێو لە 360 خاوەنکاری کەرتی تایبەت بە شێوەی هەڕەمەکی کە لە ڕێبەرنامەی ڕێنمایی 2011-2012 کۆمپانیاکانی هەرێمی کوردستان هەڵبژاردرابوون و کۆمپانیاکانی بەشی کشتوکاڵی و ئەو کۆمپانیایانەی کە کەمتر لە پێنج فەرمانبەریان هەبوو، نەدەگرتەوە و ئەم زانیاریانە لەگەڵ زانیاری سەرژمێری کۆمپانیاکان کە لە لایەن نووسینگەی ئاماری هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2009 دا لە دامەزراوەکانی کار و بزنس پێشکەش کرابوو، تەواو کرد.[8] ئەم نموونانە بە پێی پارێزگا(هەولێر، سلێمانی ودهۆک)، بەش ( کانزاکاری و بەرهەمهێنان، ژێرخان و خزمەتگوزاری و پیشەکان) و قەبارە (بچووک، مام¬ناوەندی و گەورە) پۆلێن کرا. هەڵگرتنی نموونە لە کۆمپانیاکان درێژەی هەبوو تاکوو ئەو کاتەی کە گەیشتینە ماوەی مەبەستی خۆمان یانی 50 کۆمپانیا لە هەر پۆلێنێکدا. ڕێبەرنامەی ڕێنمایی هەرێمی کوردستان پێرستیک لە بزنسە فەرمییەکان پێشکەش دەکات کە لە لایەن ژووری بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی کوردستانەوە کۆکراوەتەوە. [9] بەڕێوەبەرانی کۆمپانیا یان نوێنەرانی ئەوان بە شێوەی ئامادەبوونی لە نزیکەوە وتووێژیان لەگەڵ کرا و پاش سێ جار هەوڵ و تێکۆشان بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ کۆمپانیا نموونەییەکان، ڕادەی وەڵامدانەوەی زۆر و هاوکێشی 90 لەسەدمان وەدەست هێنا. زانیارییەکانی نموونەیی ئامار بۆ گونجاندنی وردتر لەگەڵ کۆمەڵگای ئاماری کۆمپانیاکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا پێوانە کرا.

ئەم ڕاپرسییە خەریکی کۆکردنەوەی داتاکانی چەندایەتی لە پەیوەندی لەگەڵ فەرمانبەرانی ئیستاکە، دامەزراندنی نوێی چاوەڕوانکراو لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوودا، کارامەیی پێویست بە پێی جۆری پیشە، ئەزموون سەبارەت بە دەرچووانی خولەکانی ڕاهێنانی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی هەرێمی کوردستانی عێراق و ڕاهێنانی پێشکەشکراو لە لایەن کۆمپانیاکانەوە بۆ فەرمانبەران بوو. RAND خەریکی دیزاینی ڕاپرسی و ستراتیجی نموونەهەڵگری بوو لە دۆخێکدا کۆمپانیای الشرق کە کۆمپانیایەکی ڕاپرسییە لە عێراق، کۆکردنەوەی داتاکانی لە ئەستۆ گرت.

**پێداچوونەوەی بڵاوکراوەکان و لێکۆڵینەوەی حاڵەت**

ئێمە بەڵگەکانی پەیوەندیدارمان لە وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق و هەروەها لە، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و زانست و ڕۆشنبیری (یونسکۆ) و ڕێکخراوەکانی تر (وەکوو سندوقی ڕاهێنانی ئەورووپا، ڕێکخراوەی هاریکاری و پەرەپێدانی ئابووری [OECD]، بانکی جیهانی) سەبارەت بە کێشەکانی

[8] سەرەتا بەنیاز بووین لە سەرژمێری دامەزراوەکان کە لە لایەن نووسینگەی ئاماری هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2009 دا جێبەجی کرابوو وەکوو چوارچێوەیەکی سەرەکی نموونەی خۆمان کەڵک وەربگرین، بەڵام لە کاتی شیکردنەوەی مەیدانیدا بۆ دیاریکردنی شوێنی دامەزراوەکان بە کەڵکوەرگرتن لە زانیارییەکانی ناونیشانی پێشکەشکراو تووشی گرفت بووین. نوێکردنەوەی سەرژمێری دامەزراوەکان لە ساڵی 2009 دا زیاتر لە توانای ئێمە بوو و ناچار بووین لە ڕێبەرنامەی ڕێنمایی کۆمپانیاکانی ناوچەی کوردستان لە ساڵی 2011-2012 دا وەکوو چوارچێوەی سەرەکی هەڵگرتنی نموونە کەڵک وەربگرین. نزیکەی83 لەسەد لە کۆمپانیا نموونەییەکانی ئێمە لە سەرچاوەی دووهەم دەست کەوت و کۆمپانیاکانی تر بە پێی سەرژمێری دامەزراوەکانی ساڵی 2009 دیاری کرا.

[9] ئەو کۆمپانیایانەی کە چوار فەرمانبەر یان کەمتریان هەبوو لە نموونەی ئێمەدا دانەنران چونکوو زۆربەی ئەوان کۆمپانیای بنەماڵەیین و ئێمە پێشبینی ئەوەمان هەیە وەبەرهێنان و گەشەکردنی ناوخۆیی و بیانی لە داهاتوودا لە کۆمپانیا گەورەکاندا ڕوو بدات.

ڕاهێنانی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی لە هەرێمی کوردستانی عێراق یان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەرگرت و شیمان کردەوە. شیکردنەوە پیشینەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە سیستەمەکانی ڕاهێنانی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی کاریگەر بە سەرنجدانی تایبەت بە ڕەخنە و هەڵسەنگاندنەکانی جێبەجێکراو لە وڵاتەکاندا جێبەجێ کرا. ئێمە بەدوای شێوازەکانی چالاکی لە شەبەنگێکی بەرفراوان لە وڵاتەکانەوە بووین کە بە شێوەی سەرەکی (بەڵام نەک تەنیا) ئەندامەکانی ڕێکخراوەی هاریکاری ئابووری و پەرەپێدان بوون چونکوو لەم وڵاتانەدا بابەتی زۆر سەبارەت بە ڕاهێنانی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی هەیە. ئێمە هەروەها بابەتەکانی پەیوەندیدار بە پێداویستییەکانی خاوەنکاران بە کارامەییمان شیکردەوە و تیشکمان خستە سەر ئەو خوێندنەوانە کە داتاکانیان بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە خاوەنکارەکان کۆ کردبۆوە. بۆ وەدەستهێنانی زانیاری زیاتر سەبارەت بە شەبەنگی بەربڵاوی خوێندنەوەکانی ئەو بەڵگانەی شیکراونەتەوە، سەردانی پێڕستی سەرچاوە لە کۆتایی ئەم ڕاپۆرتەدا بکەن.

ئێمە شیکردنەوەی ورد و بەراوردی سیستەمی ڕاهێنانی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی لە شەش وڵات — ئەڵمانیا، فینلاند، ئوردن، کۆریا، تونس و تورکیامان ئەنجامدا بۆئەوەی زانیاری زیاتر سەبارەت بە شێوە و جیاوازییەکانی سیاسەتی ڕاهێنانی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی و شێوازەکانی چالاکی ئەو وەدەست بێنین. ئێمە ئەم وڵاتانەمان لەبەر ئەم هۆیە هەڵبژاردووە کە جۆرەکانی مۆدێلی ڕاهێنانی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی کاریگەر لە وڵاتە پێشکەوتووەکان و لە دۆخی پەرەپێداندا پێشان دەدەن. ئێمە سەبارەت بە هەر وڵاتێک، بەشەکانی سیستەمی ڕاهێنانی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی، ئاراستە، مەرجی پێویست بۆ وەرگرتنی قوتابی، ڕاوێژکاری و ڕێنموونی پرۆگرامی خوێندن، بەرنامەی پیشەیی، بەڕێوەبەرایەتی، کاروباری ماڵی، دەستەبەرکردنی کوالیتی، پێداویستییەکانی مەرجی شیاوبوونی مامۆستا و تواناییەکان و سوودوەرگرتن لە پێشبینییەکانی پیشە و کارامەییمان شیکردەوە. بۆ هەر وڵاتێک ڕاپۆرتی جیا ئامادە کرا.

## پوختەی راپۆرت

ئێمە لە بەشی دووهەمدا شرۆڤەی چەندایەتی و چۆنیەتی بەرنامەکانی ڕاهێنانی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی لە هەرێمی کوردستانی عێراق و بەرنامەکانی لە دۆخی جێبەجێبووندا بۆ باشترکردنی ئەو پێشکەش دەکەین. بەشی سێهەم باس لە بابەتی شەبەنگی بەربڵاوی کارامەیی تەکنیکی و کارامەییەکانی تر دەکات کە بە پێی وتەی خاوەنکارەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق ئەوان پێویستن و کەمبوونی کارامەیی دەرچووانی نوێی خولەکانی ڕاهێنانی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی و ڕاهێنان دەناسێنێت. بەشی چوارەم پێداچوونەوەی گشتی لەسەر ئەم کێشەیە هەیە کە بۆچی وڵاتەکان لە ڕاهێنانی پیشەییدا سەرمایەگوزاری دەکەن و چۆن بەرنامەکانی ڕاهێنانی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی لەناو سیستەمی ڕاهێنانی بەرفراوانتردا کۆنترۆڵ دەکرێت. ئێمە هەروەها شێوە و جیاوازییەکانی سیاسەتی ڕاهێنانی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی و شێوازی چالاکی لە وڵاتانی تردا بەتایبەت لە بواری ڕاهێنانی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەییدا لە ئاستی ناوەندیدا شی شیدەکەینەوە. لە کۆتاییدا لە بەشی پێنجەمدا، ئامۆژگاری و هەروەها نەخشەی ڕێگەی پەرەپێدان و باشترکردنی کاریگەری ڕاهێنانی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا پێشکەش دەکەین.

## سیستەمی ئێستای فێرکردن و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی لە هەرێمی کوردستانی عێراق

لەم بەشەدا، سەرەتا پێداچوونەوەیەکی گشتی سیستەمی فێرکردن و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی لە هەرێمی کوردستانی عێراق پێشکەش دەکرێت. دواى ئەو سەبارەت بە بە تایبەتمەندییەکانی پێکهاتەکانی فێرکاری ناوەندی، باڵا و گەورەکان، پێکهاتوو لە ڕیزکردنەکانی دامەزراوەی پاڵپشتی، بەرنامەی فێرکاری، پیشەی پێشکەشکراو و مەرجەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی مامۆستایی گفتوگۆ دەکەین. لە کۆتاییدا لێکۆڵینەوە دەکەین لەسەر ئەم پلانانەی لە دۆخی جێبەجێکردندان و بەرنامەیان بۆ داڕێژراوە بۆ گەشەکردن و باشترکردنی ئەم سیستەمە و دواتر دۆزراوەکانی خۆمان و دەرئەنجامەکانی کورت دەکەینەوە.

### تێڕوانینی گشتی

سێ وەزارەت ڕاهێنانی پەروەردەیی و ڕاهێنانی پیشەیی پێشکەش دەکات و کۆمەڵە گرووپێکی جیاواز لە قوتابی کردۆتە ئامانجی خۆی:


- **وەزارەتی پەروەردە** (MOE) بۆ قوتابیانی ئاستی ئامادەیی (پۆلەکانی 10 تا 12) ڕاهێنانی پیشەیی (ISCED 3) پێشکەش دەکات.[1] 32 قوتابخانەی ئاستی ئامادەیی پیشەیی لە ساڵی 2011-2012 ژمارەی8,600 قوتابیان ناونووسی کردووە کە ئەم ژمارەیە بەرابەری 3 لە سەدی گشت قوتابیانی قوتابخانەکانی ناوەندییە.
- **وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی** (MOHESR) ڕاهێنانی تەکنیکی لە 23 پەیمانگای تەکنیکی دوو ساڵە و کۆلێژی تەکنیکی چوار ساڵە پێشکەش دەکات بە دەرچووانی قوتابخانەکانی ئامادەیی. (ISCED 5). ئەم پەیمانگایانە نزیک بە 30,000 خوێندکاریان لە ساڵی 2012 دا ناونووسی کردووە کە بەرابەر بە 33 لە سەدی خوێندکارانی دوای پۆلی ئامادەییە.
- **وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی** (MOLSA) ڕاهێنانی پسپۆری پیشەیی لە سێ ناوەندی فێرکاری پێشکەشی کەسانی سەرووی 18 ساڵ دەکات کە خوێندنی زۆرەملێ تەواو نەکردووە و یان ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ خوێندنی پیشەییان پێشکەش بکرێت. (ISCED 4). کەمتر لە 1 لە سەدی گەورەساڵان ساڵانە لەو خولانەدا بەشداری دەکەن.

وێنەی 1.2 تەوژمی قوتابی لە بەشە جۆراوجۆرەکانی سیستەمی ڕاهێنانی پەروەردەیی و ڕاهێنانی پیشەیی و سیستەمی گشتی پەروەردەدا پیشان دەدات، ئەم وێنەیە بەپێی زانیارییەکانی نەوەیەک لە قوتابیەکان دابینکراوە کە پەروەردەی سەرەتاییان لە ساڵی 2007 دا تەواو کردووە و پێشبینی دەکرێ لە ساڵی 2014 دا خولی چوارساڵەی زانکۆ تەواو بکەن.[2] وێنەی خوارەوە پیشان دەدات کە 84,839 خوێندکار، پەروەردەی بەزۆری (یانی فێرکاری تاکوو پۆلی 9) خۆیان لە ساڵی 2007 دا تەواو کردووە. زۆرتر لە

[1] پۆلێنی ستانداردی نێودەوڵەتی پەروەردە (ISCED) پۆلێنێکە بۆ ڕێکخستنی زانیارییەکان لە بواری پەروەردە کە یونیسکۆ دابینی کردووە. لەو بۆ کۆکردنەوە، دابینکردن و پێشکەشکردنی ئامار هەم لە ناوخۆی وڵات و هەم لە ئاستی نێودەوڵەتی کەڵک وەردەگیرێت. (UNESCO, 2006). ئێمە لە درێژایی ئەم ڕاپۆرتەدا، لەم پۆلینی ئاستی فێرکارییە بۆ ئەم دەستە لە خوێنەران کە ئاشناییەتیان لەگەڵی هەیە و هەروەها لە دەستەواژەی باوی هەرێمی کوردستانی عێراق کەڵک وەردەگرین.

[2] ئێمە ژمارەیەک لە قوتابیانمان لە هەر قۆناغ بە ڕەچاوگرتنی بنەمای دەرچوون لە خوێندنی سەرەتایی لە ساڵی 2007 (یانی ئەو قوتابیانەی کە لەم ساڵەدا پۆلی نۆهەمییان تەواو کردووە)لە درێژەی ساڵەکانی دوای ئەو تا ساڵی 2011 دیاری کرد. ژمارەی ئەم قوتابیانەی کە لە هەر ئاستێکدا درێژە بە خوێندنیان دەدەن لەوانەیە بە پێی نەوە جیاوازەکان، جیاواز بێت.

**وێنەی 2.1**
**پێشکەوتنی قوتابیان لە سیستەمی ڕاهێنانی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەییدا: ئەو بەرەیە کە لە ساڵی 2007 دا خوێندنی سەرەتاییان تەواو کردووە.**




a ئەمانە ئەو کەسانەن کە خوێندنگەیان بە جێ هێشتووە و دواتر گەڕاونەتەوە بۆ ئەوەی خوێندنی دواناوەندیی خۆیان تەواو بکەن.

سەرچاوە: MOE, MOHESR, and MOLSA.

RAND RR277- 2.1

نیوەی ئەم ژمارەیە (58 لەسەد) بۆ قوتابخانەکانی ئامادەیی ناوەندی و لە سەدا 3 بۆ پەیمانگاکانی ڕاهێنانی پیشەیی و هونەر و وەرزش (PE)چوون و ئەوانی تر (لە سەدا 39) سیستەمی پەروەردەیان بەجێ هێشتووە. لە نێوان ئەم قوتابیانەی کە سیستەمی پەروەردەیان دوای کۆتایی پێهێنانی ڕاهێنانی سەرەتایی بەجێ هێشتووە، زۆر یەک لەوان دیسان گەڕاونەتەوە و خوێندنی ئامادەیان تەواو کردووە.

هەموو ئەو قوتابیانەی کە چوونەتە ڕاهێنانی پیشەیی ئامادەیی، دوای تەواو کردنی ئەم بەرنامەیە سیستەمی پەروەردەیان جێ هێشتووە (زۆرینە دەچنە ناو هێزی کارەوە).[3] لە نێوان ئەم خوێندکارانەی کە لە ساڵی 2010 دا لە خولی ئامادەیی دەرچوون، زۆرتر لە نیوەیان(لەسەدا 52) درێژەیان بە خوێندن نەداوە، لە دۆخێکدا لەسەدا 23 لەوان لە پەیمانگایەکی تەکنیکی یان کۆلێژ ناونووسیان کردووە و لە سەدا 25 ئەوانی تریش ڕوویان کردۆتە ڕاهێنانی ئەکادیمی یان پیشەیی لە زانکۆ. لە ساڵی 2010 تەنیا نزیک بە 1,000 گەورەساڵ ڕاهێنانی خۆیان لە ناوەندێکی فێرکاری تەواو کردووە.

بە گشتی، ئەم داتایانە ئەمانەی خوارەوەمان پێشان دەدەن:

- بەشی ئەم قوتابیانەی کە ڕاهێنانی پیشەیان هەڵبژاردووە(لە سەدا 4) )[4]کەمتر بوو، لە دۆخێکدا بەشی قوتابیانی دوای ئامادەیی کە بەرەو ڕاهێنانی تەکنیکی باڵا چوون بە ژمارە، زۆر بووە.(لە سەدا 48). ئاستی سەرتر لە ڕاهێنانی تەکنیکی باڵا لە ئاست ڕاهێنانی پیشەیی ئامادەیی لە وڵاتانی تردا باو نییە. لە وڵاتانی تری پێشکەوتوو و بەرەو پێشکەوتن، بەشی قوتابیانی ئامادەیی بەشداربوو لە ڕاهێنانی پیشەیی نێوان 30 تا 70 لەسەدە، لە دۆخێکدا ئەم ڕێژەیە لە ڕاهێنانی تەکنیکی باڵادا نێوان 20 تا 40 لەسەدە. (سەردانی بەشی چوار بکەن).

[3] تەنیا دووکەس لە باشترینی هەر ژووری وانەیەک لەوانەیە درێژە بە ڕاهێنانی تەکنیکی خۆیان بدەن، بە مەرجێک کە نمرە و خاڵی پێویست لە تاقیکاری سەرەتایی نەتەوەییدا بەدەست بێنن. ژمارەیەکی کەم لەوان لەم بوارەدا سەرکەوتوو دەبن.

[4] ئەم ڕێژەی سەدی تایبەت بە نەوەیەکە کە لە ساڵی ٢٠٠٧ دا چوونەتە ناو خوێندنی ئامادەیی و هەردوو دەستە قوتابیان دەگرێتەوە کە چوونەتە ناو قوتابخانەکانی پیشەیی و پەیمانگاکانی هونەری/وەرزشی.

- بەشێکی بەرچاو لە دەرچووانی خوێندنی سەرەتایی(لەسەدا 39) و دەرچووانی خوێندنی سەرەتایی ناوەندی(لەسەدا 52) خوێندنی خۆیان تا ئاستی دواتر درێژە پێنەداوە، بەڵکوو سیستەمی پەروەردەیان بەجێ هێشتووە و لەوانەیە بە هێزی مرۆییەوە زیاد بووبێن. بە گشتی، لەوانەیە ساڵانە نزیک 70,000 قوتابی بچنە ناو بازاڕی کار بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە ئامادەییەکی تایبەت بۆ ئیشکردنیان هەبێت.[5]
- هیچ ڕێگەیێک بۆ دەرچووانی قوتابخانەکانی پیشەیی ئامادەیی بۆ درێژەپێدان لە بواری ڕاهێنانی باڵا چ لە تەکنیکی یان ئەکادیمیدا نییە.

**ڕەوتی ناونووسین**

لە درێژەی پێنج ساڵی ڕابردوودا، ڕەوتی ناونووسینی تایبەت بە ڕاهێنانی پیشەیی ئامادەیی و خوێندنی تەکنیکی باڵا جیاواز بووە. لە ساڵی 2006-2007 تاساڵی 2007-2008 ڕێژەی ناونووسی قوتابی لە خولی ڕاهێنانی پیشەیی بۆ نیوە کەم بۆتەوە، و ئەگەرچی ئەم ڕێژەیە لە ساڵاکانی دواتردا کەمێک زیادی کردووە، بەڵام هێشتا نەگەیشتۆتەوە ئاستی پێشووی. لە بەرامبەردا، ناونووسی لە پەیمانگاکانی تەکنیکی لە نێوان ساڵەکانی 2006-2007 تا 2010-2011 زۆرتر لە چوار هێندە بووە (وێنەی 2.2).[6] بۆ داپۆشینی ئەم گەشەکردنە، پێنج پەیمانگای تەکنیکی نوێ لە ساڵی 2006 وە کراوەتەوە.

بە هۆی گەشەی خێرای ڕاهێنانی تەکنیکی باڵا، توانایی پەیمانگاکانی تەکنیکی بەرەو سنووردداربوون دەچێت. هەندێک لە پەیمانگاکان دەستیان بە چالاکی لە دوو شەفت دا کردووە، یەک شەفت 8ی بەیانی تاکوو 2ی نیوەڕۆ و شەفت(دان)ی دووهەم لە 2ی نیوەڕۆ تاکوو 8 دوانیوەڕۆ. کلاسەکانی بەیانی بۆ دەرچووانی نوێی قوتابخانەکانی ئامادەییە، لە دۆخێکدا پۆلەکانی دوانیوەڕۆ بۆ ئەم دەستە لە دەرچوانی قوتابخانەی ئامادەییە کە نمرەیەکی باشیان نەهێناوە لە تاقیکردنەوە گشتیەکانی ئامادەیی بۆ چوونە ناو زانکۆی تەکنیکی یان کەسانێک کە لە پێشوودا ئەزموونی کاریان هەیە.

کەسانی وتووێژ لەگەڵکراو ڕوونیان کردۆتەوە کە ئەم جیاوازییە لە ڕەوتی ناونووسین لە نێوان ڕاهێنانی پیشەیی و ڕاهێنانی تەکنیکی باڵادا لەوانەیە بە هۆی ناحەزی کولتوری تووند بێت لە دژی فێرکردنی ئامادەیی پیشەیی. جگە لەمە، قوتابخانەکانی پیشەیی کۆنترن، بەرنامەکانی وانەییان کۆنترە و لە ئاست پەیمانگا تەکنیکییەکان ئامێر وکەرەستەی کەمتریان هەیە. هەروەها وادێتە بەرچاو لە ساڵانی دواییدا ئەفزەلییەتیکی زۆرتریان داوەتە بە پەیمانگا و زانکۆکان بۆ بردنەسەری ئاستی فیزیایی و ئامێر و کەرەستەکان. هەربۆیە، لەوانەیە ئەوەندە جێگەی سەرسووڕمان نەبێ کە ڕاهێنانی پیشەیی ئامادەیی هەڵبژاردەیەکە کە بۆ خوێنکاران و بنەماڵەکەیان سرنجراکێشێکی کەمتری هەیە.

ناوەندەکانی ڕاهێنانی گەورەساڵانیش توانای سنوورداریان هەیە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ ژمارەیەکی زۆر لە گەورەکان کە خوێندنی سەرەتاییان لە ڕابردوودا درێژە پێنەداوە و یان لە خوێندنی ئامادەییدا دەرنەچوون، یان کەسانی تەمەن زۆر کە دەیانەوێ شارەزایی و پسپۆڕی خۆیان بەڕۆژ بکەنەوە و یان پسپۆڕییەکی نوێ بەدەست بێنن و لەوانەیە فرۆشگایەک بۆخۆیان بکەنەوە.[7] لە ساڵی 2010-2011 دا، ئەم ناوەندە تەنیا وەرگری کەمتر لە 1,000 کەس لە گەورەکان بووە. لەوانەیە لە داهاتوودا داواکاری بۆ خولەکانی ناوەندەکانی تەکنیکی زیاد بکات لەبەر ئەوەیکە لەم دواییدا "قەرز بۆ بەرنامەی پرۆژەکانی بچووک" بەدیهاتووە کە تا 20 ملیۆن دیناری عێراقی (IQD) ماوەی شەش ساڵە دەدرێت بە کەسانێک کە وەشوێن کار و بارێکی بچووکەوەن.


---

[5] بەشی ئەو قوتابیانەی کە دوای تەواوکردنی ڕاهێنانی سەرەتایی بەرەو خوێندنی ئامادەیی(ناوەندی) چوون زیادی کردووە، چوونکە لە ساڵی 2008 دا خوێندن تاکوو پۆلی 9 زۆرەملێ بووە و تێپەڕاندنی تاقیکاری پۆلی 9 وەکوو یەکێک لە مەرجەکانی درێژەپێدان بە خوێندنی ئامادەیی هەڵگیراوە. لە دۆخێکدا کە 51,332 قوتابی لە ساڵی 2007 دا چوونەتە ناو ڕاهێنانی سەرەتایی، ئەم ژمارەیە لە ساڵی 2009 دا گەیشتۆتە 82,309 کە پێشان دەدات لە سەدا 60 زیادی کردووە.

[6] ڕەوتی ناونووسینی تایبەت بە ناوەندەکانی ڕاهێنانی نا-باڵا لەبەردەستدا نییە.

[7] لەوانەیە لە ناوەندەکانی ڕاهێناندا تواناییەکانی بەکارنەهاتوو هەبێت: لە ساڵی 2010-2011 دا ناوەندی هەولێر 42 خولی پێشکەش دەکرد، لە دۆخێکدا لە ناوەندی سلێمانی تەنیا پێنج خول و ناوەندی دهۆک 12 خولی پێشکەش دەکرد. ناوەندی هەولێر ماوەی خولەکانی خۆی کەم کردۆتەوە تاکوو ڕادەی کەڕەتەکانی پێشکەشکردنەکانی زۆرتر بێت و بتوانێ وەڵامدەرەوەی داواکارییەکان بێت.

**وێنەی 2.2**
**ڕەوتی ناونووسینی قوتابیان لە ڕاهێنانی پیشەیی ئامادەیی و باڵادا، 2007-2012**




سەرچاوە: MOE and MOHESR.
RAND RR277-2.2

**بەشداری بە پێی ڕەگەز**

ئەگەری بەشداری ژنان لە ڕاهێنانی پەروەردەیی و ڕاهێنانی پیشەیی وەکوو پیاوانە. لە ساڵی 2011-2012 دا ژنان نزیک بە نیوەی قوتابیانی ڕاهێنانی پەروەردەیی و ڕاهێنانی پیشەییان بەدی هێنا. بەشداری ژنان لە خوێندنی پیشەیی ئامادەیی لە نێوان ساڵەکانی 2007 تا 2012 دا کەمی کردووە و ڕێژەیان کەمترە لە بەشداری ژنان لە ڕاهێنانی گەورەکان و پەیمانگا تەکنیکییەکان، چوونکە لەم دەستە لە ناوەندانە ڕێژەی بەشداری ئەوان لە نێوان ساڵەکانی ناوبراودا زیادی کردووە (وێنەی 2.3).

## وەرگرتنی خوێندکار، پێداویستییەکانی دەرچوون لە خوێندن و هەلەکانی پێشکەوتن


**پێداویستییەکانی وەرگرتن و ناونووسین**

لە ئاستی ناوەندی(ئامادەیی)دا، هەڵبژاردنی خوێندنی پیشەیی و یان سەرەتایی خۆبەخشانەیە. هەر بەم جۆرە کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، خوێندکارانێکی کەم هەڵدەبژێرن بۆ ڕۆیشتن بۆ خوێندنی پیشەیی. لە ڕابردوودا، ئەم خوێندکارانەی کە نمرەیان لە تاقیکاری نیشتمانی پۆلی 9 کەمتر لە 60 لەسەدا بوو، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیک دیاری دەکران بۆ خوێندن(ڕاهێنانی) پیشەیی. لە ئاکامدا، لە ڕابردوودا لە ئاستی ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆرتر لە قوتابییەکان بەرەو ئەم ئاڕاستەیە دەچوون.[8]

لە ئاستی بالادا، ئەو قوتابیانەی کە خولی ئامادەییان تەواو کردووە دەبێ لە تاقیکاری پۆلی 12ی حکوومەتی هەرێمی کوردستان نمرەیەکی دیاریکراویان هەبێ تاکوو وەزارەتی خوێندنی باڵا و تۆژینەوەی زانستی ئیزنی ناونووسینیان لە کۆلیژی تەکنیکی پێبدات. توانایی ناونوسین لە خولێکی تایبەتی کۆلیژی تەکنیکی بە پێی ئەولەویەتی قوتابی و نمرەی تاقیکاری ئەو بووە و لە سیستەمێکی نمرەدانی ڕیزبەندی پەیڕەوی دەکات. ئەم سیستەمە زنجیرەیە قوتابیانی خاوەن زۆرترین نمرە تەرخان دەکات بۆ کۆلێژەکانی پزیشکی و دواتر بە کەم بوونەوەی نمرە بۆ بەشەکانی تەلارسازی، ئەندازیاری، زانستەکانی بنەڕەتی، بازرگانی(بزنس)، ڕاهێنان و ڕاهێنانی تەکنیکی. لە خویندنی تەکنیکیشدا زنجیرەیەکی هاوشێوە لە پیشەکان هەیە و پیشەکانی پەیوەندیدار

8 ژمارەی قوتابیانی ڕاهێنانی پیشەیی ئامادەیی لە ساڵی 2005-2006 دا گەیشتە لوتکەی خۆی یانی 13,458 کەس. ئەم ڕێژەیە لە ساڵی 2011-2012 دا بەرابەر بە 8,667 کەس بوو.

**وێنەی 2.3**
**ڕێژەی سەدی بەشداریکردنی ژنان لە ڕاهێنانی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەییدا بە پێی ئاستی ئەو، 2007 و 2012**




*ڕێژەی سەدی تایبەتی 2006-07 نەبوو.
سەرچاوەکان: MOE, MOLSA, and MOHESR.
RAND RR277-2.3

لەگەڵ تەندروستی شایەتی ئامادەبوونی قوتابیانی خاوەن زۆرترین نمرەیە. هەڵبژاردەی یەکەمی قوتابیەکان تەنیا کاتێک دیاریکەرە کە نمرەی قوتابی ببێتە هۆی ئەمە کە ئەو لە سنووری پەسەندکراودا بێت بۆ چوونە ناو بابەتی خوێندن و پەیمانگای هەڵبژاردەی خۆی. بۆ نموونە، قوتابییەک کە نمرەی 99 لە سەدی لە تاقیکاریدا بەدەستهێنابێت و ڕاگەیاندبێ کە وای پێباشترە کە لە هەولێر پزیشکی بخوێنێت، بە ئەگەری زۆر بە خوێندنگای ناوبراو دەناسیندرێت، چوونکە نمرەی ئەو بۆ وەرگرتن لە خوێندنگای پزیشکی لە سنووری پەسەندکراو دایە. بەڵام قوتابییەک بە هەمان هەڵبژاردەی یەکەمیەوە کە نمرەی 80 لەسەدی هەیە بە هیچ خوێندنگەیەکی پزیشکی ناناسێندرێت، بەڵکوو بە خولێک دەناسێندرێت کە قوتابی خاوەن ئەم نمرەیە یان نمرەکانی خوارەوەتر وەردەگرێت.[9]

لە ساڵی خوێندنی 2011-2012 دا، ژمارەی 31,880 قوتابی بۆ 28,325 شوێن لە زانکۆکان و ڕاهێنانی تەکنیکی داواکاری وەرگرتنیان داوە کە 3,505 کەس لەم قوتابیانە بە کەمترین نمرە (11 لە سەد) لە تاقیکاری کۆتاییدا لە هیچکامیاندا وەرناگیرترێن. لە پەیوەندی لەگەڵ هەر پەیمانگا و پیشەیەک کە لەو پەیمانگایەدا پێشکەش کراوە، داخوازان بە پێی ژمارەی بۆشایی لەبەدەست دابەش دەکرێن، هەرچەندە لەوانەیە ژمارەی قوتابیانی خاوەن مەرج وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی وا لێبکات ژمارەیەک لە قوتابیان زۆرتر لە پێویست وەربگرێت.

وەرگیرانی هەموو کەسانی 18ساڵە بۆ سەرەوە کە دەتوانن بخوێنەوە و بنووسن بۆ نموونە کەسانێک کە خوێندنی سەرەتاییان تەواو نەکردووە بۆ ناوەندەکانی ڕاهێنانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەلایەتی ڕێگە پێدراوە. کاتێک کە داخوازی بۆ کارگەیەکی فێرکاری زۆرتر لە ئاقاری ئێستای بێت، لەوانەیە مامۆستاکان هەنگاو بنێن سەبارەت بە تاقیکاری و وتووێژ و هەڵبژاردنی داواکاران. قوتابیانی بەشداربوو مووچەیەک بەرابەر بە 7,000 دیناری عێراقی بۆ تێچوونە گشتییەکان (5,000 دیناری عێراقی) و گواستنەوە (2,000 دیناری عێراقی) وەردەگرن کە ئەم کارە لەوانەیە ڕەچاوکرابێت بۆ هاندانی گەورەکان بۆ بردنەسەری ئاستی شارەزایی خۆیان.

---

[9] بە پێی ئەم شێوازە، قوتابییەکان هان دەدرێن دڵخوازییە جۆراوجۆرەکانی خۆیان ڕابگەیێنن چوونکە نمرەی سەرەتای وەرگرتن بۆ هەر بابەتێکی خوێندن لەوانەیە لە هەر ساڵێکدا جیاواز بێت. قوتابیان تەنیا بە پێی ئەزموونی ساڵەکانی ڕابروو سەبارەت بە نمرەکانی پێویست زانیاری گشتیان هەیە.

### پێداویستییەکانی دەرچوون لە خوێندن

هەموو قوتابییەکانی خولەکانی ڕاهێنانی پەروەردەیی و ڕاهێنانی پیشەیی دەبێ ئەزموونێک بۆ وەرگرتنی بڕوانامە یان دیپلۆمی خۆیان تێپەڕ بکەن. قوتابیانی پیشەیی ئامادەیی لە کۆتایی پۆلی 12 لە هەمان تاقیکاری نیشتیمانی قوتابیانی خولەکانی سەرەتایی ئامادەییدا بەشداری دەکەن و لەم ئەزموونەدا هەمان بابەتەکان هاوڕێ لەگەڵ بابەتەکانی پیشەیی دادەگرێت. ئەو قوتابیانەی کە لە تاقیکاریدا سەرکەوتوو دەبن، بڕوانامەی دیپلۆم وەردەگرن.

لە ئاستی باڵادا، هەڵسەنگاندنی نەتەوەیی جێبەجێ ناکرێت. قوتابیانی دەستەکانی فێرکردنی تەکنیکی لە تاقیکاری کۆتایی دیزاینکراو لەلایەن هەریەک لە پەیمانگاکاندا بەشداری دەکەن. ئەم تاقیکارییە 30 لەسەدی نمرەی کۆتاییە لە دۆخێکدا کە هەڵسەنگاندنی چالاکییەکانی مانگانە/ڕۆژانە لەسەدا 70ی ئەوەی تر بەدی دێنێ. لەم دواییانەدا نرخی ڕێژەیی تاقیکاری کۆتایی و هەڵسەنگاندنی هەمیشەیی بۆ 60 لەسەد زیادی کردووە تاکوو قوتابی هان بدرێت بۆ خوێندنی بەردەوام لە ماوەی خوێندنی خۆیدا. ئەم قوتابیانەی لە تێپەڕاندنی خولەکە سەرکەوتوو بن، لە پەیمانگا بڕوانامەی دیپلۆم وەردەگرن.

نەبوونی ئەزموونێکی نەتەوەیی یەکدەست بایەخی ئەم دیپلۆمە وەکوو پێشاندەرێکی توانست دەباتە ژێر پرسیارەوە، چوونکە ئەم نمرەیە لەوانەیە لە نێوان پەیمانگا جیاواز و خولەکانی ناو هەمان پەیمانگادا جیاواز بێت. لە ساڵی 2011 دا تاقیکارییەکی یەکدەست بۆ هەموو پەیمانگاکان لەبەرچاو گیرا و چاوەڕوان دەکرێ لە ماوەی پێنج ساڵی داهاتوودا کەم کەم سەبارەت بە هەموو بابەتەکانی پیشەیی جێبەجێ بکرێت.

قوتابیانی ناوەندی فێرکاری وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیش لە لایەن مامۆستاکانی خۆیان تاقی دەکرێنەوە و بڕوانامەی بەشداری لە خولەکەدا وەردەگرن.

### درێژەدان بە خوێندن لە دەرفەتەکانی ڕاهێنان(خوێندن) ی تەکنیکیدا

لە ساڵی 2011-2012 دا، قوتابیانی خاوەن مەرجەکانی خوێندنی باڵا و تۆژینەوەی زانستی، بە شێوەیەکی یەکسان لە لایەن ڕاهێنانی زانکۆیی و ڕاهێنانی تەکنیکی وەرگیراون. بە گشتی، ژمارەیەکی کەم لە قوتابیانی خوێندنی پیشەیی ئامادەیی لە تاقیکردنەوەی گشتیدا بەشداری دەکەن و نمرەی سەر وەردەگرن تاکو بتوانن درێژە بە خوێندن لە دوای ئامادەیی- بۆ نموونە لە بواری ڕاهێنانی تەکنیکی- بدەن و هەر ئەمەش لە سرنجراکێشی ڕاهێنانی پیشەیی ئامادەیی لە هەرێمی کوردستان کەم دەکاتەوە.

لە ئاستی باڵاشدا دەرفەتەکانی بەدیهاتوو بۆ قوتابیانی پەیمانگاکانی تەکنیکی بۆ درێژەدان بە خوێندن لە یەکێک لە پەیمانگا تەکنیکییەکان دوو ساڵە بۆ کۆلێژ یان زانکۆی چوارساڵە سنووردارە. تەنیا دوو قوتابی لە باشترین دەرچووانی هەر یەک لەم پەیمانگایانە دەتوانن بچن بۆ یەکێک لە کۆلێژەکانی تەکنیکی و یان زانکۆی چوارساڵە، هەڵبەت بە مەرجێک کە نمرەی کۆتاییان لە هەموو وانەکاند لەسەدا 80 بۆ سەرێ بێت.


## زنجیرەی ڕێکخراوەیی

### بەڕێوەبردن

بەڕێوەبردنی سیستەمی فێرکردن و راهێنانی تەکنیکی و پیشەیی لە نێوان سێ وەزارەتدا دابەش کراوە کە هەرکامیان لەگەڵ ڕێکخراوەی هاوتای خۆی لە بەغداد هەماهەنگە (وێنەی 4.2). ئەو نووسینگانەی کە لە ژێر چاودێری یەک بەڕێوەبەرایەتی گشتین کاری چاوەدێری قوتابخانەکانی ئامادەیی وەزارەتی پەروەردە جێبەجێ دەکەن. ئەم نووسینگانە هەروەها چاودێری ناوەندەکانی ڕاهێنانی گەورەساڵانی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیش دەکەن. بەڕێوەبەرایەتی پەیمانگا و کۆلیژەکانی تەکنیکی وەزارەتی باڵا و تۆژینەوەی زانستی نیوان دوو **دامەزراوەی خوێندنی تەکنیکی دابەشکراوە** کە یەکێکیان لە هەولێرە و چاودێری پەیمانگا و کۆلیژەکانی پارێزگای هەولێر و دهۆک دەکا و و ئەوەی تریش لە پارێزگای سلێمانیە کە ئەرکی چاودێری پەیمانگا و کۆلیژەکانی پارێزگای سلیمانی لەسەر شانە. هەر ڕێکخراوەیەکی نیوە سەربەخۆ و سەرۆکی ئەو لە بەرابەر وەزیری خوێندنی باڵا و تۆژینەوەی زانستی و تۆژینەوەی زانستیدا بەرپرسیارە.

پەیوەندی و هاوکاری نێوان ئەم ڕێکخراوە جیاوازانەی بەڕێوەبەرایەتی ڕێکنەخراوە، بەڵام بە پێی ڕاپۆرتەکان بە شێوەی نافەرمی جێبەجی دەکرێت.

**وێنەی 4.2**
**بەڕێوەبەرایەتی سیستەمی ڕاهێنانی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی هەرێمی کوردستانی عێراق**




سەرچاوە: MOE, MOHESR, and MOLSA.
**RAND** RR277-2.4

### هاوکاری لەگەڵ کەرتی تایبەت

بە پێچەوانەی زۆر یەک لە وڵاتانی تر، لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەشداری خاوەنکارەکانی کەرتی تایبەت یان سەندیکای کرێکاران لە بەڕێوەبەرایەتی، دیاریکردنی ناوەڕۆک یان کۆنترۆڵی بەرنامەکانی ڕاهێنانی پەروەردەیی و ڕاهێنانی پیشەیی جێ نەکەوتووە. سەرەرای ئەمەش، بە پێی ڕاپۆرتەکان پەیوەندییەکانی نافەرمی لەگەڵ کەرتی تایبەت بەرەو زیادبوونە. بۆ وێنە، ناوەندی سەر بە وەزارەتی کار و باری کۆمەڵایەتی لە هەولێر بۆ یارمەتی بە ڕاهینانی مامۆستایانی ئەم ناوەندە، لەگەڵ، هۆتێلێکی نایابی ناوخۆیی و کۆمپایایەکی بازرگانی گەورە پەیوەندی کردووە. کۆبوونەوەی بنەما و بناغەی ڕاهێنانی تەکنیکی وەزارەتی خوێندنی و تۆژینەوەی زانستی بە ئامادەبوونی نوێنەرانی کۆمپانیا گەورەکان بەڕێوە چوو بۆ ئەوەی لەم بارەوە مشتومڕ بڕ بکرێت کە بۆچی ناوەندێکی کرێنی تازە داندراو 600 بیانی بۆ 700 پێگەی پیشەیی دامەزراندبوو. لەم کۆبوونەوەیەدا وەزارەتی خوێندنی باڵا و تۆژینەوەی زانستی ئاگادار بۆوە کە کۆمپانیاکان پێیان وایە کە دەرچووان شارەزایی بەڕادەی پێویستیان بەسەر زمانی ئینگلیزی و کارامەیی کۆمپیوتەریدا نییە و پێویستیان بە ئەزموونی زانستی زیاتر هەیە (لە بەشی دواتردا زیاتر لەم بارەوە باس دەکەین) هەولێکی هاوشیوە دیاری کرد کە کۆمپانیاکانی دروستکەری ئۆتومبێل بڕوایان وا بوو کە قوتابیانی ئەم دامەزراوەیە لە بواری ئەلەکترۆنیدا پێویستیان بە ڕاهێنانی زیاترە. لەمپەڕی سەرەکی بەردەمی بەرنامەی سەرەکی ڕاهێنانی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی لە پێشکەشکردنی ئەزموونی کردارییانەی پەیوەندیدارە و کەرەستەکان بەڕادەی پێویست نین.

هەتا ئەمڕۆ، هیچکام لە پەیمانگا بەرپرسەکانی چاودێری سیستەمی ڕاهێنانی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی هەڵنەستاون بە پێشبینیکردنی پێداویستییەکانی ئابووری و بازاڕی هێزی کار. لە ئاکامدا، لەوانەیە جۆرەکانی ڕاهێنانی پیشەی پێشکەشکراو و ژمارەی ئەو قوتابیانەی کە لە هەر پیشەیەکی پێشکەشکراودا ناونووسیان کردووە پەیوەندییەکی وایان لەگەڵ پێداویستییەکانی بازاڕی نەبێت. هەر بەم شێوەیە، کۆنەکردنەوەی زانیاری لە پەیوەندی لەگەڵ کارامەیی پێوستی خاوەنکاران لەوانەیە ببێتە هۆی بەدیهاتنی کارامەییەک کە لەگەڵ پێداویستییەکان جیاوازە. و یان بۆ بەرەنگاریکردن لەگەڵ ئەوان بە ڕادەی پێویست نەبێت.

### داراییکردن)

حکوومەت داراییکردنی بەرنامەکانی ڕاهێنانی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی لە هەرێمی کوردستانی عێراقی لە ئەستۆیە. پارەدانی بەشێک لە تێچوونەکان لە لایەن خاوەنکار و یان قوتابیان بەزۆری نییە، گەرچی ئەو قوتابیانەی کە لە کۆبوونەوەکانی ڕاهێنانی پاش نیوەڕۆی پەیمانگا تەکنیکییەکان خەریکی خوێندنن و زۆربەی

ئەوان خاوەنی ئەزموون کارین ساڵانە، بڕی هاوکێشی 300 تا 400 دۆلاری ئەمریکی دەدەن. حکوومەتە بیانی و ڕێکخراوە ناحکوومییەکان، کەرەستە، بینا و ڕاهێنانیان وەکوو یارمەتی پێشکەش کردووە.

## پرۆگرامی خوێندن

پرۆگرامی خوێندنی ئێستاکە پەیوەندیدارە بە سێ جۆر بەرنامەی ڕاهێنانی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی و لە ڕووی ماوە و هاوکێشی لە نێوان ڕاهینانی گشتی و ڕاهێنانی پیشەوە جیاوازن. خشتەی 1.2 کورتەی تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامی خوێندنی پەیوەندیدار بە قوتابخانەکانی پیشەیی، پەیمانگا و کۆلێژە تەکنیکییەکانی باڵای ناوەندەکانی ڕاهێنان پیشان دەدات. پرۆگرامی خوێندنی قوتابخانەکانی پیشەیی ئامادەیی سێ ساڵ دەخایەنێت لە کاتێکدا ڕاهێنانی تەکنیکی باڵا زۆرجار دوو ساڵە.[10] ماوەی ڕاهێنان لە ناوەندەکانی ڕاهێنان وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیدا کورتترە و بەستراوەتە بە ناوەند و پیشەی پەیوەندیدارەوە.

کاتی تەرخانکراو لە وانەکانی ڕاهێنانی گشتی (بیرکاری، زمان و ئایین) لە قوتابخانەکانی پیشەییدا جیاوازە و بەستراوەتەوە بە جۆری ڕاهێنانی پیشە. لە پەیمانگا تەکنیکییەکان، گشت بەرنامەکانی ڕاهێنان بە پێی پیشەکان دانراون و مشتومڕی تیۆری نزیکەی 40 لەسەد و مشتومڕی کردارییانە لە ژووری وانەدا نزیکەی 60 لەسەدی ئەم ژووری وانانە پێک دێنێت جگە لە بابەتی خوێندنی کارگێڕی کار کە لەودا مشتومڕی تیۆری زاڵە.

هیچ کام لە بەرنامەکانی ڕاهێنانی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی باس لە پێشکەشکردنی ئەزموونی ڕاهێنان وێڕای کار ناکات. ڕاهێنانەکانی کردارییانەی ڕاستەقینە تەنیا بریتین لە فێرکاری دوو مانگە لە کەرتی تایبەت یان حکوومیدا لە ماوەی پشوودانی هاویندا بە قوتابیان نامەی ناساندن دەدەرێت، بەڵام دەبێ خۆیان شوێنی فێرکاری خۆیان بدۆزنەوە. چاوەدێری لەسەر فێرکاری کەمە و خاوەنکاران تەنیا ئامادەبوون و ئامادەنەبوون پەسەند دەکەن.

وانەوتنەوە لە قوتابخانەکانی پیشەیی و ناوەندەکانی تەکنیکیدا بە زمانی کوردی جێبەجێ دەکرێت. گەرچی بڕیار وابووە کە ڕاهێنان لە پەیمانگا و کۆلێژەکانی تەکنیکی بە زمانی ئینگلیزی بێت، بەڵام بە هۆی شارەزا نەبوونی زۆربەی قوتابی و مامۆستایان بە زمانی ئینگلیزی، هەمیشە ئەم کارە ناکرێت.

پێداهاتنەوەی بەرنامەکانی وانەیی پەیوەندیداری گشت خولەکانی ڕاهێنانی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی زۆر زۆر پێویستە بە پێی ڕاپۆرتەکان زۆربەی بەرنامەکانی وانەیی لانیکەم ئی 10 تاکوو 20 ساڵی ڕابردوون.

**خشتەی 1.2**
**تایبەتمەندییەکانی بەرنامەکانی وانە بە پێی جۆری سیستەمی ڕاهێنانی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی**

| تایبەتمەندییەکانی بەرنامەکانی وانە | پیشەیی ئامادەیی (ISCED 3) | ڕاهێنانی تەکنیکی باڵا (ISCED 5) | ڕاهێنانی گەورەساڵان (ISCED 4) |
|---|---|---|---|
| ماوە (ساڵ) | 3 | 2 | 0.2 تا 0.5 |
| لەسەدی کاتی تەرخانکراو سەبارەت بە ڕاهێنانی پیشە | 37–60[ئەلف] | 100 | 100 |
| ماوەی فێرکاری شاگردی کردارییانە (مانگ) | 2 | 2 | هیچ |
| زمانی وانەوتنەوە | کوردی | ئینگلیزی[ب] | کوردی |

سەرچاوە: وەزارەتی ڕاهێنان و پەروەردە، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی کاروبای کۆمەڵایەتی.

[ئەلف] لە ئاستی ڕاهێنانی پیشەیی ئامادەییدا لەسەدی کاتی تەرخانکراو سەبارەت بە ڕاهێنانی پیشەیی جیاوازە. ڕێژەی ئەو 37 لەسەدی گشت کاتی قوتابخانە بۆ بزنس، 52 لەسەد بۆ بازرگانی 60 دلەسەد سەبارەت بە چالاکییەکانی کشتوکاڵییە.

[ب] بەڵام بە شێوەی کردارەکی بە هۆی شارەزانەبوون بە زمانی ئینگلیزی لە نێوان مامۆستا و قوتابیاندا ئەم ڕاهێنانە بە شێوەی سەرەکی بە زمانی کوردی جێبەجێ دەکرێن.

---

[10] لەم دواییانەدا دوو کۆلێژی تەکنیکی چوار ساڵەش دانراوە. دەوترێت کە ئەم کۆلێژانە زۆرتر لە کۆلێژەکانی ئەندازیاری زانکۆکان لەسەر ئەزموونی کردارییانە لە ژووری وانەدا جەخت و پێداگری دەکەن.

فەرمانبەرانی هەر سێ وەزارەتەکە وتوویانە بە نیازی پێداهاتنەوەی بەرنامەکانی وانەیی خۆیانن. وەزارەتی پەروەردە بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەکی پێکهیناوە و بەشی بەڕێوەبەرایەتی پرۆگرامی خوێندن لە هەردووک دامەزراوەی ڕاهێنانی تەکنیکیدا دامەزراوە. وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بەنیازە هەڵسێت بە شیکردنەوەی بەرنامەکانی وانەیی خۆی بە یارمەتی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی (ILO).

لە دۆخی دڵخوازدا، بەرنامەکانی وانەیی ڕاهێنانی پیشەیی ئامادەیی و خوێندنی باڵای تەکنیکی دەبێ وەها بێت کە قوتابیان بتوانن لە ئاستی خوارتر بۆ ئاستی سەرتر گەشە بکەن و دەرفەت بۆ وەدەستهێنانی زانست و کارامەیی هەتابێ زیاتر ئاڵۆز لە بوارێکی پیشەییدا هەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، وەڵامدەرەوەکان ڕایانگەیاندووە کە هیچ هەوڵێک بۆ هەماهەنگ کردنی بەرنامەکانی وانەیی وەهایە کە ئاڕاستەیەکی هەماهەنگ لە خوێندنەکانی پیشەیی ئامادەیی بۆ خوێندنەوەکانی تەکنیکی باڵا، بەدی بێت، جێبەجێ نەکراوە. ئەم بابەتە گرنگە چونکە لەمپەڕێکی گرنگە کە دەبێتە هۆی ئەوە کە دەرچووانی ڕاهێنان و پەروەردەی سەرەتایی لەجیاتی ڕاهێنانی پیشەیی ئامادەیی، ڕاهێنانی پیشەکی زانکۆیی هەڵبژێرن. هەروەها ئاکامی ئەم کارە ئەمەیە کە ئاستی ڕاهێنانی تەکنیکی باڵا لە هەرێمی کوردستانی عێراق زۆرتر شێوەی ئاستی ڕاهێنانی پیشەیی ئامادەیی بدات تاکوو ئاستی تەکنیکی تایبەتیتر و کارامەییەکانی تەکنیکی باڵاتر بە شێوەی گشتی لە ئاستی خوێندنی باڵادا پێشکەش بکرێت.

**بەرنامەکانی ڕاهێنانی پیشە**

قوتابخانە و ناوەندەکانی پیشەیی یەک لەدوای یەک دە و حەوت خول لە بواری پیشە بازرگانییەکان لەوانە ئۆتومبێل، دارتاشی، کۆمپیوتەر و کارەبادا پێشکەش دەکەن. لە ساڵی 2010-2011 دا، ئەم پیشانە نزیکەی نیوەی لە ناونووسینی قوتابخانەکانی پیشەییان بۆ خۆیان تەرخان کرد. بازرگانی یەک لەسەر سێ و کشتوکاڵیش بە چوار بەرنامە یەک لەسەر دەی ئەم خولانەی بۆ خۆی تەرخان کرد. لە ناوەندە تەکنیکییەکانی گەورەساڵاندا پیشە بازرگانییەکان دوو لەسەر سێی ناونووسییەکان دەگرێتەوە (خشتەی 2.2). هەم قوتابخانەکانی پیشەیی و هەم ناوەندەکانی ڕاهێنان لەم دواییانەدا خولەکانی کەڵکوەرگرتن لە کۆمپیوتەر و تەکنۆلۆجیای زانیاری (IT) یان زیاد کردووە.

هەموو قوتابخانەکانی پیشەیی و ناوەندەکانی فێرکاری گشت پیشەکان جێبەجێ ناکەن. نزیکەی یەک لەسەر سێ لە 32 قوتابخانەکانی پیشەیی، پیشەی بازرگانی پێشکەش دەکەن، لە دۆخێکدا کە یەک لەسەر سێی تر لە بواری پیشەکانی پەیوەندیدار بە بازرگانیدا شارەزان. قوتابخانەکانی تر تێکەڵاوێک لە بەرنامەکانی پیشەیی پێشکەش دەکەن، بەڵام بە شێوەی گشتی نە هەمووی ئەوان.

پەیمانگا تەکنیکییەکان شەبەنگێکی بەربڵاوتریان لە ڕاهێنانەکانی پیشەییدا پێشکەش کردووە و 50 لق لە بواری بازرگانی، ژمێریاری/بەڕێوەبەرایەتی، کشتوکاڵ، تەکنۆلۆجیای زانیاری، پزیشکی، ڕاگەیاندن و گەشت و گوزاریدا پێشکەش دەکەن (خشتەی 2.2). پیشەی ژمێریاری/بەڕێوەبەرایەتی زۆرتر لە نیوەی بابەتەکانی ناونووسیین دەگرنەوە، ڕەنگە لەبەر ئەو هۆیە بێت کە لەم خولانەدا بۆ پیشە حکوومییەکان قوتابیان باشتر ئامادە دەکەن. هەروەکوو کە دواتر لەم بەشەدا ئاماژەی پێدەکرێت، دەرچووانی قۆناغەکانی ئامادەیی و باڵا بە باشتری دەزانن کە بۆ حکوومەت ئیش بکەن کە ئێستاکە زۆرتر لە 50 لەسەدی هێزی کاری چالاکی دامەزراندووە. نزیکەی 15 لەسەد لە بابەتەکانی ناونووسین لە بواری پیشەکانی پەیوەندیدار بە پزیشکی لەوانە پەرستاری بوو. 12 لەسەدی تریش پەیوەندیدارە بە پیشە بازرگانییەکان و لەم ناوەدا کارەبا و ڕووپێوی سەرترین ڕادە ناونووسینیان هەیە.[11]

[11] خشتەی ئەلف.1 و ئەلف.2 لە هاوپێچی ئەلفدا پێڕستی تەواوی بەرنامەی پیشەی پێشکەشکراو لە هەر ئاستێکی ڕاهێنانی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەییدا پێشکەش دەکەن.

**خشتەی 2.2**
**ژمارەی بەرنامەی پیشە و ژمارە و لەسەدی قوتابیان بە پێی گرووپی پیشە و ئاستی ڕاهێنانی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی، 2012-2011**

| | پیشەیی ئامادەیی (ISCED 3) | | | ڕاهێنانی گەورەسالان (ISCED 4) | | | ڕاهێنانی تەکنیکی باڵا (ISCED 5) | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| گرووپی پیشە | ژمارەی بەرنامەکان | ژمارەی قوتابیان | ڕێژەی سەدی قوتابیان | ژمارەی بەرنامەکان | ژمارەی قوتابیان | ڕێژەی سەدی قوتابیان | ژمارەی بەرنامەکان | ژمارەی قوتابیان | ڕێژەی سەدی قوتابیان |
| بازرگانی/تەکنیکی | 10 | 4,101 | 52.7 | 7 | 955 | 95.9 | 13 | 3,672 | 12.2 |
| ژمێریاری/ کارگێڕی | 1 | 2,856 | 36.7 | — | — | — | 9 | 15,705 | 52.3 |
| کشتوکاڵ | 4 | 822 | 10.5 | — | — | — | 9 | 1,480 | 4.9 |
| IT | — | — | — | — | — | — | 1 | 2,630 | 8.8 |
| پزیشکی | — | — | — | — | — | — | 10 | 4,396 | 14.6 |
| ئەوانی تر | — | — | — | 2 | 41 | 4.1 | 8 | 2,149 | 7.2 |
| کۆی گشتی | 15 | 7,779 | 100.0 | 9 | 996 | 100.0 | 50 | 30,038 | 100.0 |

سەرچاوە: خشتەی ئەلف.1 و ئەلف.2 لە هاوپێچی ئەلفدا.

تێبینی: داتاکانی ڕاهێنانی پیشەیی ئامادەیی و گەورەسالان ئی ساڵی 2010-2011 و داتاکانی پەیوەندیدار بە ڕاهێنانی تەکنیکی باڵا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 2011-2012 ە؛ بەستهێڵ بە واتای ئەوەیە کە هیچ بەرنامەیەکی ڕاهێنان بۆ ئەم گرووپە پیشەییە نییە.

پەیمانگا تەکنیکییەکانیش وەکوو قوتابخانەکانی پیشەیی و ناوەندەکانی ڕاهێنان تەنیا ڕاهێنانی پەیوەندیدار بە ژێر خانەی ئەم پیشانە پێشکەش دەکەن کە لە هەندێک لەواندا تەنیا سێ پیشە و لە هەندێکی تردا 25 پیشە کارپێکراون دەکرێت. دوو پەیمانگای (هەولێر و دهۆک) لە بواری بەڕێوەبەرایەتیدا شارەزان، دوو پەیمانگا لە بەشی کشتوکاڵدا لە بەشی کشتوکاڵی (هەولێر و سلێمانییە)، پەیمانگایەک لە بواری پزیشکی و تەندروستی(هەولێر) دا و پەیمانگایەکیش لە بواری زانستی کۆمپیوتەر (سلێمانی)دا شارەزایان هەیە. 17 پەیمانگای تەکنیکی تریش ڕاهێنانەکانی پەیوەندیدار بە جۆرەکانی پیشە پێشکەش دەکەن کە 50 بواری پیشە دەگرێتەوە.

بە سەرنجدان بە نەبوونی داتاکانی پەیوەندیدار بە ڕەوتی پیشە لە ئابووری هەرێمی کوردستانی عێراق، هەڵسەنگاندنی ئەمە کە ئاخۆ گەشەکردنی ژمارەی دەرچووانی ڕاهاتوو لە بواری پیشە جۆراوجۆرەکاندا لە گەڵ خواستەکان گونجاوە یان نا، لە توانادا نییە. هەروەکوو لە سەرەوە باس کرا، هیچ پەیوەندی یان هاریکارییەکی فەرمی لە نێوان سێ بەرنامەی ڕاهێنانی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی و کەرتی تایبەتدا بۆ یارمەتی بە دیاریکردن و هاوکێشی پێشکەشکردنی ڕاهێنانی پیشە بە پێی خواست نییە. جگە لەوەش، وتووێژکارانی قوتابخانەکانی پیشەیی و پەیمانگا تەکنیکییەکان مەزەندەیان کرد کە تەنیا نزیکەی 20 لەسەد لە دەرچووانی ئەوان لە ماوەی دوو ساڵدا لەو بوارانەدا کە ڕاهاتنیان بۆ کرابوو، پیشەیان دۆزیوەتەوە. هەڵبەت ئەمە بەم واتایە نییە کە جۆرەکانی ڕاهێنانی پیشە پێشکەشکراو تا بە ئەمڕۆ نەگۆڕ ماوەتەوە. لە ساڵەکانی دواییدا لە ڕێگەی ئاڵوێری نافەرمییەوە لە نێوان پێشکەشکارانی بەرنامەکانی ڕاهێنانی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی، چەند بواری پیشەیی نوێ زیاد بووە. ئەم بابەتانە بریتین لە جل دوورین و گەشت و گوزار لە هەندێک لە ناوەندەکانی ڕاهێنان، جل دوورین و دیزاینی مۆد لە هەندێک لە قوتابخانەکانی پیشەیی و ڕاهێنانی پەیوەندیدار بە تەکنۆلۆجی زانیاری لە هەر دووک پۆلی قوتابخانەکاندا. هەندێک لە پەیمانگا تەکنیکییەکان هەروەها لە بواری برەوپێدانی کشتوکاڵ، تەکنۆلۆجیای زانیاری، دۆزینەوەی بازاڕ، ئەندازیاری مەدەنی، گواستنەوە، نەوت و گەشت و گوزاریشدا ڕاهێنایان پێشکەش کردووە. ڕێژەی ناونووسین لەم بەرنامە نوێیانە لە ساڵی 2012 دا هەروا کەم بوو و ڕێژەی ئەو لە 69 بابەت لە بواری دۆزینەوەی بازاڕدا 159 بابەت پەیوەندیدار بە بواری نەوت، 207 بابەت لە بواری ئەندازیاری مەدەنی و 327 لە بواری ڕێنمای گەشت و گوزاردا هەڵکێشە و داکێشەی هەبووە.

## دامەزراندن، لێوەشاوی و ڕاهێنانی مامۆستایان

### دامەزراندن و دانانی مامۆستایان

وەزارەتی پەروەردە هەڵدەستێت بە دامەزراندن و دانانی مامۆستایانی قوتابخانەکانی پیشەیی. لە بەرانبەردا، لە ئاستی باڵادا دامەزراندن لە هەر پەیمانگا و گرووپێکدا بە شێوەی نامەرکەزی جێبەجێ دەکرێت. دامەزراندنی بەردەوام دەبێ لە لایەن پەیمانگای پەیوەندیدار، دامەزراوەی ڕاهێنانی تەکنیکی و وەزارەتی خوێندنی باڵا و تۆژینەوەی زانستی پەسەند بکرێت. مامۆستا نا – بەردەوامەکان کە بە شێوەی کاتی دادەمەزرێندرێن تەنیا دەبێ لە ئاستی پەیمانگادا پەسەند بکرێن.

### لێوەشاوی مامۆستایان

ئێستاکە مامۆستایانی ڕاهێنانی پیشەیی ئامادەیی دەبێ لە لقی پەیوەندیداردا بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەبێت. وانەبێژانی ڕاهێنانی تەکنیکی باڵا دەبێ دکتۆرا یان ماستەریان هەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا گەشەکردنی خێرای ناونووسین لە بواری ڕاهێنانی تەکنیکیدا بۆتە هۆی ئەوە کە پەیمانگا تەکنیکییەکان زۆربەی مامۆستایان بە بڕوانامەی بەکالۆریۆس و بە شێوەی کاتی (گرێبەستی) دابمەزرێنن. لە سلێمانی دامەزراوەی ڕاهێنانی تەکنیکی ڕاپۆرتی دابوو کە 200 مامۆستای بەردەوام بڕوانامەی ماستەر یان دکتۆرایان هەیە، لە دۆخێکدا 500 مامۆستای کاتی هەبووە. لەوانەیە کەمبوونی مامۆستایانی خاوەن بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا لە ماوەی ساڵەکانی داهاتوودا کەم بێتەوە چونکوو ژمارەی ئەم دەرچووان زیاد دەبێت.

مامۆستایانی گشت ئاستەکانی ڕاهێنانی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی پێویستیان بە هەبوونی ئەزموونی کردارییانە لە لقی پیشەیی کە ڕاهێنانی بۆ دەکەن، نییە. لە پێشوودا بوونی ئەزموونی کردارییانە لە ئاستی باڵادا پێویست بوو، بەڵام ئیتر پێویست ناکات و لەوانەیە بە هۆی گرفتەکانی دامەزراندن بێت. سەرەڕای ئەوە، لەوانەیە هەندێک لە مامۆستایان لە قوتابخانەکانی پیشەیی و پەیمانگا تەکنیکییەکان بە هۆی ئەمە کە خاوەن کار و پیشەن یان لە کەرتێکی تایبەت کار دەکەن، ئەزموونی کردارییانەیان هەبێت. بە پێی ڕاپۆرتەکان ئەم بابەتە بەتایبەت لە مامۆستایانی گرووپی تەندروستی، کارەبا، ئەلەکترۆنیک و میکانیک و مێدا دروستە.

### ڕاهێنانی هاوکات (وێڕا) ی خزمەتگوزاری مامۆستایان

ڕاهێنانی هاوکات (وێڕا) ی خزمەتگوزاری فەرمی بۆ هێچکام لە مامۆستایان لە هیچکام لە ئاستەکانی ڕاهێنانی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەییدا بەپێی پێویست نییە. تەنیا ڕاهێنانە پێشکەشکراوەکان بۆ مامۆستا بەردەوامەکان، ڕاهێنانەکانی سەرەتایی لە بواری شێوازەکانی وانە وتنەوەیە. لە پەیوەندی لەگەڵ مامۆستایانی پیشەیی ئامادەییدا، ئەم ڕاهێنانانە لە کاتی کاردا و لەژێر چاودێری مامۆستایەکی بەئەزموونتردا جێبەجێ دەکرێت. مامۆستا بەردەوامەکانی پەیمانگا تەکنیکییەکانی باڵا و کۆلێژەکان ناچارن بە بەشداریکردن لە ڕاهێنانی فەرمی 90 کاتژمێر پەیوەندیدار بە شێوازەکانی وانەوتنەوە، بەڵام مامۆستا کاتییەکان ناچار بەو کارە نین.

لەم دواییەدا، یونسکۆ و ئەنجومەنی بەریتانیا بەرنامەی جۆراوجۆریان بۆ ڕاهێنانی مامۆستایانی ڕاهێنانی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی داناوە. نزیکەی 40 کەس لە بەڕێوەبەران و سەرپەرشتیارانی قوتابخانەکانی پیشەیی لە دامەزراوەکانی ڕاهێنان لە وڵاتی ئەڵمانیا و وڵاتانی ترەوە بەشداریان کرد. ژمارەیەکی کەم لە مامۆستایانی پیشەیی ڕاهێنان و پەروەدە (دوو تاکوو سێ کەس لە هەر گرووپ) لە کارگەکانی ڕاهێنانی چەق بەستوو لەسەر دانانی پرۆگرامی خوێندن دا بەشداریان کرد. هەر بەم شێوەیە ژمارەیەکی کەم لە مامۆستایانی ڕاهێنانی تەکنیکی هەڵبژێردراو لە کارگەکانی ڕاهێنان "ڕاهێنانی ڕاهێنەران" دا بەشداریان کرد. هەروەها خولەکانی بەڕێوەبەرایەتی پێشکەشی سەرۆکی گرووپەکانی ڕاهێنانی تەکنیکی باڵا کرا.

مامۆستایانی ڕاهێنانی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی دەتوانن لە بەرنامەی تواناسازی و پەرەپێدانی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا بەشداری بکەن کە ئەم بەرنامەیە فەرمانبەرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ وەدەستهێنانی بڕوانامە پاش ئامادەیی بۆ دەرەوەی وڵات دەنێرێت. لە ساڵی 2010-2011 بەولاوە وەزارەتی خوێندنی باڵا و تۆژینەوەی زانستی ئەم پێویستییەی باس کردووە کە مامۆستایانی ڕاهێنانی تەکنیکی ساڵانە 50 تا 100 کاتژمێر خاڵ و پۆینت لە ڕێگەی بەشداری چالاک لە کۆنفرانس، سمینار، دامەزراوەکانی ڕاهێنان، تۆژینەوە یان چاپکردنی بابەتەکان وەدەست بێنن. ئەم مامۆستایانە هەروەها دەبێ هەر شەش مانگ جارێک سمینارێک پێشکەش بکەن و هەر شەش مانگ وتارێکی زانستی نێونەتەوەیان ئامادەی چاپ بکەن (وەزارەتی خوێندنی باڵا و تۆژینەوەی زانستی، 2010).

**ئامێر و کەرەستەی ڕاهێنان**

کوالیتی و گونجاوبوونی ڕاهێنانی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەییەک کە قوتابیان وەریدەگرن تا ڕادەیەکی زۆر بە نوێکردنەوەی بابەتەکانی تیۆری و ئامێر و کەرەستەی بەکارهێنراو لە ڕاهێناندا بەستراوەتەوە. بەگشتی، یەکێک لە وەڵامدەرەوەکان بە ئێمەی وت کە یەکێک لە گەورەترین گرفتەکان بە ڕادەی پێویست نەبوون و کۆن بوونی ئامیر و کەرەستەکانە و سەردانی ئێمە بۆ چەند پەیمانگا و قوتابخانەی پیشەیی ئەم هەڵسەنگاندنی پەسەند کرد.

## هەلی کار پاش دەرچوون لە زانکۆ

بەرنامەکانی ڕاهێنانی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی، خزمەتگوزاری دۆزینەوەی کار یان ناردنی دەرچووانی نییە. دەرچووانی خولەکانی ڕاهێنانی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی وەکوو دەرچووانی پەیمانگای ئامادەیی و باڵا بە باشتری دەزانن بۆ حکوومەت کار بکەن و حکوومەت ئێستا 50 لەسەد لە کرێکارانی هەرێمی کوردستانی عێراقی دامەزراندووە (شیکردنەوەی هێزی کاری هەرێمی کوردستان، 2012). پیشەی حکوومی بەپێچەوانەی کەرتی تایبەت کە بەردەوام لە گەشە و گۆڕانکاری دایە، کاتژمێری نەرم و نیانتر و کورتتر و قازانجی بەخشندە لەوانە خانەنشینی بە درێژایی ژیان دابین دەکات. پیشەی حکوومی هەروەها نەرم و نیانی پێویست بۆ هەبوونی پیشەی دووهەم لە کەرتی تایبەتدا دابین دەکات. وەڵامدەرەوەکان بەردەوام دەیانوت کە گەر بڕیار بێت لە کەرتی تایبەتدا پیشەیەکیان هەبێت، ئەو وەکوو پیشەی دووهەم هەڵدەبژێرن.

سەرەڕای ئەوە هەموو ساڵێک ژمارەیەکی زۆر لە دەرچووانی هەموو ئاستەکانی ڕاهینان و پەرورردە دێنە ناو بازاڕی کار و ئارەزووی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هاندانی گەشەکردنی کەرتی تایبەت بە ئەگەری زۆرەوە لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوە زۆرتری دەرچووان لە کۆتاییدا بۆ پیشە ڕوو بکەنە کەرتی تایبەت. وەڵامدەرەوەکانی ئێمە ئاماژەیان بەم مەسەلەیە کرد کە لە بارودۆخی ئێستاکەدا دەرچووانی ڕاهێنانی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی بۆ دۆزینەوەی کار لە بەشی حکوومی و یان کەرتی تایبەتدا ڕووبەڕووی گرفتن و تەنیا 10 تاکوو 20 لەسەد لەم دەرچووانە لە ماوەی شەش مانگ پاش دەرچوون کار دەدۆزنەوە.[12]

یەکێک لە هۆیە سەرەکییەکانی گرفتی دەرچووانی ڕاهێنانی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی بۆ دۆزینەوەی کار لە کەرتی تایبەتدا ئەمەیە کە ژمارەی دەرچووان، بەتایبەت لە قۆناغی خوێندنی باڵادا لە هێزی ڕاکێشانی ئێستاکەی ئابووری زۆرترە. شیکردنەوەی ڕەوتی ناونووسین و دەرچوون لە زانکۆ کە پێشتر جێبەجێ کرا، پیشان دەدات کە ژمارەی دەرچووان لە پێنج ساڵی ڕابردوودا زۆرتر لە چوار هێندە بووە. ئەم بابەتە هەروەها لەوانەیە بە هۆی گونجاونەبوونی نێوان ژمارەی قوتابیانی ڕاهاتوو لە هەر پیشە و ژمارەی کەسانی پێویستی خاوەنکارانی هەرێمی کوردستانی عێراق بێت. هەروەکوو پێشتر ئاماژەی پێکرا، هۆی سەرەکی بۆ ناونووسین لە پیشەکانی پەیوەندیدار بە ڕاهێنانی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەییدا توانای پێشکەشکردنی ئەوان، هۆگری قوتابیان و خاڵ و نمرەی تاقیکردنەوەیە. لە ئاکامدا، ڕێژەی ناونووسینی قوتابیان لە پیشە جیاوازەکاندا بە پێی ئەم چوارچیوەیە جێبەجێ دەکرێت و لەسەر بنەمای خواستی خاوەنکاران جێبەجێ ناکرێت. یەکێکی تر لە هۆکارە ئەگەرەکانی ئەم بابەتە کە ئەم پۆلە لە دەرچووان بۆ دۆزینەوەی پیشە لە کەرتی تایبەتدا تووشی گرفتن، لەوانەیە بوونی کەلێن "توانایی دامەزراندن" و یان "کارامەیی نەرم" بێت. ئێمە کێشەکانی پەیوەندیدار بە گونجاندنی دابینکردن و داواکردن لە بەشی دواییدا دەخەینە بەر باس.

## دەسپێشخەریە بەردەوامە باشترکراو و پلان بۆ دانراوەکان باشترکردنی ڕاهێنانی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی

هەر سێ وەزارەتە چاودێرەکان لەسەر بەشەکانی سیستەمی ڕاهێنانی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی هەرێمی کوردستانی عێراق بە مەبەستی گەشەپێدانی بەرنامەکانی خۆیان هەندێک پلانیان بەدەستەوەیە یان پلاندارێژیان

---

[12] هەروەکوو لە بەشی یەکدا ئاماژەی پێکرا، بێکاری گەنجان (لە تەمەنی 15 تاکوو 24 ساڵ تاڕادەیەک زۆر و هاوکێشی 18 لەسەدی هێزی کارە و بەشداری هێزی کار کەم و هاوکێشی 20 لەسەدە (شیکردنەوەی هێزی کاری هەرێمی کوردستان، 2012).

هەیە. چەندین ڕێکخراوەی نێودەوڵەتیش خەریکی یارمەتیدانی باشترکردنی فێرکردن و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی پیشەیی لە عێراق و لەوانە لە هەرێمی کوردستانی عێراقن

**وەزارەتی پەروەردە**

وەزارەتی پەروەردە خەریکی دروستکردنی سێ ناوەندی گەورەی ڕاهێنانی پیشەیی ئامادەییە کە هەرکامێکیان لە ناوەندی یەکێک لە سێ پارێزگاکانی ئەودا دروست دەکرێت. هەرکام لەوان 6,000 تاکوو 10,000 قوتابی وەردەگرێت و دەبێتە هۆی ئەوە کە توانای ئێستای قوتابخانەکانی پیشەیی وەزارەتی پەروەردە زیاتر لە سێ هێندە بێت. قوتابخانەکانی پیشەیی ناو ناوەندی ئەم پارێزگایانە لەم ناوەندەدا یەکدەخسترێن لە دۆخێکدا کە قوتابخانەکانی پیشەیی ناوچەیی ئێستاکە درێژە بە کاری خۆیان دەدەن. هەر ناوەند، بۆ قوتابیان بەشێکی ناوخۆیی هەیە. وەزارەتی پەروەردە هەروەها بەنیازە بەو ئامانجە بگات کە 20 لەسەد کە دەرچووانی خوێندنی سەرەتایی خوێندنی خۆیان لە ڕاهێنانی پیشەییدا درێژە پێبدەن کە لە بەراورد لەگەڵ ژمارەی ئیستا، دەبێتە هۆی زیابوونی زیاتر لە پێنج هێندە. وەزارەتی پەروەردە هەروەها پێشبینی کردووە کە 25 لەسەد لە دەرچووانی قوتابخانەکانی پیشەیی لەکۆتاییدا ڕاهێنانی پیشەیی خۆیان لە پەیمانگا تەکنیکییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و تۆژینەوەی زانستیدا درێژە دەدەن.

پێشبینی ئەوە دەکرێت ئەم ناوەندە نوێیانەی ڕاهێنانی پیشەیی لە سەرەتای ساڵی 2014 دا بکرێنەوە. ئەوان سەرەتا بەرنامەیەکی هاوشێوە لەگەڵ قوتابخانەکانی پیشەیی ئێستاکە لە بواری کشتوکاڵی، بازرگانیدا پێشکەش دەکەن. وردەوردە پیشە بازرگانییە پێشکەشکراوەکان بە سێ بەرنامەی بەڕێوەبەرایەتی، ژمێریاری و زانستی کۆمپیوتەر و بانک دابەش دەکرێت. بەرنامەکانی تری پەیوەندیدار بە بازرگانی کە پێشکەشکردنی ڕاهێنان بۆ ئەوان پلاندارێژی کراوە بریتین لە فێنککەرەوە و هەواگۆڕ، تیلیکۆم، مەسعەدی کارەبایی،چاک کردن و پاراستنی کەرەستەکانی پزیشکی و چاپ. ئەم ناوەندانە بەنیازن لە کۆتاییدا بەرنامەی خوێندن بۆ 21 پیشە پێشکەش بکەن (کە ئێستاکە 14 دانەیە) — کە لەوانەیە بە پێی ناونووسین پلاندارێژی ئەوان بە هەمان شێوە زۆر کەم بێت.

**وەزارەتی خوێندنی باڵا و تۆژینەوەی زانستی**

وەزارەتی خوێندنی باڵا و تۆژینەوەی زانستی لەوانەیە نەخۆشخانەیەک بۆ ڕاهێنانی قوتابیان دروست بکات. هەروەها بەنیازە لە سێ پەیمانگادا بەرنامەیەکی ڕاهێنان بۆ پیشەسازی نەوت زیاد بکات. ئیستا دەرفەتی ڕاهێنانی سنووردار لە پیشەکانی پەیوەندیدار بە پیشەسازی نەوتدا پێشکەش دەکرێت، لە دۆخێکدا ئەم بەشە بۆ پەرەپێدانی هەرێمی کوردستانی عێراق ئەفزەلییەتی هەیە.

وەزارەتی خوێندنی باڵا و تۆژینەوەی زانستی وەکوو بەشێک لە هەوڵ و تێکۆشانەکانی پەیوەندیدار بە چاکسازی پێکهاتەی خۆی، بەنیازی سیستەمی نامەرکەزی بەڕێوەبەرایەتی و بەدیهێنانی گۆڕانکاری لە شێوازی ڕاهێنانی تەکنیکی خۆیەتی. دوو دامەزراوەی ڕاهێنانی تەکنیکی دەگۆڕدرێن بە سێ زانکۆی پۆلی تەکنیک کە هەرکام لە یەکێک لە ناوەندەکانی هەر سێ پارێزگادا دادەندرێن. جیاوازی نێوان پەیمانگا دوو ساڵەکان و کۆلێژە چوار ساڵانەکان دەپارێزرێت، بەڵام قوتابیان سەرەتا لە پەیمانگای دوو ساڵاندا وانە دەخوێنن و بە وەرگرتنی بڕوانامە خوێندن تەواو دەکەن. 25 لەسەد لە باشترین قوتابیانی دەرچوو خوێندنەکانی خۆیان لە کۆلێژە چوار ساڵەکاندا درێژە دەدەن و بە بڕوانامەی بەکالۆریۆس خوێندن تەواو دەکەن. زەماڵەتی دوو مانگی ئێستاکە جێگەی خۆی دەدات بە شەش مانگ لە کاتی کاردا. ئەو قوتابیانەی کە خوێندنی خۆیان لە کۆلێژە چوار ساڵانەکاندا درێژە بدەن خولێکی شەش مانگەی لە کاتی کاری تریشدا تێپەر دەکەن (وەزارەتی خوێندنی باڵا و تۆژینەوەی زانستی، 2010).

**وەزارەتی کاروبای کۆمەڵایەتی**

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی خەریکی کردنەوەی دوو ناوەندی تەکنیکی تر یەکیان لە ناوچەی گەرمیان و ئەوەی تر لە ناوچەی سۆرانە. ئەم وەزارەتە یاداشتێکی لەیەک تێگەیشتن (MOU) بە بەشداری کۆمپانیای سکانیا کە کۆمپانیایەکی سویدییە واژۆ کردووە بۆئەوەی ڕاهێنانی 30 تاکوو 40 میکانیکی تایبەتمەند

لە بواری چاککردنەوەی لۆری و کەرەستە و ئامێرە قورسەکان بکات.[13] داخوازانی چوارچێوەی تەمەنی 16 تاکوو 30 ساڵ کە ئەزموونی کاریان هەبێت دەتوانن لەم خولەدا بەشداری بکەن.

**پلانەکانی تر**

***ئەنجومەنی بەریتانا***

ئەنجومەنی بەریتانا بە کەڵکوەرگرتن لە یارمەتی دارایی یەکیەتی ئەورووپا خەریکی جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی سێ بەشی بۆ پەرەپێدانی فێرکردن و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی لە گشت عێراق و لەوانە هەرێمی کوردستانی عێراقە. بەشی یەکەم بریتیە لە ستراتیجی فێرکردن و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی بۆ عێراق. بەم مەبەستە، سوودبەران لەوانە نوێنەرانی وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی خوێندنی باڵا و تۆژینەوەی زانستی، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و کەرتی تایبەت کۆبوونەوەی ستراتیجی بەڕێوە دەبن.

لە بەشی دووهەمدا، ئەنجومەنی بەریتانیا خەریکی دانانی ستانداردەکان بۆ هەندێک لە پیشەکانە. ئەم ئەنجومەنە پێنج بواری بەرتریتی — نەوت و گاز، چاککردن و سەخپێری ئۆتومبێل، هەواگۆڕ، ئامادەکردنی خواردەمەنی و خزمەتگوزارییەکانی گەشت و گوزار — لە ڕێگەی وتووێژ لەگەڵ کەرتی تایبەت و فەرمانبەرانی بەشەکانی فێرکردن و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی ناساندووە و خەریکی دانانی بەرنامەکانی ڕاهێنانە بۆ هەرکام لەم بوارانە.

بەشی سێهەم بریتییە لە تاقیکردنەوەی ستانداردەکان و پرۆگرامی خوێندنی نوێ و ئەنجومەنی بەریتانیا دەیەوێت پێنج ناوەندی پیشەیی نایاب دابمەزرێنێت. بە پێی ڕاپۆرتەکان، دووان لەم ناوەندانە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا دروست دەکرێت؛ یەکیان لە بواری گەشت و گوزار و ئەوەی تریان لە بواری چاککردنەوە و پاراستنی هەواگۆڕ یان ئۆتومبێل چالاکی دەکات. بەڕێوەبەر و مامۆستایانی قوتابخانە ڕاهێنانی پێویست سەبارەت بەم ستانداردانە و بەرنامەکانی وانەیی وەردەگرن و ناوەندە نایابە ناوبراوەکان بڕیارە لە کۆتایی ساڵی 2012 دا دەست بکەن بە چالاکی.

***یونسکۆ***

بە بەشداری لیژنەی ڕاپەڕاندن کە پێکدێت لە وەزارەتەکانی کار، پەروەردە و دەستەکانی فێرکردنی تەکنیکی و ژووری بازرگانی، یونسکۆ گرێبەستی پرۆژەیەکی ئامادەکردووە بۆ داڕشتن و جێبەجیکردنی دوو پرۆژەی ئەزموونی لەسەر هاوبەشی کەرتی تایبەت لەگەڵ پێشکەشکارانی فێرکردن و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی. ئەو لایەنەی بەڵێندەری پرۆژەکە وەردەگرێت بەرپرسیار دەبێت لە داڕشتنی ڕێکەوتننامەیەک کە ئەرک و بەرپرسیارێتیەکانی لایەنەکان دیاری بکات لەگەڵ ڕاهێنان لەسەرکار، سەردانی مەیدانی، هاوکاری بۆ داڕشتنی پرۆگرامی خوێندن و گێڕانەوەی سەرنج لەسەر کارامەییە پێویستەکان. هاوکات بەڵێندەر راسپاردە پێشکەش دەکات لەسەر ئەو هاندەرانەی حکومەت دەتوانێت بیاندات بۆ زیادکردنی ئامادەباشی کەرتی تایبەت بۆ بەشداریکردن و بەرزکردنەوەی هەستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی کۆمپانیاکان.

یونسکۆ هەروەها خەریکی پلاندارێژی نامیلکەیەکی ڕێنموونی لە بواری کارامەیی پێویست بۆ دامەزراندن و دروستکردنی هەلی کارە. ئەم نامیلکەیە لەوانە پەیوەندی، گواستنەوە لە قوتابخانە بۆ شوێنی کار، کارامەییەکانی دروستکردنی هەلی کار و هەروەها چۆنیەتی ئامادەکردنی سی ڤی، هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵک و ڕووبەڕووبوون لەگەڵ ململانی لە شوێنی کار دەگرێتەوە.

هاوکات یونسکۆ پلانی هەیە بۆ ڕاهێنانی 24 مامۆستای پیشەیی لەسەر میتۆدە مۆدێرنەکانی فێرکردن وەک بەشێک لە پرۆگرامێکی نموونەیی.

## کورتە

ئامانجەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان باشتربوونی کەوتنە بەردەست، گونجاو بوون و کوالیتی فێرکردن و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی و ئەم حکوومەتە لە ساڵەکانی دواییدا بۆ ئەم مەبەستانە هەنگاوی هەڵێناوەتەوە. ناونووسین لە خولەکانی ڕاهێنانی تەکنیکی باڵادا لە ناونووسین لە وێنەکانی ڕاهێنان و پەروەردە لە ئاستی

[13] عێراق چواردەهەمین بازاڕی گەورەی بەرهەمەکانی سکانیایە و پێشبینی دەکرێت لە کۆتاییدا ببێتە دەهەمین بازاڕی گەورەی ئەو.

ئامادەیی و یان باڵادا پێشکەوتنی بەدەستهێناوە. ئەمڕۆکە نزیکەی 50 لەسەد لە قوتابیانی قۆناغی باڵا بە بڕوانامەی تەکنیکی خوێندن تەواو دەکەن کە ئەم ڕێژەیە 27 لەسەد زیابوون سەبارەت بە ساڵی 2007، پیشان دەدات. گەرچی هەرێمی کوردستانی عێراق لە بواری پەرەپێدانی دەستگەیشتن و پێشکەشکردنی هەلی بەرابەر بۆ ژنان و پیاوان بۆ ناونووسین لە خولەکانی فێرکردن و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەییدا پێشکەوتنی هەبووە، هێشتا هەندێک ئاستەنگ لە ئارادایە.

چەق بەستن لەسەر ڕاهێنانی تەکنیکی باڵا لەگەڵ کەمتەرخەمی سەبارەت بە ڕاهێنانی پیشەیی ئامادەیی هاوڕێ بووە و لە ئاکامدا لە ساڵەکانی دواییدا لەم قۆناغەدا کەم بۆتەوە و پەنگی خواردۆتەوە. ژمارەیەکی زۆر لە دەرچووانی قوتابخانەی ئامادەیی کە درێژە نادەن بە خوێندن لە خوێندنی باڵادا لەوانەیە ئامادەیی بە ڕادەی پێویستیان بۆ زیادبوون بە هێزی کاریش نەبێت. هەر بەم شێوەیە،ڕاهێنانی تەکنیکی بۆ ئەو گەورەساڵانەی کە خوێندنی سەرەتایی یا ئامادەیی خۆیان تەواو نەکردووە یان ئەوانەی کە دەیانەوێت کارامەیی خۆیان پەرە پێبدەن، زۆر کەمە. لەگەڵ ئەوەشدا، وەزارەتی پەروەردە بەنیازە ناوەندە گەورەکانی ڕاهێنانی پیشەیی ئامادەیی لە هەرسێک پارێزگاکەدا دابنێت بۆئەوەی دەستگەیشتنی قوتابیانی ئامادەیی بە ڕاهێنانی پیشەیی لە داهاتوودا دوو هێندە بێت. وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیش بەنیازە ناوەندی نوێ دروست بکات. ئەم وەزارەتە هەروەها بە هاریکاری کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت دەیەوێت دەرفەتی ڕاهێنانی گونجاو پێشکەش بکات. ئەم ڕوانگەیە، لە کاتی سەرکەوتندا لەوانەیە بەڕادەی پێویست بەنرخ بێت و لە داهاتوودا بە شێوەیەکی بەربڵاوتر لاسا و ڕەچاو بکرێت.

لەوانەیە یەکێک لە گرنگترین ململانێ ماوەکان دانانی پەیوەندیەکی جێگرکراو لە نێوان پێشکەشکارانی فێرکردن و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی و کەرتی تایبەتدا بێت. ئەم هاریکارییە گرینگە بەهۆی:

- گونجاندنی جۆر و ناونووسین لە خولەکانی فێرکردن و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەییدا لەگەڵ خواستی پیشەیی لە دۆخی گۆڕانی لە ئابووریدا
- گەشەپێدانی ستانداردەکانی پیشەیی و بەرنامەکانی وانەیی بۆ دانانی کارامەییە پێویستەکانی خاوەنکاران
- زیادکردنی دەرفەتی پەیوەندیدار بە ڕاهێنان لە کاتی کار.

ئێستا دیاریکردنی قوتابیان بۆ پیشەکانی فێرکردن و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی زیاتر بە پیشاندانی هەلەکان لەم چوارچێوەدا بەستراوەتەوە بە خواستی بازاڕی کارەوە. ژمارە و تیکەڵاوی بەرنامەکانی پیشەیی، بەتایبەت لە قوتابخانەکانی پیشەیی ئامادەیی و ناوەندەکانی ڕاهێنانی وەزارەتی کاروبای کۆمەڵایەتیدا بە شێوەی سەرەکی لە درێژایی کاتدا نەگۆڕدراوە و جۆراوجۆری بە ڕادەی پێویستی نییە. گەرچی لە بەرنامەکانی وانەیی فێرکردن و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەییدا خولێکی فێرکاری دوو مانگە لە لای کەرتی حکوومی یان تایبەت لەبەرچاو گیراوە، بەڵام بە پێویستی پەیوەندی بە بواری خوێندنەکانی قوتابیانەوە نییە و بەبێ دەستەبەرکردنی کوالیتییە. سەرەڕای ئەوە، یەکێک لەو چاکسازیانەی کە لە پەیوەندی لەگەڵ فێرکردن و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی باڵادا پلاندارێژی کراوە بریتییە لە زیاکردنی ماوەی خولی ڕاهێنان لە کاتی کار تاکوو شەش مانگ لە خولی دوو ساڵە و تاکوو یەک ساڵ لە خولەکانی چوار ساڵەدا. ئەم بابەتە دەبێتە هۆی ئەوە کە دەستپێکی هاریکاری لەگەڵ خاوەنکاران زۆر گرینگ بێت.

ململانەی تر، کوالیتی لاوازی فێرکردن و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەییە چونکە زۆربەی بەرنامەکانی وانەیی ئەو کۆن بووە. یونسکۆ و ڕێکخراوەکانی تر، لەوانە لیژنەکانی دانانی پرۆگرامی خوێندنی فێرکردن و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی لە ڕێگەی بەڕێوەبردنی بەرنامەی کورت خایەن، ڕاهێنانی ڕاهێنەران و بەرنامەکانی دانانی پرۆگرامی خوێندن، خەریکی لێپرسینەوەی ئەم بابەتەن. لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێ کاری زۆر و بەردەوام جێبەجێ بکرێت بۆئەوەی ببێتە هۆی زیادبوون و جێگربوونی تواناییەکانی خۆجێیی بۆ چاکسازی و دانانی پرۆگرامی خوێندن. پرۆگرامی خوێندن نوێ هەروەها پێویستی بە ئامادەکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی هەزاران مامۆستایە.. لە ڕابردوودا، مامۆستایان دەرفەتی ئەمەیان نەبوو کە خۆیان لەگەڵ پێشکەوتنە جێبەجێکراوەکان لە بواری پیشەدا هاوهەنگاو بکەن. لە کاتی تازەکردنەوەی کەرەستەکانی کارگەدا لەوانەیە مامۆستایان پێویستیان بە دوبارە فێرکردنەوەی هەبێت. جگە لەوەش، بەرنامەکانی ڕاهێنانی بابەتەکانی خوێندنی زانکۆیی پەیوەندیدار بە بەرنامەکانی پیشەیی ئامادەیی، نوێکردنەوە و گۆڕانکاری یەکسانیان لەگەڵ بەرنامەکانی وانەیی خولەکانی پێشەکی ئامادەیی تاقی نەکردۆتەوە. کەوایە ئەو قوتابیانەی ئارەزووی پێشکەوتن لە ئاستی فێرکردن و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی ئامادەیی بە باڵایان هەیە، بە شێوەی ئاسایی کارامەیی ئەکادمیکیان بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارە نییە.

بەڕێوەبەرایەتی فێرکردن و راهێنانی تەکنیکی و پیشەیی پێویستی بە سەرنجدان هەیە. ئەم بابەتە ئێستا لە نێوان سێ وەزارەتدا بە سیاسەت و بواری ناوەندییەتی و جیا لەیەک دابەش کراوە. هەماهەنگییەکی کەم لە نێوان وەزارەتەکانی بەرپرسی فێرکردن و راهێنانی تەکنیکی و پیشەییدا هەیە، وەها کە بەرنامەکانی وانەیی ئەوان لە ئاستە جیاوازەکاندا لەگەڵ یەکترهەماهەنگ نییە. ناوەندیەتی بڕیاردان سەبارەت بە پێشکەشکردنی ڕاهێنانی پیشە، دیزاینی پرۆگرامی خوێندن و پێوەرەکانی لێوەشاوی قوتابیانیش لەوانەیە پێشکەشکارانی ڕاهێنانی فێرکردن و راهێنانی تەکنیکی و پیشەیی بۆ وەڵامدانەوەی خواستەکانی بازاڕی ناوچەیی سنووردار بکات.

زۆربەی قوتابیان و بنەماڵەکانیان فێرکردن و راهێنانی تەکنیکی و پیشەیی سەبارەت بە ڕاهێنانی زانکۆیی لە پلەی دووهەم دادەنێن. هەم لە ئاستی ئامادەیی و هەم لە ئاستی باڵادا، ئەو قوتابیانەی کە کردارێکی لاوازتریان هەیە بواری فێرکردن و راهێنانی تەکنیکی و پیشەیی هەڵدەبژێرن یان بۆ ئەم بوارە دیاری دەکرێن. بە سەرنجدان لە بایەخی ڕوو لە گەشەی فێرکردن و راهێنانی تەکنیکی و پیشەییدا لە ئامادەکردنی قوتابیان بۆ پیشە لە ئابووری ڕوو لە گەشەی ئەم ناوچەیەدا، هۆیەک نییە کە کەوتنەبەردەست یان ناونووسینی ئەو قوتابیانەی کە کرداری باشتریان لە بواری فێرکردن و راهێنانی تەکنیکی و پیشەییدا هەیە، سنووردار بکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، سیستەمی ناوبراو دەبێ کوالیتی و ئاکامی خۆی بە شێوەیەکی بەرچاو باشتر بکات بۆئەوەی بتوانێت قوتابیانی باشتر ڕابکێشێت.

دەرەنجامی کۆتایی بریتییە لە پێشکەشکردنی نیشانەی بڕواپێکراو و جێگر بۆ خاوەنکاران لە پەیوەندی لەگەڵ لێوەشاوی دەرچووانی سیستەمی فێرکردن و راهێنانی تەکنیکی و پیشەیی. جگە لە ڕاهێنانی پیشەیی ئامادەیی کە لەودا تاقیکردنەوەی نەتەوەیی دەرچوون لە خوێندن بەڕێوە دەچێت، دەرکردنی بڕوانامەی "لێوەشاوی" کەسانی دەرچوو لە پەیمانگا تەکنیکییەکان و خوێندنی باڵا لە ئەستۆی مامۆستا، پەیمانگا یان ناوەندەکانە. لە ئاکامدا هیچ پێوەرێک نییە کە خاوەنکاران بتوانن بە پێی ئەو دادوەری بکەن کە ئاخۆ دەرچووان بە ڕادەی پێویست بۆ پیشە ئامادەن یان نا.

پەروەردە و پەیمانگا پەروەردەییەکان بە مەبەستی دیاریکردنی پێوەرەکانی پیشەیی، دیاریکردنی بەرنامە پیشەییەکان کە دەبێ پێشکەشی بکەن، دیاریکردنی رێژەی ویستراوی ناونووسینی فێرخوازان، و دارشتنی بەرنامە پەروەردەییەکان، پێویستیان بە زانیاری رێکوپێکە سەبارە بە داخوازی بۆ دامەزراندنی فەرمانبەران و کارامەییەکان. زانیارییەکان سەبارەت بە کارامەییە پێویستەکان لە کەرتی تایبەتییشدا هێشتا کۆنەکراوەتەوە، لە حاڵێکدا زانیارییەکان بۆ بەهێزکردنی گەشەسەندن و پەرەسەندنی زیاتر پێویستە.

لەم بەشەدا بۆ شیکردنەوەی نموونەکانی دامەزراندنی هەنووکەیی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، بە شێوەی گشتی لە زانیارییە وەدەست هاتووەکان لە راپرسی هێزی کاری هەرێمی کوردستانی عێراق 2012[1] و راپرسی دامەزراوە بازرگانییەکانی RAND کە سەرلەنوێ لە ساڵی 2012 دا ئەنجامدرا، کەڵک وەرگیراوە تاکوو وێنەیەکی تەواو لە شوێنی کۆبوونەوەی پیشەکان و چۆنیەتی گونجانی لەگەڵ رێژەی پێشکەش کردنی ئەوانەی خوێندنی ئامادەییان تەواو کردووە لە بەرانبەر خولی پەروەردەی باڵای TVET دا وەدەست بێت؛ رێژەی ئامادەبوونی هێزی کاری خۆجێیی بە یارمەتی خاوەن کارەکان هەڵدەسەنگێنرێت، تاکوو بەم شێوەیە بۆشاییەکانی کارامەیی کە پێویستیان بە لێکۆڵینەوەیە بناسرێن؛ و کارامەییەکانی خاوەنکاریش هەڵسەنگێنرێت تاکوو بتوانین کۆمەڵێک راسپاردە لە بواری باشتربوونی هاوسەنگی نێوان ناوەرۆکی TVET و پێداویستییەکانی بازاری کار پێشکەش بکەین.

لە دەرئەنجامی شیکاریدا، چەند دۆزینەوەیەکی گرینگمان بەدەستهێنا. لە ئێستادا، حکومەت نزیکەی نیوەی هێزی کاری دامەزراندووە. ئێمە تێگەیشتن کە خوێندنی ئامادەیی لە رشتە تەکنیکییەکاندا ئامادەبوونی پێویست بۆ کارکردن لە زیاتر لە دوو لە سێی ئەو پیشەگەلەی لە ئابووری هەرێمی کوردستانی عێراقداهەیە، درووست دەکات. ژمارەیەکی بەرچاو لە خاوەن کارەکان مەزەندەیان کردووە کە رێژەی ئامادەبوونی ئەو کەسانەی خوێندنیان تەواو کردووە کەمە- زیاتر لە دوو لە سێی خاوەن کارەکان دەڵێین ئەوکەسانەی خوێندیان لە پەیمانگاکانی پەروەردەیی ئامادەیی و خوێندنی باڵای KRI یان تەواو کردووە، بۆ چوونە نێو بازاری کارەوە ئامادە نین. ئەو خاوەنکارانەی لە پەیداکردنی خوازیارانی پیشەکاندا تووشی دژواری دەبن؛ زیاتر لە دامەزراندنی هێز لە بەشی تەکنیکی، فرۆش و خزمەتگوزارییەکان راژەخوازان، پرۆسەی کارخانە، و کارپێکەری کەرەستە ئامێرەکانیشدا کێشییان هەیە. خاوەن کارەکان گوتوویانە ئەو کەسانەی لە ئەنستیتۆکانی پەروەردەییKRI دا خوێندنیان تەواو کردووە پێویستیان بە وەدەستهێنانی کارامەییەکانی نووسین و ژمێریاری، تەکنەلۆجیای زانیاری، و کارامەیی تەکنیکی و کردەوەیی، رێژەیەکی کەمی شارەزاییەکانی زمانە. خاوەنکارانی بەشداربوو لەم راپرسییەدا لە سەر کارامەییە "نەرم" کان، وەکوو کارامەییەکانی زارەکی و پێوەندییەکان و توانایی لە هەڵسووکەوت و درووست کردنی پەیوەندی لەگەڵ راژەخوازاندا، جەخت دەکەنەوە، و بە پێی دەرئەنجامە وەدەست هاتووەکان لە وتووێژەکانمان لەگەڵ خاوەن کارە هەڵبژاردەکاندا، ئێمە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا لەگەڵ نەبوونی ئەم بابەتانەدا رووبەڕووین.

لە لێکۆڵینەوەی دەرئەنجامی راپرسییەکەمان لە خاوەن کارەکان، خوێنەران دەبێ دوو خاڵی لاواز لە بەرچاو بگرن. یەکەم ئەوەی کە راپرسیەکانی ئێمە تەنیا کاری لەسەر بەشی فەرمیتری لە ئابووری کەرتی

[1] دامەزراوەی RAND بە هاوکاری نووسینگەی هەرێمی کوردستان (KRSO) ئەم راپرسییە کە لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەیەکی پەیوەندیداری تردا لە لایەن RAND جێبەجێ بووە، دارێژراوە و رشتە بەندی کراوە. بۆ زانیاری زیاتر،سەردانی ئابرامزۆن و هاوکاران (Abramzon et al 2013) بکەن.

تایبەتی KRI کردووە. کۆمپانیا بچووکەکان کە کەمتر لە پێنج فەرمانبەریان هەیە، لە ڕاپرسیەکەی ئێمەدا نەگونجێندراون. ڕەنگە خاوەنکارەکان لەم بەشە لە ئابووریدا بە نیسبەت ئەو خاوەنکارانەی کە ڕاپرسیمان کردوون، پێویستیان بە کارامەیی کەمتر بێت. لەگەڵ ئەمەشدا،ئەوانیش لە ڕێژەیەک لە زانیاری و کارامەییە پێشکەووتووەکانی بەشداربووانی هێزی کاری بەهرە دەبەن. دووەم ئەوەی کە کاردانەوەی خاوەن کار بە نیسبەت پرسیارەکانی ڕاپرسییەوە نیشاندەری وێنای ئەوانە لە کارامەییەکانی فەرمانبەرەکانی خۆیان و ئەو کارامەییانە کە خۆیان پێویستیانە، و نە هەڵسەنگاندنی ڕاستەقینەی ئەوان لە کردەوەی فەرمانبەرەکانی خۆیان یان کارامەییەکانی پێویست بۆ دەست بە کار بوون.

## نموونەکانی دامەزراندنی هەنووکەیی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا

لە ئێستادا،بەشەکانی دامەزراندنی سەرەکیKRI بریتییە لە:

- دامەزراوە حکومیەکان، پێکهاتوو لە وەزارەتەکان(بۆ نموونە، تەندرووستی، پەروەردە، کارەبا) و پەیمانگا حکومییە تایبەتەکان کە بەرپرسیارێتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکانیان لە ئەستۆیە (51 لە سەد)
- بیناسازی (13 لە سەد)
- بازرگانی کۆفرۆشی و تاکفرۆشی (11 لە سەد)
- کشتوکاڵ،ڕاو،وماسیگرتن (6 لە سەد)
- گواستنەوە (6 لە سەد).

خشتەی 3.1 چالاکییە ئابوورییە تایبەتەکانی بە نیسبەت فەرمانبەرەکانیانەوە ڕیزبەندی کردووە و چالاکییەکانی کەرتی حکومی و تایبەتی لێک جودا دەکاتەوە. فەرمانگەی کارگێڕی گشتی و بەرگری بەیەکەوە زۆرترین فەرمانبەریان هەیە لە هەرێمی کوردستان، 23 لە سەد، لە دامەزراندنی کەسەکان لە KRI داخۆ گرتووە. وەزارەتی پەروەردە لە کەرتی حکومیدا دووەمین و بە گشتی چوارەمین وەزارەتە کە زۆرترین بەشی هەیە لە دامەزراندنی کەسەکاندا. لە بەشی تایبەتیدا، بیناسازی زۆرترین بەشی دامەزراندنی لە خۆگرتووە و بە گشتی دووەمین کاری پیشەساز بە ئەژمار دێت، لە حاڵێکدا بازرگانی زۆر و وردەفرۆشی لە بەشی تایبەتیدا دووەمین و بە گشتی سێیەمین پیشەیەکە کە زۆرترین بەشی هەیە لە دامەزراندنی کەسەکاندا. شەش لە سەدی هەموو فەرمانبەرانی KRI لە بەشی کشت و کاڵدا ئیش دەکەن.

هیچ جۆرە پێشبینیەکی فەرمی سەبارەت بە گەشەسەندنی ئابووری بۆ KRI نیە. لەگەڵ ئەمەشدا، KRI دەیەوێ کەرتی تایبەتی لە دامەزراندنی هەموو هێزەکاندا بەرز بکاتەوە. لە کەرتی تایبەتیدا،ڕەنگە بازرگانی زۆر و وردەفرۆشی، گواستنەوە، تا ڕادەیەک خزمەتگوزارییە ئابووری و داراییەکان بە هۆی بەرزبوونەوەی چالاکی دەرخستنی نەوت لە ناوچەکەدا گەشە بکەن زێدە لەگەڵ،لێکۆڵینەوەکانی لەسەر بنەمای رابردوو سەبارەت بە شێوازەکانی ئابووری نیشان دەدەن کە بەشەکانی"نابازرگانی" وەکوو (دەستفرۆشی، هۆتێلداری، و گەشتوگوزاری)، بازرگانی زۆر، و گواستنەوە، وڵاتەکانی هاوئاست لەگەڵ KRI[2] دا گەشەیان کردووە (شاتزوهاوکارەکانی، 2012).[3] زێدە لەگەڵ چاوەڕوان دەکرێت بیناسازی هەوەها سەچاوەی سەرەکی دامەزراندنی کەسەکان بێت. لە هەمان کاتدا،ڕەنگە بە سەرنج دان لە رکەبەرایەتی وڵاتانی تر لە ناوچەکەدا، KRI لە پەرەپێدانی بەشی وەبەرهێنانی رکابەرایەتیدا تووشی کێشە بێت. زێدە لەگەڵ لێکۆڵینەوەکانی لەسەر بنەمای رابردوو نیشان دەدەن کە بەشی وەبەرهێنان، سەرچاوەی سەرەکی گەشەسەندنی دامەزراندن نەبووە لە وڵاتە هاوئاستەکاندا(شاتزوهاوکارەکانی، 2012).

#### TVET دەتوانێ کەسەکان بۆ دامەزراندنی زۆربەی پیشەکان ئامادە بکات

خشتەی 2.3 ڕێژەی دامەزراندنی هەنووکەیی و دامەزراندنی بەشی تایبەتی لە KRI دا نیشان دەدات کە دابەش بووە بۆ سێ دەستەی پیشەی تایبەتیدا:

---

[2] گەشەسەندنی وڵاتە هاو ئاستەکان وەکوو ئەرجەنتین، ئازەربایجان، کۆلۆمبیا، ئێکوادۆر، کازاخستان، مالیزیا، ڕۆمانیا، پێرۆ، ئەفریقیای باشوور، و ڤەنزویلا، لە ساڵەکانی 1995 تا 2008 بەردەوام بووە. زۆربەی ئەم وڵاتانە وەکوو KRI پڕن لە سەرچاوەکانی وزە یان سرووشتی.

[3] شتومەکە نابازرگانییەکان بەو کۆمەڵە شتومەکانە دەوترێت کە لەگەڵ بەرهەمهێنانیاندا بەکار دەهێنرێن. ئەم شتومەکانە بریتین لە بیناسازی و خزمەتگوزارییەکان(خانووبەرە، خزمەتگوزارییە کەسێتییەکان، گەشتوگوزار). زۆر جار شتومەکە بازرگانییەکان لە بازاڕی نێونەتەوەییدا دەفرۆشرێن. ئەم شتومەکانە بریتین لە کەرەستەکانی کشتوکاڵ، کانزا دەرهێنراوەکان، و نەوت.

**خشتەی 1.3**
**ڕێژەی سەدی فەرمانبەران،بە جیاکردنەوەی کەرت، 2012**

| بەشی | هەموو فەرمانبەرەکان |
|---|---|
| حکومەت | |
| فەرمانگەی کاروبای گشتی و سەربازی | 23 |
| پەروەردە | 10 |
| پۆلیس و ئاسایش | 4 |
| خزمەتگوزارییەکانی کارگێڕی و پشتیوانی | 3 |
| تەندرووستی گشتی و کاری کۆمەڵایەتی | 3 |
| دامەزراندنەکان (کارەبا، ئاو، و ئاوەڕۆ) | 2 |
| ئەوانی تر[ئا] | 6 |
| کۆ | 51 |
| تایبەتی | |
| بیناسازی | 13 |
| بازرگانی زۆر و وردەفرۆشی | 11 |
| کشتوکاڵ، ڕاو، و ماسیگرتن | 6 |
| گواستنەوە و پاشەکەوتکردن | 6 |
| خزمەتگوزارییە کەسێتی و کۆمەڵایەتییەکانی تر | 4 |
| پسپۆڕ، زانستی و تەکنیکی | 2 |
| وەبەرهێنان | 1 |
| خزمەتگوزارییەکانی خانووبەرە و خۆراک | 1 |
| دارایی | 1 |
| وەبەرهێنانی کەلوپەلی ناو ماڵ | 1 |
| ئەوانی تر[ب] | 4 |
| کۆ | 50 |
| کۆی گشتی | 100 |

سەرچاوە: (2012) KRLFS.

سەرنج: کەرتی گشتی لە حکومەت و کۆمپانیا حکومیەکان دروست دەبێت. کەرتی تایبەتی لە ڕێکخراوە تایبەتییەکان، تێکەڵاو، کوردی یان عێراقی ناحکومی، ڕێکخراوە تایبەتییە دەرەکی، ڕێکخراوەی حکومی دەرەکی یان ڕێکخراوەی ناحکومی دەرەکی (NGO) درووست دەبێت. ڕەنگە بە هۆی کۆکردنەوەی ژمارەکانەوە، کۆی گشتی 100 لەسەد نەبێت.

[ئا] چالاکییە ئابوورییەکان لەخۆدەگری کە بە گشتی کەرتی گشتی بەڕێوەیان دەبات بەڵام کەرتی تایبەتیش کەمێک تیایاندا بەشدارە.

[ب] چالاکییە ئابوورییەکان لەخۆدەگری کە بە گشتی کەرتی گشتی بەڕێوەیان دەبات بەڵام کەرتی تایبەتیش کەمێک تیایاندا بەشدارە. زێدە لەگەڵ کەرتەکانی تریش بەشێکی کەمیان لە دامەزراندنی کەسەکاندا هەیە وەکوو دەرخستنی کان (0.2 لەسەد)، زانیاری و پەیوەندی(0.3)، کاروباری ئابووری و دڵنیایی (0.1)، سەرگەرمی کارە هوونەرییەکان(0.2)، و چالاکییەکانی ڕێکخراوەکانی دەرەوەی سنوور(0.2).

**خشتەی 3.2**
**ڕێژەی سەدی هەموو فەرمانبەران و فەرمانبەرانی کەرتی تایبەتی، بە جیاکردنەوەی پیشە،2012**

| پیشە | هەموو فەرمانبەرەکان | فەرمانبەرانی کەرتی تایبەتی |
|---|---|---|
| ئەو پیشانەی پێویستیان بە خوێندنی باڵایە | | |
| بەڕیوەبەران | 4 | 3 |
| پسپۆران | 11 | 5 |
| تەکنیککارەکان و پسپۆرە یاریدەرەکان | 3 | 2 |
| کۆ | 18 | 10 |
| ئەو پیشانەی تەواوکردنی خوێندنی تەکنیکی و پیشەیی خولی ئامادەیی دەبێتە هۆی ئامادە بوونی پێویست بۆ دامەزراندن لەو پیشانەدا. | | |
| فەرمانبەرانی پشتیوانی فەرمانگەیی | 14 | 2 |
| کارمەندانی بەشی خزمەتگوزاری و فرۆش | 23 | 34 |
| کارگەرانی شارەزا لە بواری کشتوکاڵ، دارستان، و ماسیگرتن | 6 | 11 |
| کارمەندانی پیشەی دەستی و پیشەوەرانی تری پەیوەندیدار | 9 | 18 |
| کارپێکەرەکان و دروستکەرەکانی کارگە و مەکینە | 5 | 8 |
| کۆ | 56 | 72 |
| پیشە سەرەتاییەکان | 12 | 18 |
| پیشەکانی هێزە چەکدارەکان | 14 | 1 |
| کۆی گشتی | 100 | 100 |

سەرچاوە: (2012) KRLFS.

سەرنج: ڕەنگە بە هۆی کۆ کردنەوەی ژمارەکانەوە، کۆی گشتی 100 نەبێت.

- ئەو پیشانەی کە زۆرجار پێویستیان بە پەروەردەی باڵای ئەکادیمی یان ڕاهێنانی تەکنیکییە
- پیشەگەلێک کە ڕەنگە ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی خولی ئامادەیی ئامادەبوونە پێویستەکان بۆ جێبەجێ کردنیان ئامادە بکات
- پیشەگەلێک کە زۆرجار پێویستی بە هیچ جۆرە ئامادەبوونێکی تایبەتی نیە، یان"پیشە سەرەتاییەکان[4]

بە پێی نموونەی دامەزراندنی وەدەست هاتوو لە دەرئەنجامەکان، بۆ دەستبەکار بوون لە زۆربەی ئەو ئیشانەدا کە لە ئابووریدا KRI دا هەیە تەنیا ئەوەندە بەسە کە کەسانی ڕاهێنانی تەکنیکی تاکوو ئاستی ئامادەیی بگەیەنن. زۆربەی فەرمانبەرانی بەشی تایبەتی (72 لە سەد) لە لەو پیشانەدا کار دەکەن کە پەروەردەی تەکنیکی و پیشەیی ئامادەیی بۆ ئەوان بەسە، وەکوو کرێکارانی خزمەتگوزارییەکان، کرێکارانی بەشی بازرگانی و پیشە، و کارپێکەرانی کارگە و ئامێرەکان. پسپۆڕان، تەکنیکاران،ویاریدەدەری پسپۆڕ کە دەبێ خولی پەروەردەی باڵا ببینن، بە شێوەیەکی ناڕێکوپێک دامەزراون. ئەوان ڕێژەیەکی کەم لە هەموو فەرمانبەران (18 لە سەد)، و تەنیا 10 لەسەدی فەرمانبەرانی بەشی تایبەتی بۆ خۆیان دادەنێن.

ڕێک وەکوو ئابووری گشتی KRI، ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی خولی ئامادەیی بۆ زۆربەی پیشەکان نزیکە بە هەموو بەشەکانی ئابووری بەسە. بۆ نموونە،لە بەشی وەبەرهێناندا، 72 لەسەدی فەرمانبەرەکان لەو جۆرە پیشانەدا کاردەکەن، لە حاڵێکدا 13 لەسەدی ئەوان پیشەیەکیان هەیە کە پیویستی بە بینینی پەروەردەی باڵایە

[4] لە پاشکۆدا ریزبەندییە پیشەییەکان بە وردەکاری زیاترەوە پێشکەش کراون.

**خشتەی 3.3**
**رێژەی سەدی فەرمانبەرانی بەشی تایبەتی، بە جیاکردنەوەی جۆری پیشە و کەرت، 2012**

| بەشی | ئەو پیشانەی پێویستیان بە خوێندنی باڵایە(ISCED 5) | ئەو پیشانەی بۆ دامەزراندن لەواندا خوێندنی تەکنیکی و پیشەیی خولی ئامادەیی بەسە(ISCED 3) | ئەو پیشانەی بە هیچ شێوەیەک پێویستیان بە خوێندنی فەرمی نیە | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| کشتوکاڵ، راو، و ماسیگرتن | 4 | 93 | 4 | 100 |
| وەبەرهێنان | 13 | 72 | 15 | 100 |
| بیناسازی | 9 | 64 | 27 | 100 |
| بازرگانی زۆر و وردەفرۆشی | 6 | 87 | 8 | 100 |
| گواستنەوە و پاشەکەوتکردن | 6 | 73 | 22 | 100 |
| خزمەتگوزارییەکانی خانووبەرە و خۆراک | 9 | 44 | 47 | 100 |
| دارایی | 16 | 72 | 12 | 100 |
| پسپۆڕ، زانستی و تەکنیکی | 26 | 60 | 14 | 100 |
| خزمەتگوزارییە کەسێتی و کۆمەڵایەتییەکانی تر | 8 | 61 | 31 | 100 |
| وەبەرهێنانی کەلوپەلی ناو ماڵ | 3 | 89 | 8 | 100 |
| ئەوانی تر | 26 | 52 | 23 | 100 |
| هەموو فەرمانبەرانی کەرتی تایبەتی | 9 | 72 | 18 | 100 |
| هەموو فەرمانبەرەکان | 21 | 66 | 13 | 100 |

سەرچاوە: KRLFS (2012).
سەرنج: رەنگە بە هۆی کۆ کردنەوەی ژمارەکانەوە، کۆی گشتی 100 نەبێت.

و پیشە 15 لەسەدی ئەوان پێویستیان بە هیچ جۆرە پەروەردەیەکی فەرمی نیە. (خشتەی 3.3). سەبارەت بە بەشی بازرگانی زۆر و دەستفرۆشی، خوێندن لە خولی ئامادەیی تەکنیکی و پیشەییدا بۆ زۆرێک لە فەرمانبەرەکان — 87 لەسەد — بەسە، بەڵام 6 لەسەدی ئەوان دەبێ خوێندنی باڵایان هەبێ و 8 لەسەدی تریش پێویستیان بە پەروەردەی فەرمی نیە. لە بەشەکانی تردا، بەشی ئەو فەرمانبەرانەی کە ئەوەندە بەسە کە خولی تەکنیکی و پیشەییان خوێندووە، لە 52 تا 93 لەسەدە.

بەگشتی،نموونەکانی دامەزراندنی هەنووکەیی نیشان دەدەن کە راهێنانی تەکنیکی و پیشەیی خولی ئامادەیی دەتوانێ رۆڵێکی گرینگ لە پەروەردەی خوازیارانی بازاڕی کار لە داهاتوودا دەگێڕێت. زۆربەی پیشەکان لە بەشی تایبەتیدا پێویستیان بە کارامەییە تەکنیکییەکانی کەسەکانە. بەرنامەکانی راهێنانی تەکنیکی و پیشەیی دەتوانن بۆ ئامادەبوونی سەرەتایی کەسەکان بۆ دامەزراندن لە پیشەکاندا یارمەتی بدەن.

## ئەزموونەکانی دامەزراندنی خاوەنکاران

لەگەڵ ئەوەیدا ئەو کەسانەی کە خوێندنی باڵایان نیە دەتوانن زۆربەی ئەو ئیشانەی لە KRI دا هەیە جێبەجێ بکەن، بەڵام خاوەن کارەکان گوتوویانە کە کەسانی دامەزراو هەمیشە بۆ جێبەجێکردنی کار ئامادەیی تەواویان نیە. دۆزینەوەی کەسانی هەڵگری مەرجەکان بۆ هەندێ لە پیشە دژوارەکانە، هەر بەو هۆیەوە خاوەن کارەکان ناچارن لە دەرەوەی KRI دا بەدوای فەرمانبەردا بگەڕێن. لە خوارەوە،ئێمە وتەکانی خاوەن کارەکانی KRI سەبارەت بە ئامادەبوونی کەسە خۆجێییەکان کە لە پەیمانگاکانی خولی ناوەندی و پەروەردەی باڵا خوێندنیان تەواو کردووە، دەرفەتە پیشەییەکان کە دۆزینەوەی کەسانی شیاوی ئەوانە دژوارە، و ئەوەی کە هەندێ جار ئەوان چۆن بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی پەیوەندیدار بە هێزی کاری خۆی روو لە دەرەوەی KRI دەکەن، تاوتوێ دەکەین.


**ئامادەباشی هێزی کاری ناوخۆیی بۆ کارکردن**

بە پێی وتەی ژمارەیەکی بەرچاو لەو خاوەنکارانەی ڕاپرسیمان لەگەڵدا کردوون، تەواوکەرانی خوێندنی جۆحێیی و پەیمانگاکانی TVET ئامادەیی پێویستیان بۆ چوونە نێو بازاڕی کارەوە نیە. نزیکەی 40 لەسەدی خاوەن کارەکان گووتیان کە تەواوکەرانی خوێندنی فێرگە ئامادەییەکان بە ڕێژەیەکی کەم یان زۆرکەم بۆ چوونە نێو بازاڕی کارەوە ئامادەن، و ژمارەیەکی کەمتر لەوان (25 لەسەد) گووتوویانە کە تەواوکەرانی خوێندنی پەیمانگاکانی پەروەردەی باڵا – پەیمانگاکان و زانکۆ تەکنیکییەکان – بە ڕێژەیەکی کەم یان زۆر کەم بۆ چوونە نێو بازاڕی کارەوە ئامادەن. زێدە لەگەڵ، 25 لەسەدی خاوەن کارەکان گووتوویانە کە بۆ دۆزینەوەی کەسانی هەڵگری مەرجەکان بۆ دەرفەتە پیشەییەکان کە پێویستیان بە پەروەردەی ئامادەیی بووە، تووشی کێشە بوون. باوترین کەموکورتییەکان کە لەگەڵیدا ڕووبەڕوو بوونەتەوە، بریتین لە:

- نەبوونی ئەزموونی کاری پێشوو، 40 لەسەدی خاوەن کارەکان ئاماژەیان بەم خاڵە کردووە
- نەبوونی بەڵگەی خوێندن بۆ پیشەی مەبەست (31 لەسەد)
- کەمبوونی کارامەییە گونجاوەکان (21 لەسەد).

لە لێکۆڵینەوەکانی تریشدا دەرەنجامی هاوشێوە ڕاپۆرتکراون. پەنجاویەک لەسەدی کۆمپانیا تایبەتییەکان لە سلێمانیدا و 32 لەسەدی ئە کۆمپانیایانەی کە لە هەولێردا ڕاپرسیان لەگەڵدا کراوە، گووتوویانە کە بەربەستی سەرەکی لە کاسبیدا بوونی ئەو هێزی کارانەیە کە خوێندنی گونجاویان نیە( بانکی جیهانی، 2012). زێدە لەگەڵ ڕاپرسیەک لە پەیمانگا بچووک و ناوەندەکان (بۆ نموونە، ئەو پەیمانگایانەی سێ تا 30 فەرمانبەریان هەیە) لە سەرتاسەری 15 پارێزگا لە عێراقدا نیشانی دا کە لە پارێزگای هەولێردا، کەمبوونی کارامەییە پێویستەکان بۆ ئەرکەکانی مەبەست و نەبوونی ڕێسا لە شوێنی کاردا، گرنگترین نیگەرانییەکانی خاوەنکارەکانە لە پەیوەندی لەگەڵ فەرمانبەرەکانیاندا (USAID — عێراق، 2010). لە کۆتاییدا،نزیکەی 78 لە کۆمپانیاکانی نۆژەن کردنەوەی ئۆتۆمبێل و لانی کەم 40 لەسەدی کۆمپانیاکانی پەیوەندیەکان کە لە لایەن یونیسکۆ و پەیمانگای

**شێوەی 1.3**
**ڕێژەی سەدی خاوەنکاران بەپێی ئاستی ئامادەباشی دەرچووانی ناوخۆ و ئاستی پەروەردە**




سەرچاوە: هەڵسەنگاندنی ڕێکخراوە تیجاریەکان لەلایەن RAND ـەوە (2012).
تێبینی: N= 360. پرسیاری هەڵسەنگاندن ئەمە بوو: "دەرچووانی خوێندنگە و زانکۆکانی هەرێمی کوردستان <type of school> تا چ ڕادەیەک ئامادە کراون بۆ کارکردن؟"
RAND RR277-3.1

ئایکۆنەوە(2012) راپرسی کراون گووتوویانە کە تەواوکەرانی خوێندنی فێرگە ئامادەییەکان و پەیمانگاکانی تەکنیکی پەروەردەی باڵا بۆ چوونە نێو بازاڕی کارەوە کەم یان زۆر کەم بووە.


**ئەو پیشانەی کە دامەزراندنی کەسەکان لە نێو KRI دا زۆر دژوارە**

بە تێکرا،نزیکەی 30 لەسەدی ئەو خاوەنکارانەی کە راپرسیان لێکراوە، راپۆرتیان داوە کە لە دامەزراندنی کەسەکاندا لە نێو KRI دا لە هەندێک لە پیشە تایبەتەکاندا تووشی کێشە بوون. خاوەن کارەکان لە زۆربەی بابەتەکاندا ئاماژەیان کردووە بە پیشە تەکنیکییەکان (37 لەسەد) و گووتوویانە کە دۆزینەوەی فەرمانبەرانی هەڵگری مەرج لە نێوان کەسانی خۆجێیدا بۆیان دژوار بووە (هێڵکاری 2.3). نزیکەی 20 لە سەدی خاوەن کارەکان لە دامەزراندنی کەسەکاندا لە کۆمەڵێک لە پیشەکانی تردا، وەکوو فرۆش و خزمەتگوزارییەکان، خزمەتگوزارییە کەسێنییەکان، کارپێکەرەکانی کارگە و ئامێرەکان، و بازرگانییەکان، تووشی کێشە بوون.

**خاوەن کارەکان هەندێ لە پێویستییەکانی پەیوەندیدار بە هێزی کاری خۆیانەوە لە دەرەوەی KRI دابین دەکەن**

یەکێکی تر لەو بابەتانە نیشان دەدات کە هێزی کاری خۆجێیی بە تەواوەتی بۆ دابین کردنی پێویستییەکانی خاوەن کارەکانی بەشی تایبەتی ئامادە نین، ژمارەیەکی زۆر لە خاوەن کارەکانە(50 لەسەد) کە راپۆرتیان داوە کە فەرمانبەرەکانی خۆیان لە دەرەوەی KRI دامەزراندووە نێوەنجی فەرمانبەرانی ناوچەکانی تر لە نێوان ئەو خاوەنکارانەی راپرسیان لێکراوە، 17 لەسەد بووە(هێڵکاری 3.3).[5] شیانی دامەزراندنی فەرمانبەر لە دەرەوەی لە نێوان خاوەنکارانی ئەو کۆمپانیایانەی گەورەترن بە نیسبەت خاوەنکارانی کۆمپانیا بچووکەکان یان نێوەنجەکانەوەزۆر زیاتر بوو، لە حاڵێکدا نێوەنجی فەرمانبەرانی دامەزراو لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانی


**وێنەی 2.3**
**رێژەی ئەو خاوەنکارانەی لە دامەزراندنی هێزی کاری خۆجێیدا تووشی کێشە هاتوون، بە جیاکردنەوەی جۆری ئەو پیشەیەی لە دامەزراندنی کەسەکان لەواندا تووشی کێشە بوون، 2012**




سەرچاوە: هەڵسەنگاندنی رێکخراوە بازرگانیەکان لەلایەن RAND ـەوە (2012).
تێبینی: N = 104. پرسیاری هەڵسەنگاندن ئەمە بوو: "لە کام لەم گرووپە پیشەییانەی خوارەوە دا پەیداکردنی هێزی کار لە ناوچەکە بۆ ئێوە ئاسان نیە؟"
RAND RR277-3.2

[5] بە پێی هەڵسەنگاندنی KRLFS لە کەرتی تایبەتیدا نزیکەی 10 لەسەدی فەرمانبەرەکان لە نێو هەرێمی کوردستانی عێراقدا دانەمەزراون.

**وێنەی 3.3**
**نێوەنجی ڕێژەی ئەو فەرمانبەرانەی خەڵکی هەرێمی کوردستانی عێراق نین، بە جیاکردنەوەی رادەی کۆمپانیا و کەرتی ئابووری، 2012**




aکاندەرهێنان و بەرهەمهێنان دەگرێتەوە (کۆدی ISIC ی 5 تا 33).
bبیناسازی، گواستنەوە و خزمەتگوزاری دەگرێتەوە (کۆدی ISICای 35 تا 43، 49 تا 53، و 58 تا 63).
cکاری کۆفرۆشی و تاکفرۆشی، خزمەتەکانی زەویوزار و مڵک و ماڵ و گەشتیاری دەگرێتەوە (کۆدی ISIC ی 45 تا 47، 55 تا 56، 79، 64 تا 66، 68 تا 78، 80 تا 82، 85 تا 99).
سەرچاوە: هەڵسەنگاندنی ڕێکخراوە بازرگانیەکان لەلایەن RAND ـەوە (2012).
تێبینی: N = 355. پرسیاری هەڵسەنگاندن ئەمە بوو: "ژمارەی ئەو کارمەندانە کە هاووڵاتیی هەرێمی کوردستانی عێراق، هاووڵاتیی شوێنەکانی دیکەی عێراق؛ هاووڵاتیی وڵاتانی دیکەن چەندە؟"
RAND RR277-3.3

عێراق لە پیشەکانی دەرخستنی کان، وەبەرهێنان و کارە ژێرسازییەکان بە نیسبەت خزمەتگوزاری و کارە پسپۆڕییەکان(بۆ نموونە، بازرگانی زۆر و وردەفرۆشی، گەشتوگوزار، دارایی، و خزمەتگوزارییە ئابوورییەکان) زۆر زیاتر بوو.

چاوەڕوان دەکرێت لە داهاتوودا نزیکەی 20 لەسەدی دەرفەتە پیشەییە نوێیەکان کەسانی دەرەوەی KRI پڕیبکەنەوە. خاوەن کارەکانی کۆمپانیا گەورەکان زیاتر لە کۆمپانیا بچووک و نێوەنجەکان ڕایانگەیاندووە کە لە داهاتوودا دەیانەوێ فەرمانبەرەکانیان لە نێوان خوازیارانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق دابمەزرێنن. زێدە لەگەڵ خاوەن کارەکانی بەشی دەرخستنی کان، وەبەرهێنان و کارە ژێرسازییەکان زیاتر لە خاوەن کارەکانی بەشی خزمەتگوزارییەکان و کارە پسپۆڕییەکان پێیان خۆشە کە فەرمانبەرەکانیان لە دەرەوەی KRI دابمەزرێنن.

## کارامەییەکانی داخوازیکراو لە لایەن خاوەنکارەکانی KRI

خاوەن کارەکانی KRI چاوەڕوانن کرێکارەکانیان چ کارامەییەکیان هەبێت؟ ئێمە داوامان کرد لە خاوەنکارەکان تاکوو پێرستێک لە 19 کارامەیی جیاواز، سێ بابەت لە گرینگترین کارامەییەکان دیاری بکەن کە چاوەڕوانن داخوازیکەرانی ئەو پیشانەی پێویستیان بە خوێندنی خولی ئامادەیی و ئەو پیشانەی کە پێویستیان بە خوێندنی باڵایە، بیانبێت. خشتەی 3.4 ڕادەی دووبارەبوونەوەی ئەو کارامەییانە نیشان دەدات کە خاوەن کارەکانیان بەشێک لە سێ کارامەیی گرنگ لە نێوان 19 کارامەییدا داناوە.

بەگشتی،کارامەییەکانی پەیوەندیدار بە هەڵسووکەوت و پەیوەندی لەگەڵ مشتەریەکاندا (پێڕاگەیشتن بە مشتەرییاندا) کارامەییگەلێک بوون کە زۆرترین داخوازییان هەبووە. ئەم کارە بۆ ئەو پیشەگەلەی پێویستیان بە

**خشتەی 4.3**
**ڕێژەی ئەو خاوەنکارانەی کە سێ کارامەییە گرینگەکەیان ڕیز بەندی کردووە، بە جیاکردنەوەی ئاستی خوێندنی پێویست بۆ پێشە، 2012**

| کارامەیی | ئەو پیشانەی پێویستیان بە تەواوکردنی خولی ئامادەییە(ISCED 3) | ئەو پیشانەی پێویستیان بە تەواوکردنی خولی پەروەردەی باڵایە(ISCED 5) |
|---|---|---|
| خوێندنەوە، نووسین، ژمێریاری، و تەکنەلۆجیای زانیارییەکان | | |
| تەکنەلۆجیای زانیاری گشتی | 17 | 16 |
| تەکنەلۆجیای زانیاری پرۆفێشناڵ | 8 | 10 |
| ژمێریاری | 8 | 21[a] |
| خوێندنەوە | 7 | 17[a] |
| نووسین | 8 | 17[a] |
| شارەزایی لە زمانی دەرەکیدا | | |
| ئینگلیزی | 9 | 21[a] |
| عەرەبی | 11 | 9 |
| کارامەییە "نەرم"ەکان | | |
| پەیوەندییە زارەکییەکان | 29 | 20[a] |
| پەیوەندییە نووسراوەکان | 32 | 19[a] |
| پێڕاگەیشتن بە مشتەرییەکاندا | 42 | 21[a] |
| کاریتیمی | 15 | 10 |
| چارەسەرکردنی کێشە | 8 | 6 |
| کارامەیی و ئەزموونە کارییەکان | | |
| زانستی تەکنیکی پسپۆڕانە | 6 | 18[a] |
| ئەزموونە کردەوەیی و تەکنیکییەکان | 18 | 24 |
| بەڕێوەبەرایەتی و بەڕێوەبەری فەرمانگە | | |
| کارگێڕی | 11 | 15 |
| بەڕێوەبەری فەرمانگە | 11 | 10 |
| ئاکار و ڕوانگەکانی کاری | | |
| حەز لە سەخت کارکردن | 32 | 19[a] |
| حەز لە فێربوون | 13 | 11 |
| ڕوانگەی ئەرێنی | 15 | 18 |

سەرچاوە: ڕاپرسی RAND لە پەیمانگاکانی بزنس (2012).

سەرنج: ژمارە= 360. پرسیاری ئەم ڕاپرسییە بریتییە لە: "سەبارەت بەو پیشانەی پێویستیان بە تێپەڕاندنی" ئاستێکی خوێندن "ە بیر بکەنەوە، و ناویسێ کارامەیی یان بەهرەی گرنگ کە تۆ لە داخوازیکەرێکی ئیشدا بەدوایدا دەگەڕێت، بهێنە؟"

[ئا] نیشان دەدات جیاوازی لە ژمارەی جارەکاندا کە کارامەییەک لە نێوان سێ کارامەییە سەرترەکان لەو پیشانەدا کە پێویستیان بە خوێندنی باڵایە، جێدەگرێت لەگەڵ ژمارەی ئەو جارانەی کە ئەو کارامەییانە بۆ ئەو پیشانەی باسدەکرێت کە بە ڕێژەی 1 لەسەد پێویستیان بە خوێندنی خولی ئامادەییە، بە شێوەیەکی بەرچاو جیاوازە.

خوێندنی ئامادەییە، ڕاست بوو. کارامەییە باوەکانی تر کە داخوازیکەرانی پیشەکان دەبێ بیانبێت تاکوو بتوانن لەو پیشانەدا دابمەزرێن کە پێویستیان بە خوێندنی ئامادەییە، حەزیان لە سەخت کارکردن و پەیوەندی نووسراوە و زارەکییە. کارامەییە باو و پێویستەکان بۆ ئەو داخوازیکەرانەی دەیانەوێ لە پیشەگەلێکدا دابمەزرێن کە پێویستیان بە خوێندنی باڵا، ئەزموونی تەکنیکی و کردەوەیی، ژمێریاری و زمانی ئینگلیزیە.

ئێمە لە خوارەوە سەبارەت بە وەڵامەکانی خاوەن کار سەبارەت بە دەستەبەندی کارامەییە پەیوەندیدارەکان وتووێژ دەکەین.

**خوێندنەوە،نووسین، و کارامەییە کردەوەییەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری**

کارامەییەکانی خوێندنەوە و نووسین بۆ ئەو پیشەگەلەی پێویستیان بە خوێندنی باڵایە زۆر گرنگتر و پڕبایەختر لەو پیشانەیە کە پێوێستیان بە بەڵگەی خولی ئامادەییە. زێدە لەگەڵ 35 لەسەدی خاوەن کارەکان کە ئێمە ڕاپرسیمان لێوەکردوون لە کارامەییەکانی نووسین و زمانی هێزی کاری خۆجێیی ناڕازی بوون.

زێدە لەگەڵ ئاشنایی لەگەڵ ژمێریاریدا لەو پیشانەی کە پێویستیان بە خوێندنی باڵایە بەنیسبەت ئەو پیشانەی پێویستیان بە خوێندنی ئامادەییە، گرنگی زیاتری هەیە.

**شارەزایی لە زمانی دەرەکیدا**

زۆرێک لە خاوەکارەکانی کەرتی تایبەتیش بەدوای شارەزاییەکانی زمانی دەرەکییەوەن. هەبوونی شارەزاییەکانی زمانی عەرەبی بۆ ئەو پیشانەی پێویستیان بە خوێندنی ئامادەیی یان باڵایە، وەکوو یەک گرنگن، لە حاڵێکدا شارەزاییەکانی زمانی ئینگلیزی لەو پیشانەدا کە پێویستیان بە خوێندنی باڵایە زیاتر لەو پیشانەی پێویستیان بە خوێندنی ئامادەییە، گرنگە.

پێویست بوون شارەزاییەکانی زمانی ئینگلیزی چەندین جار لە وتووێژەکانی خاوەنکارەکانی ئێمەدا، بەتایبەت لە کۆمپانیا گەورەکان و چەند نەتەوەییدا کە کرێکارە نوێیەکانیان دەبێ لە زمانی ئینگلیزیدا شارەزابن، دیارە. خاوەن کارەکان هەندێک دەستەواژەی وەکوو خوارەوە بەکار دەهێنن:

> کەسێک کە دەتوانێ بە زمانی ئینگلیزی لەگەڵ کەسەکاندا پەیوەندی درووست بکات لەسەرتر دەبن.

خاوەنکارەکانی تر جیا لە زمانی ئینگلیزی ئاماژە بە گرنگی زمانەکان، وەکوو عەرەبی، و لە هەندێ بابەتدا تورکی، بۆ پیشە تەکنیکی و پیشەییەکان، دەکەن. بۆ نموونە،لە یەکێک لە ڕاپرسییەکانی ئەم دواییانە، زیاتر لە 50 لەسەدی کۆمپانیاکانی نۆژەنکردنەوەی ئۆتۆمبێل و زیاتر لە 70 لەسەدی کۆمپانیاکانی پەیوەندیەکان پێیان باشترە فەرمانبەرەکانیان لە زمانی ئینگلیزی و عەرەبیدا شارەزابن(یۆنیسکۆ و پەیمانگای ئایکۆن، 2012). یەکێک لە خاوەنکارەکان گووتی:

> زۆربەی کرێکارەکانم بە زمانی عەرەبی و تورکی و ئینگلیزی قسە ناکەن و ئێمە لە ئیشەکەماندا پێویستمان بەم کارامەییانە نیە. لە هەموو پیشەکاندا دەبێ بتوانی ڕێساکانی کاری سەر ئامێرەکان بخوێنیتەوە.

**کارامەییە "نەرم" ەکان**

کارامەییە نەرمەکان بریتین لە پەیوەندییە زارەکییەکان، کارامەییە کانی نێوان کەسەکان، چارەسەری کێشە، کاری تیمی، و توانایی لە هەڵسووکەوت و درووست کردنی پەیوەندی لەگەڵ مشتەرییەکاندا. هەروەها کە پێشتر ئاماژەی پێکرا،خاوەن کارەکان بۆ دۆزینەوەی کەسانی گونجاو بۆ ئەو پیشانەی پێویستیان بە خوێندنی ئامادەیی یان باڵایە، زیاتر لە هەر کارامەییەک جەخت لەسەر هەڵسووکەوت و پەیوەندی لەگەڵ مشتەرییەکان دەکەنەوە. کارامەییە نەرمە گرینگەکانی تر بۆ دامەزراندن لەو پیشانەدا کە پێویستیان بە خوێندنی ئامادەیی یان باڵایە بریتین لە پەیوەندییە زارەکی و نووسراوە و کاە تیمییەکان. لەگەڵ بەرزبوونەوەی گرینگیدان بە "کارامەییە نەرمەکان" کە لە لێکۆڵینەوەکانی پەیوەندیدار بە خاوەنکارەکان لەسەرتاسەری جیهاندا سەبارەت بە شێوازە نێونەتەوەییەکان ڕاپۆرت دراوە، خاوەنکاری KRI یش لە ڕاپرسییەکەی ئێمەدا جەختی لەسەر "کارامەییە نەرمەکان" دەکاتەوە(ئاکسمان، 2004؛ ڕێکخراوەی جیهانی کار، 2010 ئا؛ساندرگاردوموورسی، 2012؛ ڕێکخراوەی جیهانی کار، 2010 ب؛ ڕێکخراوەی جیهانی کار، 2008؛ بانکی جیهانی، 2010).

بە پێی راپرسی یونیسکۆ و پەیمانگای ئایکۆن(2012)، کۆمپانیاکانی نۆژەنکردنەوەی ئۆتۆمبێل و پەیوەندیەکان لەسەر پێویست بوون بە کارامەییەکانی پێڕاگەیشتن بە مشتەریدا جەخت دەکەنەوە و زۆربەی کۆمپانیا جیاوازەکان دەیانەوێ فەرمانبەرەکانیان ئەم کارامەییانەیان هەبێت. ئەو کۆمپانیانەی لەم لێکۆڵینەوەدا وتووێژمان لەگەڵ کردوون وتوویانە کە یەکێک لە خاڵە لاوازە سەرەکییەکان لە کرێکارەکانی KRI دا نەبوونی کارامەیی کردەوەییە، و پاش ئەوە ئاماژەیان کرد بە کارامەییە نەرمەکان.

زانیارییە چۆنیەتییەکانی ئێمە دۆزینەوەکانی ئەم راپرسییە پشتراست دەکەنەوە. خاوەن کارەکەی ئێمە جەختی کردەوە کە پێویستی بە کەسانێکە کە بتوانن کاروباری نووسین بکات، بە کاری مشتەرییەکاندا رابگات، و لە کارامەییە سەرەتاییەکانی پەیوەندی کە لە شوێن کارێکی پسپۆڕیدا پێویستیان پێیەتی، بیان بێت. زێدەلەگەڵ وتووێژەکان نیشانیان دا کە کارامەییەکانی چارەسەری کێشە و کاری تیمی کرێکارەکان رازی بەخش نیە. بە پێی وتەی یەکێک لە خاوەنکارەکان:

> کاتێکی زۆر دەخایەنێ تاکوو بتوانین ناچاریان بکەین سەبارەت بە کاری تیمی بیر بکەنەوە.

**کارامەییەکان و ئەزموونە پیشەییەکان**

هەروەها کە چاوڕوان دەکرێت، زانستی تەکنیکی و پسپۆڕی بۆ ئەو پیشانەی پێویستیان بە خوێندنی باڵایە بە نیسبەت ئەو پیشانەی پێویستیان بە خوێندنی ئامادەییە، گرنگترن. بەڵام بوونی کارامەییە تەکنیکی و کردەوەییەکانی پێویست بۆ هەردوو دەستەی پیشەکان وەکوو یەک گرنگن.

لە لێکۆڵینەوەی یونیسکۆ و پەیمانگای ئایکۆندا (2012) دەرکەوت کە لە کۆمپانیاکانی نۆژەنکردنەوەی ئۆتۆمبێل و پەیوەندیەکان راپرسی کراوە، داخوازی بۆ ئەو کەسانەی لە شوێنی کاردا ئەزموونی کردەوەییان هەیە و زانستی تەکنیکی و پسپۆڕییان هەیە، زۆرترە. هەشتاد لەسەدی کۆمپانیاکانی نۆژەنکردنەوەی ئۆتۆمبێل و 45 لەسەدی کۆمپانیاکانی پەیوەندیەکان گووتوویان کە هەبوونی کارامەییەکانی تەکنیکی و کردەوەیی یەکێکە لە مەرجەکانی دامەزراندن. بەڵام کۆمپانیاکانی پەیوەندیەکان (80 لەسەد) زیاتر لە کۆمپانیاکانی نۆژەنکردنەوەی ئۆتۆمبێل (54 لەسەد) پێویستیان بەو کەسانە هەیە کە کارامەییە تەکنیکی و پسپۆڕییەکانیان هەیە. زێدە لەگەڵ، یەکێک لە گرینگترین خاڵە لاوازەکانی فەرمانبەرانی KRI بە بۆچوونی هەر دوو کۆمپانیاکە کارامەییە کردەوەییەکان و ئەزموونیان هەیە.

ئێمە لە وتوێژەکانی خۆماندا توانیمان بەڵگەی زیاتر سەبارەت بە خاڵەلاوازە تەکنیکییەکان کە خاوەن کارەکان لە کرێکارەکانی KRI دا بینیویانە، وەدەست هێنا. خاوەنکارە نوێنەرەکەی ئێمە گووتی:

> کرێکارەکان پێویستیان بە کارامەییە تەکنیکییەکانە، و ئەم کارامەییانە لە زۆربەی کرێکارانی خۆجێیدا، وەکوو کرێکارانی بیناسازی، نیە. ئێمە بە کەسانی خاوەن خاوەن کارامەییە تەکنیکی و کردەوەییەکان و هەروەها پێویستمان بە ئەندازیارە. پێگە پسپۆڕییەکان گەورەترین ململانێی ئێمە نیە، بەلکوو ململانێی ئێمە کرێکارەکانی نێوەنجە کە پێویستیان بە کارامەییە تەکنیکییەکانە کاری دەستی دەکەن. کارامەییە کردەوەییەکانی زۆرێک لە تەواوکەرانی خوێندن کە دەبێ تەواوکەری پەروەردەی ئاکادمیکی ئەوان بێت، زۆر کەمە.

لە هەمان کاتدا،وەڵامدەرانمان وەبیریان هێناوەتەوە کە خوێندکارەکانی ئێمە لە KRI دا حەزیان لە کاری جەستەیی نیە. بە پێی وتەی یەکێک لە فەرمانبەرەکان:

> ڕۆشتن بۆ زانکۆ بۆ جۆریک لە هۆگرییەکی کەلتووری گۆڕاوە. هەموو کەسەکان دەیانەوێ لە زانکۆدا خوێندن تەواو بکەن، هیچ کەس نایەوێ ببێتە دارتاش یاخود کرێکار.

**کارگێڕی و بەڕێوەبردنی نووسینگە**

کارامەییەکانی کارگێڕی بە گشتی بریتین لە توانایی ڕێکخستنی هێزی کار و کاسبی؛ ناسین، راسەری بەندی، و راسپاردەکردنی ئەرکەکان بە شێوەیەکی گونجاو؛ و دڵنیابوون لە کردەوە گونجاوەکانی کۆمپانیا. فەرمانگەی نووسینگە بە کۆمەڵێکی پەیوەندیداری کارامەییەکان دەگووترێت کە زۆرتر لە سەر ڕێکخستنی کار، تۆمارکردنی بەڵگەکان، شوێنی دابین کردنی کەلوپەلی پێویست، و ئەرکەکانی تری فەرمانگەیی جەخت دەکاتەوە.

لەو پیشانەدا کە پێویستی بە خوێندنی باڵایە، خاوەن کارەکان بە کارامەییە کارگێڕیەکان زیاتر لە کارامەییەکانی فەرمانگەی نووسینگە گرینگی دەدەن. نەبوونی کارامەیی لە شێوازەکانی بەڕێوەبەری مۆدێرندا – زانستی پێویست بۆ ڕێکخستن و ڕێکخستنی کۆمپانیایەک، ڕێکوپێک کردنی هێڵەکانی کۆنترۆڵ؛ درووست کردنی پەیوەندی لە هەموو بەشە جیاوازەکانی کۆمپانیایەکدا و ڕادەستکردنی ئەرکەکان – لە زۆرێک لە وتووێژەکانماندا بابەتێکی هاوبەش بوو. بە پێی وتەی یەکێک لە خاوەن کارەکان، "هیچ چەمکێکی دیاریکراو لە بەڕێوەبەرایەتی نیە."

**ئاکاری کاری و ڕوانگەی کەسەکان سەبارەت بە ئیش**

یەکێک لەو هەلومەرجانەی خاوەن کارەکان پێیان خۆشبوو لە نێوان داخوازیکەرانی ئەو پیشەگەلەی پێویستیان بە خوێندنی ئامادەیی یان باڵایە بدۆزنەوە، حەزکردن لە سەخت کارکردن بوو. زێدە لەگەڵ ئێمە لە خاوەن کارەکانمان پرسی کە ئایا ئەوان لە ئاکاری کاری و ڕوانگەی کرێکارەکانی KRI ی خۆیان سەبارەت بە کار ڕازین یاخود نا. نزیکەی 30 لەسەدی ئەوان ڕایانگەیاندووە کە لە ئاکاری کاری کرێکارەکانی KRI ڕازی نین، و 18 لە سەدی ئەوان ناڕازی بوونی خۆیان سەبارەت بە ڕوانگەی فەرمانبەرەکان سەبارەت بە کار ڕاگەیاند.

لە وتووێژەکانی ئێمەدا، چەندین خاوەن کار باسیان لە کێشەگەلێک کرد کە پەیوەندی هەیە بە ئاکاری نەشیاوی کاری و نەبووی هۆگری فەرمانبەرەکانی KRI سەبارەت بە کار. یەکێک لە خاوەن کارەکان سەبارەت بەم بابەتە گووتوویانە،

> بابەتەکە پاڵنەرە—تەنانەت لە بەشی تایبەتیدا، هەڵسووکەوتیان بە شێوەیەکە وەک ئەوەی بۆ کەرتی حکومی کاردەکەن.

## پەروەردەی پێشکەشکراو لە لایەن خاوەن کارەکان و بەربەستەکانەوە

هەندێ لەو خاوەنکارانە ڕاپرسیمان لێ کردوون، دەیانەوێ بەسەر ئامادەنەبوونی فەرمانبەرەکانی خۆیاندا بۆ کارکردن زاڵ ببن. لە هەر پێنج خاوەن کارێک یەکێکیان ڕاپۆرتیان داوە کە بەرنامە پەروەردەییەکانیان خستۆتە بەر دەستی فەر مانبەرەکانیان، و ئەم بەرنامە پەروەردەییانە لە بەراورد لەگەڵ پرۆڤە نێونەتەوەییەکاندا لە ئاستێکی خوارەوەدان.[6] باوترین جۆری پەروەردەکان کە ئەم خاوەنکارانە پێشکەشیان کردووە بریتین لە پەرەوەردەی کردەوەیی؛ ڕاهێنانی تەکنیکی و کردەوەیی و بازرگانی؛ پەروەردەی چارەسەرکردنی کێشەکان؛ و پەروەردەی پێڕاگەیشتن بە کاروباری مشتەرییەکاندا(هێڵکاری 4.3). کەمتر لە یەک لەسەدی حکومەت پەروەردەیان لە بواری زمانە دەرەکییەکاندا (عەرەبی و ئینگلیزی) پێشکەش کردووە.


هەروەها کە لە هێڵکاری 3.5 دا نیشان دراوە، 24 لەسەدی خاوەن کارەکان ڕایان گەیاندووە کە لە پێشکەش کردنی پەروەردەدا ڕووبەڕووی ئاستەنگی بوونەتەوە، و گرینگترینیان نەبوونی بوودجە بووە. زێدە لەگەڵ ئاستەنگی گەلێکی تر کە ئاماژەیان پێدرا بێتوانایی خاوەن کارە لە تایبەتدانی کاتی پشوو بە فەرمانبەران و خۆیان و نەبوونی ئەو کەسانەی کە بتوانن کارامەییە پێویستەکان فێر بکەن. حکومەتی هەرێمی کوردستان(KRG) دەبێ سەبارەت بە بارودۆخی پەروەردە لە کەرتی تایبەتی و ئەوەی کە ئایا پێشکەش کردنی پەروەردە بە فەرمانبەران بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی کارامەییەکانی هەنووکەیی و داهاتووی هێزی کار پێویستی بە هەوڵی زیاترە یاخود نا، لێکۆڵینەوەی زیاتر بکات.

## کورتە

نزیکەی نیوەی ئەو کەسانەی کار دەکەن بۆ حکومەت کار دەکەن. لەوێوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەدوای دابەزینی کەرتی گشتیە لە کارکردنی گشت وڵاتدا، ئێمە چاوەڕوانین کە گەشە سەندنی کارکردن

[6] بانکی جیهانی هەندێک زانیاری سەبارەت بە پەروەردەی پێشکەش کراو بە فەرمانبەرە تەواوکاتەکان لە لایەن کۆمپانیاکانەوە کۆ دەکاتەوە. لە هەموو ئەو وڵاتانەی ئەم زانیارییانەیان بۆ کۆ کرابووەوە، 42 لەسەدی لە ساڵەکانی 2002 تا 2010 پەروەردەکرنیان پێشکەش کردبوو. تەنیا لە ساڵی 2009، 36 لە سەدی کۆمپانیاکان چەندین جۆری پەروەردەیان پێشکەش کرد. لەو ساڵەدا،پانتایی پەروەردە لە 5 لەسەدی کۆمپانیاکان لە ئەندۆنزیدا تاکوو 80 لە سەدی کۆمپانیاکان لە ساموادا بەربڵاو بوو (بانکی جیهانی، 2011)

**شێوەی 4.3**
**ڕێژەی ئەو خاوەنکارانەی پەروەردە پێشکەشی فەرمانبەرەکانیان دەکەن، بە جیاکردنەوەی جۆری پەروەردەی پێشکەشکراو، 2012**




سەرچاوە: هەڵسەنگاندنی ڕێکخراوە بازرگانیەکان لەلایەن RAND ـەوە (2012).
تێبینی: N = 73. پرسیاری هەڵسەنگاندن ئەمە بوو: "چ ڕاهێنانێکی ڕەسمی بۆ کارمەندەکان دابین دەکرێت؟"
RAND RR277-3.4


لە داهاتوودا سەرەتا لە کەرتی تایبەتیدا ڕوو بدات. چاوڕوان دەکرێت لە داهاتوودا گەشەسەندنی ئابووری لە بەشی تایبەتیدا، سەرەتا لە بەشەکانی خزمەتگوزارییەکان(وردەفرۆشی، هۆتێلداری و گەشتوگوزاری) زۆرفرۆشی، و گواستنەوەدا ڕوو بدات، لە حاڵێکدا بیناسازی هەمان 25 لەسەدی بەشی خۆی لە ئابووری تایبەتی هەریمی کوردستانی عێراق دەپارێزێت.

نموونەکانی دامەزراندنی هەنووکەیی و گەشە سەندنی دامەزاندن چاوەڕوان کراو نیشان دەدات کە خوێندنی تەکنیکی و پیشەیی دەتوانێت لە ئامادەبوونی فێرخوازانی خولی ئامادەیی بۆ چوونە نێو بازاڕی کارەوە رۆڵی گرینگ بگێڕێت. نزیکەی سێ لە چواری هەموو پیشەکان لە بەشی تایبەتیدا- خزمەتگوزارییەکان و فرۆش، کشتوکاڵی پسپۆڕانە، پیشە و بازرگانییە پەیوەندیدارەکان، کارگە، کارپێکەرەکانی ئامێرەکان و مۆنتاجکەران، و پێگەکانی پشتیوانی لە مەعنەویات- کە بۆ دامەزراندن لەوانەدا پێویست بە خوێندنی تەکنیکی و پیشەیی خولی ئامادەیی دەکات، دەتوانن ئامادەیی پێویست پێشکەش بکەن

زیاتر لە یەک لە سێی ئەو خاوەنکارانەی ڕاپرسیمان لەگەڵدا کردوون، گووتوویانە کە تەواوکەرانی خوێندنی فێرگە ئامادەییەکان(چ گشتی و چ تەکنیکی و پیشەیی) بۆ پەیوەست بوون بە هێزی کارەوە ئامادەیی تەواویان نەبوو. ئەوان لە زۆربەی کاتدا نەبوونی ئەزموون و کارامەییە تەکنیکییە گونجاوەکان بە سەرەکیترین ئاستەنگی لە بەردەم دامەزراندنی کەسانی خۆجێیدا دەزانن. ئەو پیشانەی کە دامەزراندنی کەسەکان لەوانەدا دژوارییگەلێکی بۆ خاوەن کارەکان هەبوو، بریتین لە تەکنیکاران، کارپێکەرانی ئامێرەکان، فرۆش و خزمەتگوزارییەکان، و هەندێ لە بازرگانییە تایبەتییەکان. لە نێوەنجی ئەو کۆمپانیایانەی ڕاپرسییان لێ کراوە، 17 لەسەدی هەموو هێزەکانی کار کەسانی دەرەوەی KRI بوون

زێدە لەگەڵ چەندین کارامەیی "نەرم"یان ناساند کە لە تەواوکەرانی خوێندنی ئامادەیی و خوێندنی باڵادا بوونی نەبوو. ئەم کارامەییانە بریتین لە پەیوەندییە زارەکی و نووسراوەییەکان، پێڕاگەیشتن بە کاروباری

**شێوەی 5.3**
**ڕێژەی سەدی ئەو خاوەنکارانەی کە ئاماژەیانداوە بە ئاستەنگەکانی دابینکردنی ڕاهێنان، بەپێی جۆری ئاستەنگ 2012**




سەرچاوە: هەڵسەنگاندنی بازرگانیەکان تیجاریەکان لەلایەن RAND ـەوە (2012).
تێبینی: N = 69. پرسیاری هەڵسەنگاندن ئەمە بوو: "چ گیروگرفت و کۆسپێک نەیهێشتووە ئێوە لەم شوێنە ڕاهێنانی زیاتر بۆ کارمەندەکانتان دابین بکەن؟"
RAND RR277-3.5

مشتەرییەکان، کارامەییەکانی کاری تیمی، و هۆگری گشتی بە سەخت کارکردن. زێدە لەگەڵ کارامەییە پێویستەکان بۆ ئەو پیشانەی پێویستیان بە خوێندنی باڵا بوو، بریتی بوون لە کارامەییەکانی زمان (ئینگلیزی و عەرەبی) و تەکنەلۆجیای زانیارییەکان.

زۆربەی ئەو خاوەنکارانەی ڕاپرسیان لەگەڵدا کرا، بەرنامەکانی پەروەردەیی پێشکەشی فەرمانبەرەکانیان نەدەکرد، بەڵام ئەو دەستە لە خاوەنکارەکان کە بەرنامەکانی پەروەردەییان پێشکەشدەکرد، لە هەوڵی ئەوەدا بوون تاکوو کارامەییە پسپۆڕانەییەکانی پەیوەندیدار بە پیشەی مەبەستەوە فێریان بکات. فێرکردنی کارامەییە "نەرم" ەکان و زمان کەمتر پێشکەشی فەرمانبەران کراوە، و ئەمە نیشان دەدات کە خاوەن کارەکان لە فەرمانبەرەکانیان چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد کە پێش گەڕان بە دوای ئیشدا ئەم کارامەییانەیان وەدەست هێنابێت. نەبوونی سەرچاوە و کات باوترین هۆکارەکانی پێشکەش نەکردنی پەروەردە بە هێزی کار بوو کە خاوەنکاران ئاماژەیان پێکرد.

# سیاسەت و ڕێبازە نێودەوڵەتیەکانی TVET

هەرێمی کوردستانی عێراق تاکە شوێن نیە کە پێویستی بە دانانی بەرنامەی سەرکەوتووی TVET هەیە. چەندین وڵات ئەم بەرنامە سەرکەوتووانەیان داناوە و بۆ پەرەپێدانی هێزی کار و گەیشتن بە ئامانجە کۆمەڵایەتیەکانی تریان بە کاریان دەهێنن.

لەم بەشەدا دا، ئێمە دەرەنجامی لێکۆڵینەوەی خۆمان لەبارەی چەند وڵات (ئەڵمانیا، فینلاند، ئەردەن، کۆریا، توونس و تورکیا) و هەروەها لەبارەی سیستم و بەرنامە نێودەوڵەتیەکانی TVET دەخەینە ڕوو. لە هەڵبژاردنی ئەم وڵاتانە دا، ئێمە هەوڵمان داوە کە چەندین مۆدێلی TVET هەڵبژێرن لە ئەو دەستە لە وڵاتانی پێشکەوتوو و وڵاتانی گەشەکەر کە سیستمی ڕێکوپێکی TVETیان هەیە و ژمارەی دانیشتوانیان نزیک بە ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانە (هەندێکیان وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوینن).[1]

ئێمە سەرەتا ڕوونکردنەوەیەکی گشتی پێشکەش دەکەین لەبارەی ئەوەی کە بۆچی وڵاتەکان لە بواری خوێندنی پیشەیی دا وەبەرهێنان دەکەن و چۆن خوێندنی پیشەیی لە نێو سیستمی پەروەردەی بەربڵاوی خۆیان دا دەگونجێنن. پاشان ئێمە بەشە سەرەکیەکانی سیستمەکانی TVET ڕوون دەکەینەوە، بەو شێوە کە لە نێو سەرچاوە زانستیەکان دا باس کراوە، و چەند نموونە دەهێنین کە چۆن وڵاتە جیاوازەکان لەگەڵ ئەم بەشانە مامەڵەیان کردووە. ئەم نموونانە بەڵگەمان پێ دەدەن لەبارەی ئەو هەنگاوانە کە هەرێمی کوردستان دەتوانێت هەڵیانبگرێت بۆ باشترکردنی سیستمی TVETی خۆی. ئێمە لەسەر فێرکردنی ئامادەیی پیشەیی تەرکیز دەکەین (ISCED 3). ئێمە هەروەها ڕوونی دەکەینەوە کە چۆن سیستمی TVET لە وڵاتانی دیکە دا لەگەڵ بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان بەراورد دەکرێت.

## ڕوونکردنەوەیەکی گشتی لەبارەی ئامانجەکان و سیستمەکان

وڵاتەکان لە داڕشتنی سیستمەکانی TVETی خۆیان دا یەکەم دەبێت بیر لەوە بکەنەوە کە بۆچی و بە چ شێوەیەک دەبێ پشتیوانی بکەن لە فێرکردنی ئامادەیی پیشەیی دا. ئامانجەکانی TVET کۆمەک دەکەن بەوەی کە دیاری بکەین چ جۆرێک لە بەرنامەی فێرکردنی ئامادەیی پیشەیی دابین دەکرێت و ئەم بەرنامانە چۆن لەگەڵ سیستمی پەروەردە دەگونجێن. دوای ئەوەی وڵاتێک بڕیار دەدات کە پێویستە خوێندنی پیشەیی بکرێت بە بەشێک لە سیستمی خوێندن لە قۆناغی ناوەندی، دەبێ پلاندانەران بیر بکەنەوە لەوەی کە بەرنامەی خوێندنی پیشەیی کەی و چۆن بخرێتە نێو سیستمی پەروەردە و بەشداریکردنی خوێندکاران لەم جۆرە خوێندنە لە چ ئاستێک دا بێت. بەشداریکردن نیشاندەرێکی گرنگە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خوێندکاران بۆ TVET. سیستمەکانی TVET دەبێت بە هەمان ئەندازە بۆ لایەنە پشکدارەکانیش سەرنجڕاکێش بن بۆ ئەوەی بتوانن ئاستێکی کافی لە بەشداریکردنی خوێندکاران و هاوکاریکردنی خاوەنکاران بە دەست بهێنن. لە خوارەوە، دەرەنجامی لێکۆڵینەوەکانمان لەبارەی ئامانجەکان، چوارچێوەی سیستم، ئاستی بەشداریکردن و ڕادەی سەرنجڕاکێشبوونی TVET لە وڵاتانی تر دەخەینە ڕوو.

### ئامانجەکان

وڵاتەکان لەبەر چەند هۆکار سیستمی خوێندن و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی بە کار دەهێنن. ئەم هۆکارانە بریتین لە ئەمانەی خوارەوە:


[1] ڕاپۆرتێکی تەواوتر و وردتر لە لێکۆڵینەوەی ئەم وڵاتانەی تر لە بەرگێکی جودا دا دراوە بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان (کولبێرتسۆن، ستاتسز، و ڤێرنێز، 2012).

- *دابینکردنی پێداویستیەکانی بازاڕی کار و ئابووریی وڵات*. ئەمە ئامانجی سەرەکیی زۆربەی وڵاتەکانە. لە هەردوو ئاستی تیۆری و لێکۆڵینەوەی ئەزموونیدا دا دەرکەوتووە کە پەیوەندییەکی ڕوون و جێگیر لە نێوان شارەزاییەکان و توانای بەرهەمهێنان دا هەیە. سەرمایەی مرۆیی (لەوانە شارەزاییە پیشەییەکان) یەکێک لە گرنگترین دیاریکەرەکانی توانای بەرهەمهێنانی هێزی کارە. هەرئەندازە هێزی کار شارەزاتر بێت، کۆمپانیاکان زیاتر دەتوانن کار و بەرهەمەکانی خۆیان نوێ بکەنەوە بۆ ئەوەی وەڵامی داخوازە نوێ و جۆربەجۆرەکانی موشتەریەکانیان بدەنەوە. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوە کە لەگەڵ تێپەڕبوونی کات ئابووریی وڵات زیاتر نەرمی بنوێنێت و وەبەرهێنان دەرەنجام و سوودی باشتری هەبێت.
- *پاڵپشتیکردن لە وەربەرهێنانی بیانی*. حکوومەتەکان حەز دەکەن شارەزاییەکانی هێزی کاری ناوخۆ زیاتر بکەن بۆ ئەوەی خاوەنکاران کەمتر پشت ببەستن بە هێزی کاری بیانی. بەشێک لە داهاتی کرێکارانی بیانی دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆیان و ئەمەیش بە زیانی ئابووریی ئەو ناوچەیە کە لەوێ کار دەکەن. هەروەها ئەگەر هێزی کاری ناوخۆ شارەزا بێت کۆمەک دەکات بە حکوومەت کە هانی وەبەرهێنەرانی دەرەکی بدات بۆ ئەوەی هێزی کاری خۆجێیی دابمەزرێنن.
- *پشتیوانیکردن لە دامەزراندن لە کەرتی تایبەت*. لەو ئابووریانە دا کە لە حاڵی گەشەکردن دان، لەوانەیە حکوومەت بیەوێت قەبارەی کەرتی حکوومی بچووک بکاتەوە لە ڕێگەی هاندان و پەرەپێدانی ئەو دەستە لە شارەزاییەکانی هێزی کار کە بەتایبەت پێداویستیەکانی خاوەنکاران لە کەرتی تایبەت دابین دەکەن.
- *پشتیوانیکردن لە کارئافراندن*. TVET دەتوانێت کۆمەک بکات بە پەرەپێدانی ئەو شارەزاییانە کە بۆ کارئافراندن لە ناوچەکە پێویستن. ئەمە دەتوانێت بەتایبەت بۆ ئەو ئابووریانە بەسوود بێت کە کەرتێکی نارەسمیی گەورەیان هەیە و ئیشوکارە بچووکەکان زاڵن.
- *دابینکردنی ڕێگەیەکی ڕەسمی بۆ بەدەستهێنانی شارەزایی*. هەموو گەنجان ناتوانن یان نایانەوێت کە بچنە زانکۆ و درێژە بە خوێندن بدەن. TVET ڕێگەیەکی دیکە دەنێتە بەردەمی گەنجان بۆ ئەوەی شارەزایی پیشەیی بە دەست بهێنن و پارە دەربێنن.

### ڕوونکردنەوەیەکی گشتی لەبارەی سیستمەکانی TVET

شێوەی 1.4 بە وێنە چوارچێوەی گشتیی سیستمی پەروەردە بە TVET یشەوە نیشان دەدات. بێگومان هەر وڵاتێک کۆمەڵێک ڕێکخراو و ئیمکاناتی جیاوازی هەیە بۆ ئەوەی دەرفەتی خوێندن و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی و درێژەدان بە خوێندن لە ڕێکخراو و ئاستە جیاوازەکان دا بۆ خوێندکاران فەراهەم بکات.

**شێوەی 1.4**
**پێداچوونەوەی گشتیی سیستمەکانی پەروەردە**




RAND RR277-4.1

خوێندکاران لەوانەیە لە تەمەنی 14 تا 16 ساڵی دا (لە کۆتایی پۆلی 7 تا پۆلی 10) دەست بکەن بە خوێندنی پیشەیی یان خوێندنی گشتی. لە زۆرێک لە وڵاتان، ئەم گواستنەوە نیشانەی کۆتاییهاتنی قۆناغی خوێندنی زۆرەملێیە. دەگونجێت لەم قۆناغەدا دا خوێندکار ئیتر درێژە نەدات بە خوێندن، یان ئەگەر درێژە بدات، دەشێت خۆی بەرنامەیەک بۆ خوێندن هەڵبژێرێت یان ئاساییانە بەپێی توانا و لێهاتوویی ئەو لە قۆناغی خوێندنی زۆرەملێدا بەرنامەیەک بۆ ئەو هەڵبژێردرێت. دەکرێت فێرکردنی ئامادەیی پیشەیی دوو تا پێنج ساڵ بخایەنێت، زۆربەی بەرنامەکان سێ تا چوار ساڵ دەخایەنن. خوێندنی پیشەیی مومکینە لە خوێندنگە یان لە شوێنێکی کار بێت. زۆرێک لە وڵاتان بەرنامەیان هەیە بۆ ئەوەی لە خوێندنی پیشەیی دا خوێندکار هەم لە خوێندنگە و هەم لە شوێنێکی کارکردن فێر بکرێت، ئەگەرچی ڕێژەی ئەم دابەشکردنە لە هەر وڵاتێک جیاوازە. ئەو خوێندکارانە کە لە قۆناغی ناوەندی دا بەسەرکەوتوویی خوێندنی پیشەیی تەواو دەکەن ئاساییانە دوای دەربازبوون لە ئازموونێک بڕوانامە وەردەگرن.

شیاوبوونی خوێندکار بۆ بەردەوامبوون لە خوێندن و گواستنەوە لە قۆناغی ناوەندییەوە بۆ قۆناغی پاش ناوەندیی خوێندنی پیشەیی زۆربەی کات ڕاستەوخۆیە، بە هەمان شێوە کە خوێندکار لە خوێندنی گشتیەوە دەگوازرێتەوە بۆ زانکۆ. لە هەندێ وڵات، هەندێ مەرجی زیادی، وەکوو سەرکەوتن لە ئەزموونێک یان تاقیکردنەوەیەکی لێهاتوویی، پێویستە بۆ ئەم گواستنەوە و درێژەدان بە خوێندن. خوێندنی پیشەیی لە قۆناغی پاش ئامادەیی زۆرتر لە خوێندنگەیە و لەوانەیە دوو تا چوار ساڵ بخایەنێت. خوێندن لە قۆناغی پاش ئامادەیی مومکینە بە شێوەی "خوێندنی پاش ئامادەیی بەدەر لە زانکۆ" یان "خوێندن لە زانکۆ" بێت.[2]

هەروەها ئەو کەسانە کە خوێندنی گشتی‌یان لە قۆناغی ناوەندی تەواو کردووە دەتوانن لە قۆناغی پاش ناوەندی لە خوێندنی پیشەیی درێژە بە خوێندن بدەن، بەڵام دەشێت پێویست بێت بەرلە ناونووسین چەند خولێکی کردەوەیی تەواو بکەن. بە پێچەوانەوە، دەرچووانی خوێندنی پیشەیی (TVET) بەدەگمەن دەتوانن ڕاستەوخۆ لە بواری خوێندنی گشتی دا لە زانکۆ بخوێنن. تەنانەت لە زۆربەی ئەو وڵاتانەیش کە ئەمە مومکینە، پێویستە خوێندکار چەند خولی زیادی تەواو بکات بۆ ئەوەی هەندێ مەرجی شیاوبوون بە دەست بهێنێت. لە ئەو وڵاتانە دا کە سیستمێکی خوێندنی پیشەیی و تەکنیکیی ڕێکوپێکیان لە ئاستی زانکۆ دا هەیە (بۆ نموونە زانکۆکانی پۆلیتەکنیک لە وڵاتی فینلاند)، گواستنەوە لە قۆناغی ناوەندییەوە بۆ زانکۆ ئاسانترە.

لە پاڵی خوێندنی ڕەسمی دا، زۆربەی سیستمەکانی TVET لە ڕێگەی هەندێ بەرنامەی جۆربەجۆرەوە زەمینەی درێژەدان بە خوێندن فەراهەم دەکەن بۆ ئەو گەورەساڵانە کە پێشتر هیچ وانەیەکی ڕاهێنانی پیشەییان نەخوێندووە و دەیانەوێت شارەزایی تەکنیکی خۆیان زیاتر بکەن یان بێ وەرگرتنی بڕوانامە دەستیان لە خوێندن هەڵگرتووە.


#### بەشداریکردن لە خوێندنی تەکنیکی و پیشەیی

***خوێندنی پیشەیی لە قۆناغی ناوەندی***

ڕۆڵی TVET لە ئامادەکردنی خوێندکارانی ناوەندی بۆ بازاڕی کار و خوێندن لە زانکۆ جیاواز و گۆڕبارە. لە 2010، بەشداریکردنی خوێندکارانی ناوەند لە خوێندنی پیشەیی (ISCED 3) زیاتر لە سەدا 50 بوو، بەتایبەت لە وڵاتانی ئەورووپی وەکوو فینلاند و ئەڵمانیا، و هەروەها لە هەندێ وڵاتی دیکەیش وەکوو ئۆسترالیا و میسر. لە جێگەکانی تر، وکوو زۆربەی ئاسیا، ئەمریکای لاتین، و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، خوێندنی پیشەیی دەورێکی گرنگی هەیە بەڵام کەمتر باوە. بۆ نموونە ساڵی 2010 لە تورکیا سەدا 45، لە لوبنان سەدا 32، و لە کۆریا سەدا 24ی خوێندکارانی ناوەندی لە بواری خوێندنی پیشەیی دا ناونووسی کران. لە ئەردەن سەدا 12 و لە توونس سەدا 11ی خوێندکاران لە خوێندنی پیشەیی دا بەشدارییان کرد (شێوەی 2.4). بەشداریکردن لە خوێندنی پیشەیی لە هەرێمی کوردستان زۆر کەمتر، و نزیکەی سەدا 3 یە.

[2] بەپێی ئەو پێناسە کە "ناوەندی ئەورووپی بۆ پەرەپێدانی ڕاهێنانی پیشەیی" (Cedefop) دیاری کردووە "خوێندنی پاش ئامادەیی بەدەر لە زانکۆ" بریتیە لە ئەو بەرنامانە کە نێوان خوێندنی ناوەندی و خوێندن لە زانکۆ دان. ئەم بەرنامانە بۆ پەرەپێدانی زانیاریی دەرچووانی قۆناغی ناوەندی دانراون و خوێندکاران بۆ یەکەم قۆناغی خوێندن لە زانکۆ یان یان چوونەنێو بازاڕی کار ئامادە دەکەن. بە خوێندنی تەنها ئەم بەرنامانە خوێندکار ناتوانیت بڕوانامەی زانکۆ وەربگرێت.

**شێوەی 2.4**
**ڕێژەی سەدی خوێندکارانی ناوەندی لە خوێندنی پیشەیی دا (ISCED 3)، بەپێی وڵاتە هەڵبژێراوەکان، 2010**




سەرچاوە: ئەنستیتۆی ئاماری یونسکۆ (2012).
RAND RR277-4.2

بەشداریکردنی کچان لە خوێندنی پیشەیی لە قۆناغی ناوەندی دا ئاساییانە لە نێوان 40 تا 47 لە سەدە. لەو ئەو وڵاتانە کە ئێمە لەبارەیان لێکۆڵینەوەمان کردووە، ڕێژەی بەشداریکردنی کچان لە خوێندنی پیشەیی لە قۆناغی ناوەندی لە ساڵی 2010 لە 47 لە سەد لە فینلاند هەتا 34 لە سەد لە توونس جیاواز بوو (شێوەی 4.3).


### خوێندنی TVET لە قۆناغی پاش ئامادەیی

لە ئەو وڵاتانە کە بەشداریکردن لە فێرکردنی ئامادەیی پیشەیی دا زۆرە هەروەها کۆمەڵێک بەرنامەی TVET لە ئاستی "پاش ئامادەیی بەدەر لە زانکۆ" (ISCED 4) و لە ئاستی زانکۆ (ISCED 5) بەڕێوە دەچن. بۆ نموونە لە ئەڵمانیا سەدا 74ی خوێندکارانی قۆناغی "پاش ئامادەیی بەدەر لە زانکۆ" لە ساڵی 2012 لە TVET ناویان نووسی؛ ژمارەی ئەو خوێندکارانە کە بۆ خوێندنی TVET لە زانکۆ ناویان نووسی 15 لە سەد بوو. لە تورکیا، سەدا 45ی خوێندکارانی زانکۆ ناویان لە خوێندنی تەکنیکی دا تۆمار دەکرێت. لە کۆریا زۆربەی ئەو خوێندکارانە کە خوێندنی پیشەیی لە قۆناغی ناوەندی‌یان تەواو کرد لە زانکۆ درێژەیان بە خوێندن دا؛ لە ساڵی 2007، سەدا 43ی ئەم خوێندکارانە لە کۆلێجی جوونیۆر (junior colleges) و سەدا 25 یان لە زانکۆ خوێندنیان بەردەوامی پێدا. بەڵام، لە هەرێمی کوردستان و ئەردەن، ناونووسین بۆ خوێندنی تەکنیکی و پیشەیی (TVET) زیاتر لە ئاستی زانکۆ دا یە. لە ئۆرۆدن، لە ساڵی 2008 سەدا 25ی خوێندکارانی زانکۆ لە خوێندنی تەکنیکی دا بەشدارییان کرد، بەڵام لە قۆناغی ناوەندی دا نزیکەی سەدا 15 لە خوێندنی تەکنیکی دا بەشدارییان کرد. هەروەها کە لە بڕگەی دوو دا باس کرا، لە هەرێمی کوردستان زۆربەی بەرنامەکانی TVET لە ئاستی زانکۆ دا پێشکەش دەکرێن و نزیکەی سێ یەکی خوێندکارانی زانکۆ لە بەرنامەکانی خوێندنی تەکنیکی لە پەیمانگە تەکنیکیەکان یان لە کۆلێژە تەکنیکیەکان بەشدارییان کردووە.

### سەرنجڕاکێش بوونی TVET

لە ئەو وڵاتانە دا کە ئێمە لەبارەیان لێکۆڵینەوەمان کرد ڕادەی سەرنجڕاکێش بوونی خوێندنی TVET بە بەراورد لەگەڵ خوێندنی گشتی لە هەر وڵاتێک جیاواز بوو. لێکۆڵینەوەیەک لەم دواییانە دەری خستووە کە زۆربەی خەڵکی ئەڵمانیا و فینلاند پێیان وایە کە خوێندن و ڕاهێنانی پیشەیی لە وڵاتەکەیان دا ناوبانگێکی باشی

**شێوەی 3.4**
**ڕێژەی سەدی خوێندکارانی پیشەیی لە قۆناغی ناوەندی (ISCED 3) کە ڕەگەزیان مێیە، بەپێی وڵاتە هەڵبژێراوەکان، 2010**




سەرچاوە: ئەنستیتۆی ئاماری یوونێسکۆ (2012).
RAND RR277-4.3

هەیە (یۆرۆبارۆمیتر، 2011). لە فینلاند، ئەو کەسانە کە وڵامی پرسیارنامەکانیان داوەتەوە پێیان باشترە گەنجانێک کە دەچنە قۆناغی ناوەندی، خوێندنی پیشەیی هەڵبژێرن نەک خوێندنی گشتی، بەڵام لە ئەڵمانیا ئەمە پێچەوانەیە. ڕەنگە ئەم جیاوازیە پەیوەندی بە هەبوونی هەلی خوێندن لە زانکۆ هەبێت. لە ئەڵمانیا، دەرفەتی خوێندن لە زانکۆ بۆ دەرچووانی خوێندنی پیشەیی لە قۆناغی ناوەندی زۆر کەمە، بەڵام لە فینلاند هەموو دەرچووانی قۆناغی ناوەندی لە هەردوو بواری خوێندنی پیشەیی و خوێندنی گشتی دەتوانن لە ناوەندەکانی پۆلیتەکنیک و زانکۆکان درێژە بە خوێندن بدەن.

لە ئەردەن، کۆریا، توونس، و تورکیا، خوێندنی پیشەیی کەمتر لە خوێندنی گشتی سەرنجی خەڵک بۆ خۆی ڕادەکێشێت. لە ئۆرۆدۆن، ئەو خوێندکارانە کە لە قۆناغی ناوەندی دا تەمبەڵن دەنێردرێنە خوێندنی پیشەیی، ئەمەیش وێنەیەکی خراپ لە خوێندنی پیشەیی لای خەڵک دروست دەکات. لە توونس و تورکیا، زیاتر ئەو خوێندکارانە کە لاوازن و ناتوانن لە خوێندنگەی گشتی ناو بنووسن، لە قۆناغی ناوەندی دا خوێندنی پیشەیی هەڵدەبژێرن. لە هەرێمی کوردستانیش بەگشتی خوێندنی پیشەیی لە قۆناغی ناوەندی ناوبانگێکی باشی نیە و خەڵک پێیان وایە ئەم بەرنامە بۆ خوێندکارانی تەمبەڵ دانراوە.

لە زۆربەی وڵاتەکان دا یەکێک لە هەنگاوە گرنگەکان ئەوەیە کە زیاتر سەرنجی خەڵک بۆ فێرکردنی ئامادەیی پیشەیی ڕابکێشین. هەرچەند هیچ هاوکێشەیەکی دیاریکراو بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خەڵک بۆ خوێندنی پیشەیی نیە، لێکۆڵینەوە و چالاکیەکان نیشان دەدەن کە باشترکردنی کوالیتیی بەرنامە پیشەییەکان کلیلی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە. ڕەنگە دانانی هەندێک مەرج بیێتە هۆی ئەوەی خوێندکاران زیاتر حەز لە خوێندنی پیشەیی بکەن. ئەم مەرجانە بریتین لە دانانی هەندێ بڕوانامە کە لە بازاڕی کار دا بایەخیان هەبێت؛ خۆشکردنی زەمینە بۆ دەسگەیشتن بە دەرفەتەکانی تری خوێندن و ڕاهێنان، وەکوو خوێندن لە زانکۆ؛ دابینکردنی خزمەتەکانی پێدانی زانیاری و ڕێنمایی پیشەیی؛ و دڵنیابوون لە کوالیتی و پەیوەندیداربوونی بەرنامەکان (واتێرز، 2009). لەڕاستیدا، ئەو سیاسەتانە کە بۆ سەرنجڕاکێشتر کردنی خوێندنی پیشەیی دادەنرێن زیاتر دەیانەوێت ئەم لایەنانەی خوێندنی پشێەیی لە قۆناغی ناوەندی باشتر بکەن (گووتر و هاوکارانی، 2012).

## بەشەکانی سیستمەکانی خوێندن

سیستمەکانی TVET و سیستمەکانی خوێندن بەگشتی چەند بەشێکی هاوبەشیان هەیە (OECD, 2010; Watters, 2009; Sweet, 2009; ETF/WB, 2005; El Sawy, Farr, and Nerewa, 2012). ئەم بەشانە بریتین لە ئەمانەی خوارەوە:

- بەڕێوەبردن
- بەشداریکردنی خاوەنکاران و پشکدارە کۆمەڵایەتیەکانی تر[3]
- بوودجە
- ئەو بەرنامە پیشەییانە کە دابین دەکرێن
- داخوازە پیشەییەکان و پێشبینی کردنی شارەزاییەکان
- شێوازی دابین کردن
- مەنهەجی خوێندن
- چۆنیەتی وەرگرتنی خوێندکار، گواستنەوە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر، و مەرجەکانی دەرچوون
- ڕێنمایی و ئامۆژگاری کردن
- مەرجەکانی دامەزراندنی مامۆستایان و ڕاهێنەران
- دڵنیابوون لە کوالیتی.

ئەگەرچی ئێمە هەریەک لەم بەشانە بە جیا باس دەکەین، لە کردەوە دا هەموویان پێکەوە بەسراون. ڕەنگە گواستنەوەی هەندێ بەرنامە یان سیاسەتی تایبەت لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر ئاسان نەبێت. لەوانەیە، جێبەجێکردنی ئەم بەرنامە و سیاسەتانە بەسراو بێت بە بارودۆخی ئەو وڵاتە، بەتایبەت پێداویستیەکانی ئابووری و حەزەکانی خوێندکاران کە بە شێوەیەکی خێرا و بەردەوام لە حاڵی گۆڕان دان. چەند نمونەیەک لەو وڵاتانەی کە لێکۆڵینەوەمان لەبارەیان کردووە دەخەینە ڕوو بۆ ئەوەی نیشان بدەین کە ئەوان چ بەرنامە و سیاسەتێک جێبەجێ دەکەن، ئەمە ڕەنگە کۆمەکمان بکات ڕێگایەک بدۆزینەوە بۆ جێبەجێکردنی TVET لە هەرێمی کوردستان.

### بەڕێوەبردن

سیستمەکانی بەڕێوەبردن ئەرک و بەرپرسیارەتیەکانی TVET لە چەند ئاستی جیاواز دا دیاری دەکەن – لە ئاستی نیشتمانی، هەرێمی و ناوچەیی – هەروەها ئەو چوارچێوە یاساییە دیاری دەکەن کە بۆ دابینکردنی TVET بە کار دەهێنرێت.

هەروا کە پێشتر باسمان کرد، لە هەرێمی کوردستان ئەرکی بەڕێوەبردنی خوێندنی پیشەیی لە قۆناغی ناوەندی (ISCED 3) دا سپێردراوە بە وەزارەتی پەروەردە و ئەرکی چاودێریکردنی خوێندنی تەکنیکی لە زانکۆکان لە ئەستۆی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دا یە. ئەرکی چاودێریکردنی خوێندنی تەکنیکیی گەورەسالان (ISCED 4) لە ئەستۆی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بووە. هاوکاریی نێوان ئەم سێ لایەنە لە ئاستێکی کەم دا یە. لە شوێنەکانی دیکە دا، زۆربەی وڵاتان ئەرکی بەڕێوەبردنی سیستمەکانی TVET لە هەردوو قۆناغی ئامادەیی و پاش ئامادەیی دەسپێرن بە یەک وەزارەت. لە نێو ئەو وڵاتانە دا کە لێکۆڵینەوەمان لەبارەیان کردووە، وڵاتانی فینلاند، تورکیا و توونس بەم شێوەن. بەڵام، کۆریا، ئەرکی بەڕێوەبردنی TVET ی دابەش کردووە لە نێوان وەزارەتی پەروەردە؛ زانست و تەکنەلۆژیا، کە ئەرکی بەڕێوەبردنی خوێندنی پیشەیی لە قۆناغی ناوەندی لە ئەستۆی دا یە؛ و وەزارەتی دامەزراندن و کار، کە ئەرکی بەڕێوەبردنی کۆلێژەکانی پۆلیتەکنیک لە ئەستۆی دا یە. هەماهەنگیەکی کەم لە نێوان ئەم دوو سیستەمە دا هەیە ئەردەن ئێستا ئەرکی بەڕێوەبردنی خوێندنی پیشەیی لە ئاستی ناوەندی و ئاستی زانکۆی سپاردووە بە وەزارەتی پەروەردە و لە ئاستێکی دیکە دا سپاردوویە بە وەزارەتی کار. لە چاکسازیەکی ئەم دواییە دا، ئەردەن "ئەنجومەنی دامەزراندن و خوێندن و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی" دانا وەکوو چەترێک بۆ بەڕێوەبردنی هەموو بەرنامەکانی TVET.

---

[3] دەستەواژەی "پشکدارە کۆمەڵایەتیەکان" لە TVET دا بە واتایەکی گشتی بە کار دەهێنرێت و دەتوانێت بریتی بێت لە خاوەنکاران، سەندیکاکانی کرێکاران، یەکیەتیەکان یان گرۆکانی مامۆستایان، یەکیەتیەکانی خوێندکاران، ڕێکخراوەکانی کەرتی پیشەسازی، و هەر ڕێکخراوێکی تری لەم چەشنە.

لە حاڵێک دا کە بڕیاردان و بەڕێوەبردنی سیستمەکانی TVET لە ئەردەن، کۆریا، توونس و تورکیا مەرکەزییە، فینلاند و ئەڵمانیا ئازادی و سەربەخۆییەی زۆریان داوە بە دەسەڵاتدارانی هەرێمی و خوێندنگەکان بۆ ئەوەی خۆیان ناوەرۆک و چوارچێوەی بەرنامەی خوێندنی TVET دابڕێژن. بەڵام دەسەڵاتدارانی خۆجێیی بەپێی ئەو بەرنامە و ستاندارده نیشتمانیانە کە بۆ TVET دانراون ڕێنمایی دەکرێن.

**بەشداریکردنی خاوەنکاران و پشکدارە کۆمەڵایەتیەکانی تر**

بەشداریکردنی پشکدارە کۆمەڵایەتیەکان (خاوەنکاران، ڕێکخراوە کەرتیەکان، سەندیکاکانی کرێکاران، یەکیەتیەکانی خوێندکاران) فاکتەرێکی زۆر گرنگە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە بەرنامەکانی TVET بە دەردی بازاڕی کار دەخۆن. لە هەندێ وڵات بۆ بەشداریکردنی پشکدارە کۆمەڵایەتیەکان یاسا دانراوە، کە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم لایەنانە دەورێکی ڕەسمییان لە بەڕێوەبردنی TVET دا هەبێت. ڕادەی بەشداریکردن و کاریگەربوونی پشکدارە کۆمەڵایەتیەکان لە ئەو وڵاتانە کە لەبارەیان لێکۆڵینەوەمان کردووە جیاوازە. لە هەرێمی کوردستان، هیچ میکانیزمێکی ڕێکخراوەیی نیە بۆ بەشداریکردنی پشکدارە کۆمەڵایەتیەکان لە بەڕێوەبردنی TVET دا. بەڵام، وڵاتانی تر چەند میکانیزمیان بۆ ئەم مەبەستە هەیە.

بۆ نموونە، لە فینلاند، پشکدارە کۆمەڵایەتیەکان لە کاری بەڕێوەبردن دا بەشداری دەکەن لە ڕێگەی "کۆمیتە سێبەشیە نیشتمانیەکان" کە بۆ هەر بوارێکی پیشەیی دانراون و ئەرکیان ئەوەیە کە مەرجە پیشەییەکان دیاری بکەن و پلانیان بۆ دابنێن. لە ئەردەن، "ئەنجومەنی دامەزراندن و خوێندن و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی" (E-TVET) توانای ئەوە دەدات بە پیشەسازیەکان، سەندیکاکانی کرێکاران، و دابینکەرانی خزمەتی ڕاهێنان کە لە بەڕێوەبردنی TVET دا دەوریان هەبێت. لە تورکیا چەند "دەستەی پەروەردەیی نیشتمانی و هەرێمی" هەن کە ئامۆژگاری و ڕێنمایی پێشکەش دەکەن دەربارەی بەرنامەکانی خوێندن، ناوەرۆکی ڕاهێنانی کردەوەیی، ژمارەی ئەو خوێندکارانە کە لە هەندێ پیشە دا ناو تۆمار دەکەن، توانا پیشەییە پێویستەکەیان، و ئەزموونی لێهاتوویی خوێندکاران.

لە سیستمی ئەڵمانی دا کەرتی حکوومی و تایبەت پێکەوە لە هەموو ئاستەکانی حکوومەت دا لە داڕشتنی TVET و جێبەجێکردنی کارەکان دا پێکەوە هاوکاری دەکەن. کاریگەریی پشکدارە کۆمەڵایەتیەکان لەم بوارە دا بە هەمان ئەندازەی کاریگەریی حکوومەتە.[4] لە ئاستی نیشتمانی دا، دوو وەزارەت کۆمەک دەکەن بە دیاریکردنی چوارچێوەکانی TVET: وەزارەتی فیدراڵی ئابووری و تەکنۆلۆجیا پیشەکان بۆ ڕاهێنان پەسەند دەکات و یاساکانی ڕاهێنان دەردەکات، و کۆنفرانسی دامەزراوی وەزارەتەکانی پەروەردە و کاروباری ڕۆشنبیری چوارچێوەی مەنهەجەکانی خوێندن دیاری دەکەن. پەیمانگای فیدراڵی خوێندن و ڕاهێنانی پیشەیی (BIBB) کە هەموو لایەنە پشکدارەکان تێدا نوێنەریان هەیە، سەبارەت بە ستانداردەکان و ڕێساکان ئامۆژگاری دەدات. لە ئاستی *Länder* (هەرێمی) دا، کۆمیتەکانی خوێندنی پیشەیی کە خاوەنکاران، کارمەندان و دەسەڵاتدارانی هەرێمی (*Länder*) بە شێوەی یەکسان تێدا نوێنەریان هەیە ئامۆژگاری و ڕێنمایی پێشکەش دەکەن سەبارەت بە هەندێ بابەت وەکوو دابینکردنی پشتیوانی بۆ گەنجانی بێپاڵپشت و دیاریکردنی ئەو شارەزاییە زیادیانە کە پێویستیان بە ڕاهێنان و فێرکردن لە خوێندنگە هەیە. ئەو دەزگا شیاوانە کە لە ئاستی ناوچەیی دا بڕیار دەدەن لە نوێنەرانی ژوورەکانی پیشەسازی و بازرگانی و هونەرەکان پێک هاتوون. ئەم دەزگایانە چاودێریی کاری ڕاهێنان لە کۆمپانیاکان دەکەن، ئامۆژگاری دەدەن بە کۆمپانیاکانی ڕاهێنان، لیستی گرێبەستەکانی ڕاهێنان دەگرن، ئەزموونە نەهاییەکانی خوێندکاران دادەڕێژن و بەڕێوەیان دەبەن. لە ئاستی کەرت و کۆمپانیاکان دا، ئەنجومەنە کاریەکان لە ڕێگەی گفتوگۆ لەبارەی مووچەی شاگردەکان و پلاندانان بۆ ڕاهێنانی ئەوان و جێبەجێکردنی پلانەکان دەوری خۆیان دەگێڕن.

کۆریا لەم دواییانە هەنگاوی هەڵگرتووە بۆ ئەوی کە لە ڕێگەی دروستکردنی ئەنجومەنە کەرتیەکانەوە زەمینە فەراهەم بکات بۆ ئەوەی پشکدارە کۆمەڵایەتیەکان لە دانانی سیاسەتەکان و بەرنامەکانی TVET دا دەوریان هەبێت. سەندیکاکانی کرێکاران لەم ئەنجومەنانە دا بەشداری ناکەن، و خاوەنکاران تا ئێستا زۆر ئامادەییان نیشان نەداوە کە لە چالاکیە هاوبەشەکانی نێوان خوێندنگە و پیشەسازیەکان دا بەشداری بکەن. بەڵام، خوێندنگەکان و کۆمپانیاکانی ناوچەکە جاروبار پێکەوە هاوکاری دەکەن. هەر بەم شێوە، لە توونس، تازەیی هەندێ ڕێکخراوی نیشتمانی بۆ ئامۆژگاریکردن و بەڕێوەبردن دانراون کە زەمینە خۆش دەکەن بۆ بەشداریکردنی ڕەسمی و بەهێزتری خاوەنکاران و یەکیەتیەکانی کرێکاران لە بەڕێوەبردنی بەرنامەکانی خوێندنی پیشەیی دا.

---

[4] هەروەها لە سویسرا سیستمێکی هاوکاری لەم چەشنە هەیە.

**بوودجە**

چۆنیەتی دابینکردنی بوودجەی سیستمی TVET ڕەنگە کاریگەر بێت لەسەر چۆنیەتی سوودوەرگرتنی خوێندکاران لە خوێندنی پیشەیی و ڕێژەی بەشداریکردن و هاوکاریکردنی لایەنە پشکدارە کۆمەڵایەتیەکان. ئاساییانە بوودجەی سیستمەکانی TVET یان لەلایەن حکوومەتەوە دابین دەکرێت، وەک هەرێمی کوردستان، یان بەشێکی حکوومەت دەیدات و بەشێکی لەلایەن خاوەنکاران یان خوێندکاران دابین دەکرێت.

لە فینلاند هەموو بوودجەی TVET لەلایەن حکوومەتەوە دابین دەکرێت: حکوومەتی ناوەندی 42 لە سەدی دەدات و شارەوانی ناوچەکە 58 دەرسەدی دەدات. لە ئەردەن، حکوومەت سەدا 85ی بوودجەکە دەدات، کە 1 لە سەدی باجی ڕاهێنانە و لە خاوەنکارەکان دەسێندرێت، و 15 لە سەدەکەی تری لە کەرتی تایبەت و لە ڕێگەی کرێی ئەزموونەکانەوە دابین دەکرێت. لە توونس و تورکیا، زۆربەی کات حکوومەت بوودجەی TVET دەدات. لە توونس، خاوەنکارەکان بەپێی جۆری کارەکەیان 1 یا 2 دەرسەد لە پارەی لیستی مووچەی خۆیان (wage bill) دەدەن بۆ دابینکردنی بوودجەی TVET. لە تورکیا، خاوەنکارەکان 1 لە سەد لە باجی داهاتیان دەدەن بە "سندووقێکی پەرەپیدانی خوێندنی زەمالەت، پیشەیی و تەکنیکی". خاوەنکارەکان هەروەها بۆ دابینکردنی ئامێر و کەرەستەی ڕاهێنان پارە دەدەن. بڕی ئەم پارە بەپێی لیستی مووچە، ژمارەی کارمەندان و کەرتی پیشە جیاوازە.

لە کۆریا، حکوومەتی ناوەندی سەدا 80ی بوودجەی بەرنامەکانی TVET دەدات، و پاشماوەی بوودجەکە لە لایەن بەرپرسانی ناوچە یان لە کرێی وەرگرتنی خوێندکاران لە خوێندنگە دابین دەکرێت. خوێندنگە تایبەتەکانی خوێندن و ڕاهێنانی پیشەیی، کە ژمارەیان لە کۆریا زۆرە، بڕێکی کەم لە بوودجە و یارانەی حکوومەت وەردەگرن،[5] و زۆربەی بوودجەیان لە کرێی خوێندن و یارمەتیی خێرخوازان و ڕێکخراوەکانی کەرتی تایبەت دابین دەکرێت.

لە ئەڵمانیا، بەشێک لە بوودجەی بەرنامەکانی خوێندنی پیشەیی لەلایەن حکوومەت دابین دەکرێت و بەشەکەی تر لە لایەن کەرتی تایبەت دابین دەکرێت، ئەمەیش نیشانەی جۆرێک هاوکاریە لە نێوان کەرتی حکوومی و کەرتی تایبەت. حکوومەت لە هەموو ئاستەکان دا – فیدراڵی، هەرێمی (*Länder*)، و ناوچەیی - و هەروەها کۆمپانیاکان، یەکیەتیەکان، ژوورەکانی بازرگانی، و ئەنجومەنەکان کۆمەک دەکەن. بوودجەی ئەو بەشە لە دەورەی زەمالەت کە لە خوێندنگەکان بە ڕێوە دەچێت لەلایەن حکوومەتی *Länder* (هەرێمی) (بۆ ڕاهێنانی مامۆستایان و مووچەی مامۆستایان) و لەلایەن بەرپرسانی خۆجێیی (بۆ دروستکردنی خوێندنگە، پاراستن و نوێکردنەوەی بینای خوێندنگە، بەڕێوەبردن، دابینکردنی سەرچاوەکانی فێرکردن و فێربوون) دابین دەکرێت. کۆمپانیاکان بوودجەی بەشی ڕاهێنانی خوێندکارەکان لە شوێنی کار و داینی مووچەی ئەوان دابین دەکەن. لە 2007، سەدا 84ی بوودجەی "سیستمی دووانە" لەلایەن ئەو خاوەنکارانەوە درا کە خزمەتی ڕاهێنانیان دابین دەکرد، و پاشماوەی بوودجە لەلایەن حکوومەتی هەرێمی (*Länder*) ـەوە درا (هوێکێل و شوارتز، 2010).

**ئەو بەرنامە پیشەییانە کە دابین دەکرێن**

خزمەتی TVET دەبێ بۆ چ پیشەیەک و لە چ ئاستێکدا دابین بکرێت؟ هەرچەند هیچ وەلامێکی تەواو بۆ ئەم پرسیارە نیە، بەڵام پێویستە هەموو سیستمەکان هەندێ مێکانیزمیان هەبێت بۆ ئەوەی لە بەرنامەکانی TVET دا جۆرێک هاوسەنگی لە نێوان حەزی خوێندکاران و پێداویستیەکانی بازاڕی کار دا دروست بکەن. هەرێمی کوردستان تەنیا لە 14 بواری پیشەیی دا خزمەتی خوێندنی پیشەیی دابین دەکات و ئەم ژمارە زۆر زۆر کەمترە لە ژمارەی ئەو پیشانە کە لە وڵاتانی دیکە دا دابین دەکرێن.

بێ ڕەچاوکردنی ڕێژەی سەدی ئەو خوێندکارانەی قۆناغی ناوەندی کە لە خوێندنی پیشەیی بەشداری دەکەن، زۆربەی وڵاتەکان بۆ زیاتر لە 100 پیشە خزمەتی خوێندن دابین دەکەن. بۆ نموونە، لە ئەڵمانیا زیاتر لە نیوەی خوێندکارانی قۆناغی ناوەندی ناویان لە خوێندنگەی پیشەیی تۆمار دەکرێت وە بۆ 349 پیشە خزمەتی خوێندن دابین دەکرێت. لە ئۆرۆدن و توونس نزیکەی 11 دەرسەدی خوێندکارانی قۆناغی ناوەندی لە خوێندنی پیشەیی بەشداری دەکەن و بە تەرتیب بۆ 200 پیشە و 150 پیشە خزمەتی خوێندن دابین دەکەن (خشتەی 4.1).[6]

---

[5] لە کۆریا، نزیکەی نیوەی خوێندنگە ناوەندیەکان لە کەرتی تایبەتن.

[6] پێویستە ئەوە لە بەرچاو بگرین کە ژمارەی زۆری خوێندکاران هەمیشە پەیوەندی بە بەرزبوونی کوالیتیەوە نیە. بۆ نموونە، فینلاند ژمارەی بەرنامەکانی خوێندنی ناوەندی و شارەزاییەکانی پاش ئامادەیی کەم کردەوە بۆ ئەوەی هەریەک لە بەرنامەکان پەرە پێ بدات و شێوازی

**خشتەی 4.1**
**ڕێژەی سەدی خوێندکارانی پیشەیی لە قۆناغی ناوەندی (ISCED 3) و ژمارەی ئەو بەرنامە پیشەییانە کە لە وڵاتە هەڵبژێردراوەکان دا پێشکەش دەکرێن، 2010**

| وڵات | ژمارەی ئەو بەرنامە پیشەییانە کە پێشکەش دەکرێن | ڕێژەی سەدی خوێندکارانی فێرکردنی ئامادەیی پیشەیی (ISCED 3) |
|---|---|---|
| ئەڵمانیا | 349 | 58 |
| سویسرا | 250 | 64 |
| نەمسا | 245 | 72 |
| ئەردەن | 200 | 12 |
| تورکیا | 197 | 64 |
| فینلاند | 187 | 71 |
| توونس | 150 | 11 |
| نەرویج | 112 | 50 |
| هەرێمی کوردستان | 14 | 3 |

سەرچاوە: Eurobarometer, 2011؛ Cedefop. 2012.

خزمەتی خوێندنی TVET مومکینە چەندین کەرتی دامەزران و پیشەکانی نێو ئەوان بگرێتەوە، لەوانە بیناسازی، گواستنەوە، بازارگانی، دارایی، چاودێریی تەندروستی، کشتوکاڵ، دیزاینکردن، میکانیکی، وزە، ئیلەکترۆنیک، ڕاگەیاندن، بوارەکانی بەرهەمهێنانی خۆراک. بۆ نموونە، لە فینلاند نزیکەی نیوەی خوێندکارانی TVET لە بواری تەکنەلۆژیا و گواستنەوە دا دەخوێنن، 10 تا 16 دەرسەدی خوێندکاران لە هەریەک لە بوارەکانی تەندروستی و خۆشگوزەرانی و گەشتیاری؛ پیشەکانی تایبەت بە دابینکردنی خۆراک و ئابووری ماڵ ناویان نووسیوە.

لە سویسرا، لە ساڵی 2009 ئەو دە بوارە پیشەییە کە زۆرترین ژمارەی خوێندکار تێدا ناویان تۆمار کرد بریتی بوون لە کارمەندی بازرگانی، کارمەندی تاکفرۆشی/وردەفرۆشی، یاریدەری تەندروستی، یاریدەری کۆمەڵایەتی، چێشتکەر، کارەباچی، کارمەندی ئای.تی، سەرتاش، مێکانیکی ئۆتۆمبیل، و لۆجستیککار. بەنایی، دارتاشی و بۆیاغچی لە نێو ئەو 15 پیشە دا بوون کە خوێندکاران زۆرتر داوایان کردبوو (نووسینگەی فیدراڵی خوێندنی پیشەیی و تەکنۆلۆژیا، 2011).

**داخواز بۆ پیشەکان و پیشبینکردنی ئەو شارەزاییانە کە پێویستن**

لە حاڵێک دا کە هەرێمی کوردستان هیچ پرۆسەیەکی ڕەسمی یان ناڕەسمی بۆ هەڵسەنگاندنی پێداویستیەکان و گۆڕانکاریەکانی بازاڕی کار، یان گۆڕینی ژمارە و ناوەرۆکی بەرنامە پیشەییەکان نیە، وڵاتانی دیکە کۆمەڵێک ئامراز بە کار دەهێنن بۆ ئەوەی دیاری بکەن داخواز بۆ شارەزاییەکان لە چ ئاستێک دا یە و پێویستە چ بەرنامەیەکی ڕاهێنان دابین بکەن. ئەم ئامرازانە بریتین لە ئەمانەی خوارەوە:

- لێکۆڵینەوە و پرسیارکردن لە خاوەنکارەکان بۆ هەڵسەنگاندنی کوالیتی و ڕادەی لێهاتوویی دەرچووان
- لێکۆڵینەوە و پرسیارکردن لە خاوەنکارەکان بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو شارەزاییانە کە بۆ هەر کارێک پێویستە، و ئەو گۆڕانکارییانە کە لە ئاستی داخواز بۆ شارەزاییەکان دا ڕووی داوە
- لێکۆڵینەوە و پرسیارکردن لە دەرچووانی ئەم دواییە بۆ هەڵسەنگاندنی کیفایەتی شارەزاییەکانی ئەوان و ئەو کارانە کە بە دەستیان هێناوە
- شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی ڕێکلامەکان بۆ دیاریکردنی ئاستی داخواز بۆ کار بەپێی کەرت و جۆری کار
- ڕوونکردنەوەی مەرجە پیشەییەکان و مەرجەکانی لێهاتوویی بۆ پیشبینی کردنی داخوازی ئایندە و ئەو شارەزاییانە کە پێویستن.

---

گواستنەوەی خوێندکار لە نێوان ئاستە جیاوازەکانی ڕاهێنان و خوێندنی پیشەیی دا باشتر بکات.

زانیاریی بەدەستهاتوو پێویستە بۆ دیاریکردنی جۆری ئەو ڕاهێنانە پیشەییانە کە دەبێ دابین بکرێن، بۆ گۆڕینی مەنهەجی ڕاهێنان، بۆ ڕێنماییکردنی خوێندکاران بۆ هەڵبژاردنی پیشە، و بۆ دیاریکردنی ئەو چاکسازییانە کە پێویستە لە سیاسەت و چالاکیەکانی TVET دا بکرێن.

بۆ نموونە، دەستەی نیشتمانیی پەروەردەی لە فینلاند "مۆدێلی میتینا" لەسەر بنەمای داتای ئاماری دانا بۆ پێشبینی کردنی ئەو ڕاهێنان و شارەزاییە پیشەییانە کە لە ئاستی نیشتمانی و ناوچەیی دا پێویستن. تۆڕی پێشبینی (Foresight Network) کە لە ساڵی 2005 دانرا، لە نوێنەرانی هەموو وەزارەتەکان و نووسینگەی سەرۆک‌وەزیران پێک هاتووە. ئەم تۆڕە کارەکانی پێشبینیکردنی وەزارەتەکان هەماهەنگ دەکات، ئەم کارانە لە ئاستی هەرێمی جێبەجێ دەکات، و دڵنیایی دەکات لەوەی کە لە دانانی سیاسەتەکان دا دەرەنجامی پێشبینیەکان لە بەرچاو دەگیردرێن. ئەم ڕێکخراوە هەرساڵ مەکۆی پێشبینی (Foresight Forum) بە ڕێوە دەبات کە وەکوو پردێکی پەیوەندیە بۆ گفتوگۆ لە نێوان وەزارەتەکان، حکوومەتە هەرێمی و ناوچەییەکان، و ڕێکخراوەکانی بازاڕی کار. هەردووی ئەمانە ئامانجیان ئەوەیە کە ئاستی کوالیتی و سوودی TVET باشتر بکەن لە ڕێگەی پێشکەش کردنی زانیاریی جێمتمانە و بەسوود لەبارەی جۆر و قەبارەی ئەو بەرنامانەی خوێندن کە پێویستە دابنرێن بۆ دابینکردنی شارەزاییەکانی پێویست بۆ بازاڕی ئاینده و بۆ دەسگەیشتن بە هێزی کاری شارەزا و لێهاتوو. ئەم زانیاریانە بە کار دەهێنرێن بۆ پەرەپێدانی TVET لە ڕێگەی گۆڕینی ئەو بابەتانە کە فێری خوێندکاران دەکرێن، دۆزینەوەی گرفتەکانی هێزی کار، و زانینی خێرا بە هەرجۆرە هێزی کاری زیادی کە لە بازاڕ دا هەیە. ئەو زانیاریانە کە کۆ دەکرێنەوە بەسوودن بۆ ڕێنمایی کردنی خوێندکاران بۆ هەڵبژاردنی پیشە و هەروەها بۆ دانانی "پلانی پەرەپێدانی خوێندن و توێژینەوە" کە هەر چوار ساڵ جارێک لەلایەن حکوومەتەوە دادەنرێت (واتێرز، 2009).

لە 1999، ئەڵمانیا سیستمێکی بۆ پیشبینیکردنی شارەزاییە پێویستیەکان دانا. بەشی سەرەکیی ئەم سیستمە نوێیە تۆڕی لێکۆڵینەوە یە، واتە "تۆڕی زوو پێزانینی شارەزاییە پێویستەکان" *(FreQueNz)*. ئەم تۆڕە لە چەند ڕێکخراو پێک هاتووە، "پەیمانگای فیدراڵ بۆ خوێندن و ڕاهێنانی پیشەیی" *(BIBB)*، "کۆنفێدراسیۆنی یەکیەتیەکانی کرێکارانی ئەڵمانیا" *(DGB)* و "ڕێکخراوی خاوەنکارانی ئەڵمانیا بۆ ڕاهێنانی پیشەیی" *(KWB)*. ئامانجی FreQueNz ئەوەیە کە لە کاتی گونجاو دا ئەو شارەزاییانە دیاری بکات کە بۆ ئاینده پێویستن و کاریگەریی ئەوان لەسەر TVET هەڵسەنگێنێت. ئەم تۆڕە لە پلەی یەکەم دا تێدەکۆشێت گۆڕانکاریەکانی بازاڕی کار تۆمار بکات بۆ ئەوەی بتوانێت خێراتر بتوانێت لە بەرانبەر گۆڕانی شارەزاییە پیشەییەکان دا کاردانەوەی هەبێت. ئەم تۆڕە بەپێی پێداویستیەکانی بازاڕ یەک یان چەند مۆدێل بۆ شارەزاییەکانی ئاینده و بەرنامە پیشەییەکان دادەنێت. هەر هەرێم *(Länder)* و ناوچەکانی نێو هەر هەرێم *(Länder)*، لە بەشی ژێر دەسەڵاتی خۆیان دا هەندێ هەنگاو هەڵدەگرن بۆ ئەوەی خێرا شارەزاییە پێویستەکان دیاری بکەن (چەند نموونە لەم هەنگاوانە بریتین لە، چاودێریکردنی گۆڕانکاریەکانی بڕوانامەکان؛ لێکۆڵینەوە و پرسیارکردن لەبارەی شارەزاییە پێویستەکان).

**شێوازەکانی دابینکردن**


خوێندنی پیشەیی لە قۆناغی ناوەندی دا ئاساییانە بە یەکێک لە دوو شێوەی خوارەوە دابین دەکرێت. شێوازی *خوێندنگەیی* – لەم شێوازە دا وانە تیۆریەکان و وانە کردەوەییەکان زیاتر لە نێو پۆلی خوێندن و لە وۆرکشۆپ دا پێشکەش دەکرێن. ئەو وڵاتانە کە ئەم شێوازە بە کار دەهێنن زۆربەی کات لە خوێندکار داوا دەکەن کە خولێکی مەشقکردن لە شوێنێکی کارکردن تەواو بکات، کە لە دوو مانگ تا شەش مانگ دەخایەنێت. شێوازی دووهەم *شاگردی کردن* یان *"سیستمی دووانە"* یە[7] و خوێندنی تیۆریی نێو پۆل لەگەڵ ڕاهێنانی پیشەیی لە کۆمپانیایەک تێکەڵ دەکات. مەشقکردن و فێربوون لە شوێنی کار زۆر گرنگە چونکە کۆمەکی خوێندکار دەکات تا لە ڕێگەی تەجروبەکردنی کاری واقعی، بتوانێت دەربارەی ئامێرە مۆدێرنەکان شارەزایی تەنکیکی بە دەست بهێنێت و فێری شارەزاییە "نەرمەکان" ببێت (وەکوو کارکردنی تیمی، پەیوەندیکردن، کارگێڕی، مامەڵەکردن لەگەڵ ڕاژەخواز). مەشقکردن لە شوێنی کار هەروەها دەتوانێت دۆزینەوەی کار بۆ خوێندکارەکان ئاسانتر بکاتەوە (چونکە شارەزاییەکانی ئەو بۆ خاوەنکارەکان دەردەکەوێت)، و بە خاوەنکارەکان کۆمەک بکات کە

---

[7] هەندێ لە وڵاتان شێوازی ئاڵتێرنانس (alternance) بە کار دەهێنن. لەم شێوازە دا خوێندکار ناوبەناو لە خوێندنگە یان ناوەندی ڕاهێنان و لە شوێنی کار فێر دەکرێت. دەورەکانی ئاڵتێرنانس دەکرێت بە شێوەی هەفتانە، مانگانە یان ساڵانە بەڕێوە بچن. بەپێی وڵات، مومکینە بەشداربووان لەگەڵ خاوەنکار گرێبەست واژۆ بکەن و مووچە وەربگرن.

**شێوەی 4.4**

**ڕێژەی سەدی خوێندکارانی ناوەندی لە بەرنامەکانی خوێندنی پیشەیی دا (ISCED 3)، بەپێی جۆری بەرنامەکان و لە وڵاتە هەڵبژێردراوەکان دا، 2006**




سەرچاوە: OECD (2010).

RAND RR277-4.4

کەسانی لێهاتوو و بەتوانا پەیدا بکەن. لە OECD (2010) دا پێشنیار کراوە کە لە هەموو سیستمەکانی خوێندن و ڕاهێنانی پیشەیی دا بەشێکی تایبەت بۆ مەشقکردن و ڕاهێنان لە شوێنی کار تەرخان بکرێت.

شێوازی فێرکردنی خوێندگەیی تەنیا لە چەند وڵاتێک دا بە کار دەهێنرێت. لە نێو ئەو وڵاتانە دا کە ئێمە لەبارەیان لێکۆڵینەوەمان کرد کۆریا و تورکیا ئەم شێوازە بە کار دەهێنن. لە فینلاند و زۆر وڵاتی دیکەیش ئەم شێوازە باوترە بەڵام تاکە شێواز نیە. لە ژمارەیەک لە وڵاتان باوترین شێواز بریتیە لە تێکەڵێک لە دوو شێوازی فێرکردنی خوێندنگەیی و فێرکردن لە ڕێگەی شاگردی کردن. ئەڵمانیا و توونس لەم وڵاتانەن (وێنەی 4.4).

لە ماوەی شاگردی دا، لەوانەیە خوێندکار هەرهەفتە یەک یا دوو ڕۆژ بچێت بۆ خوێندنگە (ئەڵمانیا، سویسرا، توونس)؛ یان خوێندکار بۆ ماوەی چەند دەورەی لەدواییەک خەریکی شاگردی دەبێت و چەند مانگ بچێت و چەند مانگ نەچێت (ئیرلەند)؛ یان ڕەنگە ماوەی شاگردی بە شێوەیەک بێت کە خوێندکار یەکەم نیوەی ڕاهێنانی پیشەیی لە خوێندنگە تەواو بکات و نیوەی دووەمی لە شوێنی کارت تەواو بکات (نەرویج). لە حاڵێک دا کە لە زۆربەی وڵاتان شاگردەکان هەموو دەورەی ڕاهێنانی لای خاوەنکار لەلای یەک خاوەنکار تەواو دەکەن، توونس بەرنامەیەکی ڕاهێنانی "ئاڵترنانس" ی داناوە کە تێدا مومکینە شاگردەکان لە ماوەی شاگردی دا بنێردرێن بۆ لای زیاتر لە یەک خاوەنکار.

بۆ ئەوەی بەرنامەکانی شاگردی سەرکەوتوو بن، پێویستە *چوارچێوەیەکی یاسایی* دابنرێت کە مافەکان و ئەرکەکانی خوێندکار و خاوەنکار دیاری بکات. گرێبەستی شاگردی ئاساییانە لە نێوان خاوەنکار و شاگرد دا واژۆ دەکرێت. ناوەرۆکی هەر گرێبەست ڕەنگە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاواز بێت، بەڵام بە گشتی گرێبەست ئەرکەکان و مافەکانی شاگرد و خاوەنکار دیاری دەکات، لەوانە ئەرکی خاوەنکار بۆ وەرگرتن و فێرکردنی شاگرد، پێدانی مووچە، و دڵنیابوون لەوەی کە ئیمکانات و ڕێنمایی و چاودێریی پێویست بۆ شاگرد دابین دەکرێت. لە هەندێ وڵات، خاوەنکار دەبێ پلانێکی ڕاهێنان پێشکەش بکات و دەرفەتێک دیاری دەکرێت بۆ ئەوەی هەریەک لە لایەنەکان ئەگەر ویستی گرێبەستەکە بەتاڵ بکاتەوە.

ئاساییانە، شاگرد مافی ئەوەی هەیە کە حەقدەست یان مووچە وەربگرێت، و بڕی ئەم پارە لە 30 لە سەدی مووچەی باو بۆ ئەو پیشە (لە تورکیا) تا 80 لە سەد (لە فینلاند) جیاوازە. لە ئۆرۆدن، شاگردەکان مووچەی کەمترینیان پێ دەدرێت، لە توونس بە 30 لە سەدی مووچەی کەمترین دەست پێ دەکات و لە کۆتایی دەورەی شاگردی دا دەگات بە 80 لە سەدی مووچەی کەمترین.

لە هەندێ وڵات (ئەڵمانیا، سویسرا، و نەمسا)، خوێندکاران خۆیان بەرپرسیارن کۆمپانیایەک بدۆزنەوە کە لە شوێنی کار ڕاهێنانی پیشەییان پێ بدات. لە وڵاتەکانی تر (هەنگاریا، ئۆرۆدن، و توونس)، بە خوێندکار کۆمەک دەکرێت شوێنێک بۆ شاگردی بدۆزێتەوە.[8]

بە پێچەوانەی زۆربەی وڵاتەکانی تر، لە هەرێمی کوردستان بەرنامە پیشەییەکانی قۆناغی ناوەندی تەنها لە خوێندنگە بەڕێوە دەچن. تەنها تەجروبەی کاری کە خوێندکار بە دەستی دەهێنێت ڕەنگە دوو مانگ مەشقی کار بێت، یەک مانگ لە هاوینی نێوان ساڵی یەکەم و دووەم و یەک مانگ لە هاوینی نێوان ساڵی دووەم و سێیەم. خوێندکار دەبێ خۆی شوێنێک بۆ مشەقکردن بدۆزێتەوە. وا دیارە کە دەورەی مەشقکردن (تەدریب) تەنها شتێکی ڕووالەتیە، و مامۆستا و خاوەنکار زۆر کەم چاودێریی خوێندکار دەکەن.

**مەنهەجی خوێندن**

لە لە بنەڕەتدا، بەرنامە پیشەییەکان بۆ ئەوە دانراون کە مرۆڤ بۆ یەک پیشە ئامادە بکەن. بەڵام لە سەدەی 21 دا، ئەو کەسانە کە دەچنە نێو بازاڕ نەک تەنها پێویستیان بە شارەزایی پیشەیی دەسبەجێ هەیە بەڵکوو پێویستیان بە لێهاتوویی لە چەند بواری جیاواز دا هەیە بۆ ئەوەی بتوانن لە ماوەی ژیانی کارییان دا کار و پیشەی خۆیان بگۆڕن. بێجگە لەمە، هەندێ لە بوارەکانی خوێندنی پیشەیی بە جۆرێک داڕێژراون کە چاوەڕوان دەکرێت خوێندکار بتوانێت لە دوای قۆناغی ناوەندی درێژە بە خوێندن بدات و تەنانەت بچێتە زانکۆ. ئەم گۆڕانە لە ڕاهێنانی بەرتەسکی پیشەییەوە بۆ ئامادەبوونی بەرفراوان بۆ کار یان خوێندنی زیاتر بووە بە هۆی زیاترکردنی ژمارەی ئەو وانە گشتیانە کە دەخرێنە نێو بەرنامەی خوێندنی پیشەیی.

زۆربەی بەرنامەکانی فێرکردنی ئامادەیی پیشەیی، مەرجی خوێندەواری و زانینی بنەماکانی بیرکاری و ژمێریاری بۆ خوێندکارەکان دادەنێن. زۆرێک لەم بەرنامانە دەیانەوێت لە پاڵی شارەزاییە تەکنیکیەکان دا شارەزاییە "نەرمەکان"یش کە بۆ خاوەنکار گرنگن، وەکوو توانای کارکردنی تیمی، پەیوەندیکردن لەگەڵ موشتەری، و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، فێری خوێندکارەکانیان بکەن. بۆ نموونە، لە فینلاند، بەشێک لە مەنهەجی سەرەکیی خوێندن بریتیە لە ئاشنابوون لەگەڵ وڵاتان و کولتورەکانی تر؛ باشترکردنی ستانداردەکان و پەرەپێدانی بەردەوام؛ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیاری؛ کارگێڕی؛ کارکردن بە کوالیتی باش و بە دڵی ڕاژەخواز؛ شارەزاییەکانی بەکارهێنەر؛ پاراستنی تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی. هەرچەند ئاساییانە هێشتا بۆ وانە پیشەییەکان بە بەراورد لەگەڵ وانە گشتیەکان کاتێکی زیاتر تەرخان دەکرێت، بەڵام بەهای پێویست بە بابەتە ئەکادیمیەکان دەدرێت بۆ ئەوەی دڵنیا بن کە خوێندکار ئامادە یە بۆ درێژەدان بە خوێندن لە دوای قۆناغی ناوەندی یان دەتوانێت بە خوێندنی چەند وانەی زیاتر خۆی ئامادە بکات (ReferNet، 2011).

لەو وڵاتانە دا کە پشکدارە کۆمەڵایەتیەکان لە داڕشتنی ناوەرۆکی بەرنامە پیشەییەکان و دیاریکردنی ستانداردەکان بۆ هەڵسەنگاندن و پێدانی بڕوانامە هاوکاری دەکەن، ڕاهێنانی پیشەیی پەیوەندی بە کارەوە هەیە و بڕوانامەی دەرچووان لە بازاڕی کار دا بایەخی هەیە و جێمتمانەیە. جگە لەمە، زۆرێک لە وڵاتان هەندێ چوارچێوەیان بۆ پێدانی بڕوانامە داناوە یان دادەنن کە دەبێتە هۆی زیاتر شەفاف بوونی سیستمی خوێندن و ڕاهێنانی پیشەیی ئەوان. ئەم چوارچێوانە لە ڕێگەی دیاریکردنی ئاستەکانی شارەزاییەوە یارمەتیی خوێندکاران، خاوەنکاران، و لایەنە بەشدارەکانی تر دەدەن بۆ ئەوەی بزانن کە هەریەک لە بڕوانامە جیاوازەکان چەندە بایەخی هەیە و چەندە جێمتمانە یە.

[8] یەکێک لە کەموکوڕیەکانی بەرنامەکانی شاگردی ئەوەیە کە هەموو ئەو خوێندکارانە کە بەشداری دەکەن ناتوانن شوێنیک بۆ مەشقکردن بدۆزنەوە، و ئەگەری ئەوەی هەیە کە خوێندنی زۆرەملێ تەواو بکەن بێ ئەوەی هیچ تەجروبەیەکی کاری کە بۆ بازاڕی کار گرنگە بە دەست بهێنن. چەند ڕێگە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە دانراون. لە نەمسا و سویسرا، لە خوێندنگە یان لە کۆمپانیایەکی لاسایی (simulated) هەلی مەشقکردن و بەدەسهێنانی تەجروبە بۆ ئەم خوێندکارانە دابین دەکرێت. سویسرا ئەو خوێندکارانە کە لە مەترسیی ئەوە دان لە پۆلی 7 یان 8 بکەونەوە یان ناتوانن شوێنێک بۆ شاگردی کردن بدۆزنەوە دیاری دەکات. هەندێ بەڕێوەبەری کەیس بۆ چاودێریکردنی ئەم خوێندکارانە دیاری دەکرێن و یارمەتیی جۆربەجۆر بۆ خوێندکارەکان دابین دەکەن بۆ ئەوەی ڕێگەیەکی خوێندن هەڵبژێرن یان شوێنێک بۆ شاگردی کردن بدۆزنەوە.

لە زۆربەی ئەو وڵاتانە کە ئێمە لەبارەیان پێداچوونەوەمان کردووە، ماوەی خوێندنی پیشەیی لە قۆناغی ناوەندی دا یەکسانە، بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە هەریەک لەوان زیاتر بە چ پیشەیەک بەها دەدات. لە ئەردەن و توونس یەک تا دوو ساڵە؛ لە فینلاند، ئەڵمانیا، و کۆریا سێ ساڵە؛ و لە سویسرا و تورکیا چوار ساڵە. لە چەند وڵاتێک، لەوانە سویسرا، ڕەنگە ماوەی ڕاهێنانی پیشەیی بۆ هەر پیشەیەک جیاواز بێت و لە دوو تا چوار ساڵ بخایەنێت.

لە ئاستی خوێندنی باڵا دا، ماوەی خوێندنی تەکنیکی بەپێی ئەو ناوەندە کە خوێندکار لەوێ دەخوێنیت وە هەروەها بەپێی بواری خوێندنی لە یەک ساڵ تا چوار ساڵ دەگۆڕێت. ماوەی خوێندن کۆلیژە کۆمەڵایەتیەکانی ئەردەن دوو ساڵە؛ لە ناوەندەکانی پۆلیتەکنیکی فینلاند سێ ساڵە؛ و لە خوێندنگەی دواناوەندیی پیشەیی لە تورکیا دوو ساڵە. لە ناوەندەکانی خوێندنی تەکنیکیی باڵا لە کۆریا، ماوەی خوێندن ئاساییانە دوو ساڵە، بەڵام بۆ هەندێ بەرنامە یەک یان سێ ساڵە.

لە هەرێمی کوردستان، ماوەی بەرنامەکانی خوێندنی پیشەیی لە قۆناغی ناوەندی سێ ساڵە و ئەو ماوە کە بۆ خوێندنی گشتی و خوێندنی پیشەیی دادەنرێت تەقریبەن یەکسان دابەش دەکرێت. فێرکردنی شارەزاییە "نەرمەکان" لە ئێستا دا نەخراوەتە نێو مەنهەجی خوێندن.

**چۆنیەتی وەرگرتنی خوێندکار، گواستنەوە لە قۆناخێکەوە بۆ قۆناخێکی تر، و مەرجەکانی دەرچوون**

***وەرگرتن و گواستنەوە بۆ قۆناغی سەرتر***

بڕیاری ناونووسین بۆ فێرکردنی ئامادەیی پیشەیی یان لە دەستی خوێندکار دایە (وەک لە ئەڵمانیا، فینلاند، نەرویج) یان لەسەر بنەمای توانای ئاکادمیکی خوێندکارە یان بەپێی ئەزموونێکی وەرگرتنە کە خوێندنگە بەڕێوەی دەبات (وەک لە ئەردەن، کۆریا، توونس). لە حاڵەتی دووهەم دا، زۆربەی کات خوێندکارانی تەمبەڵ دەنێردرێنە خوێندنی پیشەیی. سیستمی بۆ خوێندنی ناوەندی لە سویسرا تێکەڵێک لەم دوو حاڵەتەیە. خوێندکار دەتوانێت بەرنامەی شاگردیی چوارساڵەی خۆی هەڵبژێرێت و بۆ خوێندکارانی تەمبەڵیش بەرنامەیەکی دوو ساڵە دادەنرێت. هەر بەم شێوە، لە ئەردەن لەسەر ئەساسی توانا و کارایی خوێندکارانی ناوەندی سەرەتا بوارێکی ئەکادیمی و پاشان بوارێکی پیشەیی بۆ ئەوان دیاری دەکرێت؛ لاوازترین خوێندکارەکان دەنێردرێن بۆ ئەو ناوەندانەی ڕاهێنانی پیشەیی کە لەلایەن وەزارەتی کارەوە بەڕێوە دەچن. لە ئەو شوێنانە کە خوێندنی پیشەیی وەکوو بەرنامەیەکی پەروەردەیی بۆ خوێندکارانی لاواز و "نائەکادیمی" دەبینرێت، ئاساییانە خوێندنی پیشەیی ناوبانگێکی خراپی هەیە.

بۆ درێژەدان بە خوێندن لە پەیمانگەی تەکنیکی یان زانکۆ دوای تەواوکردنی خوێندنی پیشەیی لە قۆناغی ناوەندی کۆمەڵێک ڕێگە هەن. هەندێکیان هیچ مەرجێکیان بۆ وەرگرتن نیە جگە لەوەی کە خوێندکار بە سەرکەوتوویی فێرکردنی ئامادەیی پیشەیی تەواو بکات. هەندێکی تر مەرجی زیادی بۆ وەرگرتنی خوێندکار دادەنێن. لە فینلاند، خوێندکارێک کە فێرکردنی ئامادەیی پیشەیی تەواو دەکات لێهاتوویی گشتی بە دەست دەهێنیت بۆ ئەوەی لە پەیمانگەی تەکنیکی (پۆلیتەکنیک) و زانکۆ بخوێنێت بێ ئەوەی پێویست بێت لە ئەزموونێکی تر بەشداری بکات. لە ئۆرۆدن، خوێندکارانێک کە لە بواری ئاکادمیک و بواری پیشەیی دا دەخوێنن شیاون بۆ وەرگرتن هەم لە زانکۆ هەم لە کۆلێجی کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەو خوێندکارانە کە نێردراون بۆ ناوەندەکانی ڕاهێنانی پیشەیی ئەم مافەیان نیە. لە ئەڵمانیا ڕێگەکانی درێژەدان بە خوێندن بە جۆرێک دانراون کە دوای دەورەی شاگردی خوێندکار بەئاسانی بتوانیت درێژە بە خوێندن بدات، بەڵام تەنیا ژمارەیەکی کەم لە شاگردەکان سوودیان لەم ڕێگانە وەرگرتووە.

ئاساییانە خوێندکارانی پیشەیی مەرجی زیاتریان بۆ دادەنرێت بۆ درێژەدان بە خوێندن لە زانکۆ یان پەیمانگە. بۆ نموونە، لە کۆریا، ئەو خوێندکارانە کە دەیانەوێت لە هەر جۆرێک لە زانکۆ یان پەیمانگە درێژە بە خوێندن بدەن دەبێ لە "ئەزموونی توانای خوێندن لە زانکۆ" سەربکەون بۆ ئەوەی بتوانن بەپێی نمرەکەیان لە پەیمانگەی تەکنیکی یان زانکۆ بخوێنن.

توونس ڕێگەی خوێندنی ئاکادمیک و فێرکردنی ئامادەیی پیشەیی لە یەکتر جیا کردووەتەوە و هەریەک لە ئەوانی داوە بە وەزارەتێکی جیا، و سیستمێکی پلەبەپلەی بۆ خوێندنی پیشەیی داناوە. دوای دوو ساڵ خوێندنی پیشەیی کە خوێندکار بڕوانامەی لێهاتوویی پیشەیی (*Certificat d'Aptitude Professionnel*) وەردەگرێت، ئەو خوێندکارانە کە بەرزترین نمرەیان گرتووە دەتوانن لە بەرنامەیەکی دوو-ساڵەی تر دا بخوێنن و بڕوانامەی شارەزایی تەکنیکی (*Brevet de Technicien Professionnel* (BTP)) وەربگرن. ئەو

خوێندکارانە کە بڕوانامەی BTP وەردەگرن دەتوانن لە بەرنامەیەکی دوو-ساڵەی تر بخوێنن و بڕوانامەی وەستای تەکنیکی (*Brevet de Technicien Superieur*) وەربگرن.

لە هەرێمی کوردستان، دەرچووانی خوێندنی پیشەیی لە قۆناغی ناوەندی بە هەمان شێوەی دەرچووانی خوێندنی گشتی، لە ئەزموونێکی وەزارەتی پەروەردە بەشداری دەکەن، وە بەپێی نمرەکەیان دەنێردرێن بۆ خوێندنی تەکنیکی یان زانکۆ. لە ئێستا دا، تەنها ژمارەیەکی کەم نمرەی بەرز دەگرن و دەتوانن لە قۆناغی پاش ئامادەیی لە خوێندنی ئاکادمیک یان تەکنیکی بخوێنن. ئەمە شانسی ئەوان بۆ دۆزینەوەی کار لە داهاتوو کەم دەکاتەوە. جیا لەمە، ئەوەی کە تەنها ژمارەیەکی کەم لە دەرچووانی خوێندنی پیشەیی لە قۆناغی ناوەندی دەتوانن مەرجەکانی وەرگرتن بۆ خوێندنی تەکنیکی لە زانکۆ بە دەست بهێنن تەمەنای خوێندکار بۆ خوێندن لەم بوارە کەم دەکاتەوە.

***مەرجەکانی دەرچوون/ تەواوکردنی خوێندن***

لە هەرێمی کوردستان، خوێندکارانی خوێندنی پیشەیی لە ئەزموونێکی وەزارەتی پەروەردە بەشداری دەکەن کە هەردووی وانە گشتیەکان و وانە پیشەییەکان لە خۆ دەگرێت. هیچ چوارچێوەیەکی نیشتمانی بۆ دیاریکردنی لێهاتوویی بۆ وەرگرتن لە زانکۆی تەکنیکی نیە.

لە شوێنەکانی تر، ئەوەی کە مەرجەکانی دەرچوونی خوێندکار تا چەندە لەگەڵ ستانداردەکانی خاوەنکار دەگونجێت دەتوانێت نیشانەیەکی گرنگ بێت بۆ ئەوەی کە دەرچووانی خوێندنی پیشەیی دەتوانن کار پەیدا بکەن و دابمەزرن. مەرجەکانی دەرچوون چەندین جۆریان هەیە و ڕەنگە لە ئاستی نیشتمانی دا یان لە ئاستی ناوەندەکانی خوێندن دا ستاندارد و یەکدەست بکرێن، بە پەیڕەوی کردن یان نەکردن لە ستاندارد و مەرجە پیشەییە نیشتمانیەکان و بەشداریکردن یان نەکردنی پشکدارە کۆمەڵایەتیەکان.

ئەڵمانیا و سویسرا چەند ئەزموونی ستانداردکراوی نیشتمانییان هەیە بۆ هەڵسەنگاندنی توانایی خوێندکاران لەسەر ئەساسی چوارچێوەی نیشتمانیی دیاریکراو بۆ هەریەک لە پیشەکان. ئەم ئەزموونانە بە بەشداریکردنی یەکسانی مامۆستایان، خاوەنکاران و یەکیەتیەکانی کرێکاران دانراون. ئەزموونی "Chamber" شارەزایی و لێهاتوویی خوێندکارەکان لە پیشەی خۆیان دا تاقی دەکاتەوە. مامۆستایانی پۆلەکانی خوێندن لە ماوەی شاگردی دا توانا و کارایی خوێندکاران تاقی دەکەنەوە و بەم شێوە زانیاریی ئەکادیمی ئەوان لە ئاستێکی بەربلاوتر دا هەڵدەسەنگێنن. لەو ماوەی کە خوێندکار لە شوێنی کار خەریکی شاگردی دەبێت خاوەنکار ڕاپۆرتێکی هەڵسەنگاندن لەبارەی کارایی و لێهاتوویی ئەو پێشکەش دەکات.

لە فینلاند، خوێندکاران لە ڕێگەی نیشاندانی شارەزاییەکانیان هەڵدەسەنگێنرێن. بۆ ئەم مەبەستە هەندێ ئەزموونی لێهاتوویی دانراون کە بە هاوکاری لەگەڵ خاوەنکارەکان جێبەجێ دەکرێن. لە ئەردەن خوێندکارەکان لە ئەزموونێکی ستانداردکراو بەشداری دەکەن، بەڵام لە توونس هەر ناوەندێکی ڕاهێنان خۆی لە خوێندکارەکانی خۆی ئەزموون دەگرێت.

لە کۆریا، هەریەک لە ناوەندەکانی خوێندنی پیشەیی خۆی بەرنامەی هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوەی خوێندکار دادەنێت بێ ئەوەی خاوەنکارەکان بەشداری بکەن یان ناوەندەکە خۆی لەگەڵ ئەو مەرجە نیشتمانیانە هەماهەنگ بکات کە تازەیی دانراون. ئەمە دەبێتە هۆی بێکاربوونی ژمارەیەکی زۆر لە دەرچووان وە یەکێکە لە هۆکارەکانی ئەوەی کە خاوەنکارانی کۆری باوەڕی کەمیان بە فێرکردنی ئامادەیی پیشەیی هەیە.

**ڕێنمایی و ئامۆژگاری کردنی خوێندکار**

هەرچەند هەرێمی کوردستان هیچ خزمەتێکی ئامۆژگاری و ڕێنمایی بۆ خوێندکاران دابین ناکات، بەڵام ڕێنمایی و ئامۆژگاری کردن وەکوو بەشێکی زۆر گرنگ و سەرەکی لە سیستمی TVET دادەنرێت، بەتایبەت ئێستا کە ژمارەی پیشەکان لە زیادبوون دا یە و کۆمەڵێک پیشەی نوێ دروست دەبن. خوێندکار لە چەند قۆناغی خوێندنی دا پێویستی بە ڕێنمایی هەیە: بەرلە بڕیاردان بۆ هەڵبژاردنی خوێندنی گشتی یان خوێندنی پیشەیی؛ بۆ بڕیاردان لەبارەی ئەوەی کە چ بەرنامەیەک بخوێنێت؛ و بۆ بڕیاردان لەبارەی ئەوەی کە بچێتە زانکۆ یان نە. لە زۆربەی وڵاتان، خوێندکار دەبێ لە تەمەنی 14 تا 16 ساڵی دا ئەم بڕیارانە بدات، چونکە ئاساییانە بەرنامەکانی خوێندنی پیشەیی لە نێوان پۆلی 9 و پۆلی 10 دا دەست پێ دەکەن.

لە حاڵێک دا کە هەندێ وڵات (وەکوو ئەردەن و کۆریا) سیستمی ئامۆژگاری و ڕێنماییان نیە یان سیستمەکەیان لاوازە، هەندێ وڵاتی تر (وەکوو نەمسا، فینلاند، سویسرا) لە هەموو قۆناخەکانی خوێندن دا، لە

سەرەتاییەوە هەتا زانکۆ و خوێندنی گەورەساڵان خزمەتی ئامۆژگاری و ڕێنمایی وەکوو بەشێک لە بەرنامەی خوێندن دابین دەکەن. بۆ نموونە، لە سویسرا هەر لە سەرەتای خوێندنی زۆرەملێوە بە شێوەی ڕەسمی بەرنامە بۆ ڕێنمایی و ئامۆژگاریی پیشەیی دادەنرێت. لە پۆلەکانی 7 و 8 و 9 دا (واتە لە قۆناغی ناوەندی دا)، زانیاری دەدرێت بە خوێندکاران لەبارەی ئەو پیشە کە دەتوانن هەڵیبژێرن وە هەموو مامۆستاکان فێر دەکرێن بۆ ئەوەی لەبارەی بازاڕی کار زانیارییان هەبێت. خوێندکاران دەتوانن ئازادانە لە هەندێ ناوەندی زانیاریی پیشەیی زانیاری وەربگرن. ئەم ناوەندانە خزمەتی زانیاری و ئامۆژگاری بۆ هەموو ئاستەکانی سیستمی خوێندن و ڕاهێنان دابین دەکەن. لەم ناوەندانە، خوێندکار لەگەڵ ڕاوێژکاری گشتی قسە دەکات و پاشان دەنێردرێت بۆ لای کەسێکی پسپۆر کە زانیاریی زیاتری لەبارەی هەندێ پیشەی تایبەتەوە هەیە. سەرچاوە ئەلەکترۆنی و چاپیەکانی زانیاری لە ئاستێکی بەربڵاو دا لە بەردەستی خوێندکاران دان و لەبارەی ئایندەی بازاڕی کاری هەر پیشە، مووچە، و دەرفەتەکانی گەشەکردن زانیارییان پێ دەدەن (OECD, 2010). لە ئەڵمانیایش هاوشێوەی ئەم جۆرە ناوەندانە هەن.

لە تورکیا، لە دوواین نیووساڵی خوێندنی سەرەتایی دا پێویستە خوێندکاران لە خولێکی ئاشانبوون لەگەڵ پیشە جیاوازەکان و ستانداردەکانی ژیانی تایبەت بە ئەوان بەشداری بکەن بۆ ئەوەی بتوانن بە شێوەی ئاگاهانە بڕیار بدەن و پیشەی ئایندەی خۆیان هەڵبژێرن. لە خوێندنگەی ناوەندی، خوێندکارانی پۆلی 9 هەر هەفتە لە خولێکی دوو-کاتژمێرەی ئاشانکردن و ڕێنماییکردن دا بەشداری دەکەن. لەم خولە دا خوێندکار لەگەڵ هەردووی بەرنامە پیشەییەکان و بەرنامە ئەکادیمیەکان ئاشنا دەبێت. لە تورکیا زیاتر لە 200 ناوەند هەن کە کاری ڕێنمایی پیشەیی و ئامۆژگاریی دەروونناسی لە خوێندنگەکان بەڕێوە دەبەن.

**خشتەی 2.4**

**مەرجەکانی شیابوونی مامۆستایانی فێرکردنی ئامادەیی پیشەیی (ISCED 3)، بەپێی جۆری مامۆستا**

| ولات | مەرجەکانی وەرگرتی مامۆستای IVET، بۆ وانە تیۆریەکان | مەرجەکانی وەرگرتی مامۆستای IVET، بۆ وانە کرداریەکان | مەرجەکانی پێویست بۆ ڕاهێنەری کۆمپانیا |
|---|---|---|---|
| نەمسا | بڕوانامەی بەکالۆریۆس + 3 ساڵ تەجروبە لە بابەتەکە دا | بڕوانامەی خوێندن و ڕاهێنانی پیشەیی سەرەتایی(IVET) + ئەزموونی وەستابوون لە پیشە + بڕوانامەی بەکالۆریۆس + 3 ساڵ تەجروبە لە پیشەکە دا | وەستابوون لە پیشە + 40 کاتژمێر زانیاریی وانەوتنەوە و زانیاریی یاسایی بنەڕەتی + 6 ساڵ تەجروبە |
| ئەڵمانیا | بڕوانامەی بەکالۆریۆس + 3–12 مانگ تەجروبە لە بابەتەکە + خولی وانەوتنەوە | سەرکرێکار یان کرێکاری شارەزا + مەشقی وانەوتنەوە و خولی وانەوتنەوە | شارەزابوون لە پیشەکە دا + زانیاری لەبارەی تیۆریی خوێندن + ئەزموونی ئیجباریی لێهاتوویی ڕاهێنەر |
| فینلاند | بڕوانامەی بەکالۆریۆس + ڕاهێنانی وانەوتنەوە + 3- ساڵ تەجروبە لە بابەتەکە دا | بە هەمان شێوەی مامۆستای وانە تیۆریەکان | هیچ مەرجێکی بۆ دانەنراوە، بەڵام ئاساییانە کرێکاری شارەزان |
| ئەردەن | بڕوانامەی بەکالۆریۆس + یەک ساڵ پاش-دەرچوون | بە هەمان شێوەی مامۆستای وانە تیۆریەکان | هیچ مەرجێکی بۆ دانەنراوە |
| کۆریا | بڕوانامەی 4 ساڵ وانەوتنەوە | بڕوانامەی کۆلێژی جوونیۆر + بڕوانامەی سەرکەوتن لە ئەزموونی وەرگرتنی بڕوانامەی مامۆستایی | بۆی نیە |
| نەرویج | بڕوانامەی پیشەوەر یان کرێکاری شارەزا + 3 ساڵ خوێندن لە زانکۆ یان یەک ساڵ مامۆستایی و 2 ساڵ خوێندنی تیۆریک لە بواری کەسب و کار یان بڕوانامەی بەکالۆریۆس. + 1 ساڵ مامۆستایی + 3 ساڵ تەجروبەی کاری | بە هەمان شێوەی مامۆستای وانە تیۆریەکان | بۆی نیە |
| توونس | بەکالۆریۆس + 2 ساڵ ڕاهێنانی مامۆستایی + بڕوانامەی لێهاتوویی + خولی دیکە لە بابەتەکە دا | بە هەمان شێوەی مامۆستای وانە تیۆریەکان | کۆمپانیای بەرپرسیار لە ڕاهێنانی ڕاهێنەرەکان |
| تورکیا | بڕوانامەی ماستر + ئەزموونی قسەکردن و نووسین + 3 ساڵ تەجروبە | بە هەمان شێوەی مامۆستای وانە تیۆریەکان | بۆی نیە |

سەرچاوەکان: هوێکێل (2010) و کوتسێرا و هاوکاران. 2008

### ئامادەکردنی مامۆستایان

لەو شوێنانە کە خوێندن لە خوێندنگە پیشەییەکان لە نێوان وانەی تیۆری و وانەی تەکنیکی دا دابەش دەکرێت، مەرجەکانی وەرگرتنی مامۆستایانی بابەتە پیشەییەکان کەمتر لەسەر ئەوە تەئکید دەکەن کە مامۆستا بڕوانامەی خوێندنی تەکنیکیی ڕەسمی یان خوێندن لە زانکۆی هەبێت و زیاتر لەسەر شارەزایی و تەجروبەی پیشەیی مامۆستا (بۆ نموونە وەستا یان سەرکرێکار بوونی ئەو) تەئکید دەکەن، و هەندێ خولی فێرکردنی وانەوتنەوە و ڕاهێنان بۆ مامۆستا وەرگیراوەکان بەڕێوە دەبەن. خشتەی 2.4 لیستێک لە ئەو مەرجانە نیشان دەدات کە لە هەشت وڵات دا بۆ مامۆستایانی فێرکردنی ئامادەیی پیشەیی دانراوە لە ڕووی تیۆری و کردەوە و تەجروبەوە.

بۆ ئەو ڕاهێنەرانە کە لە کارگە و کۆمپانیاکان خوێندکاران وەکوو شاگرد وەردەگرن و فێریان دەکەن، مەرجی شارەزابوون لە بابەتەکە دانراوە و ئەو کەسە دەبێت وەستا، سەرکرێکار یان کرێکاری شارەزا بێت. لە هەندێ وڵات، لەوانەیە لە پاڵی ئەم مەرجانە دا خولی شێوازی فێرکردن بۆ مامۆستاکە دابنرێت (وەکوو نەمسا) یان مامۆستاکە فێری تیۆریی خوێندن بکرێت (وەکوو ئەڵمانیا). لە زۆربەی وڵاتان (نەمسا، ئەڵمانیا، فینلاند، و کۆریا)، مامۆستایانی فێرکردنی ئامادەیی پیشەیی دەبێ لە بەرنامەکانی درێژەدان بە خوێندن بەشداری بکەن و بەردەوام خەریکی فێربوون بن.

لە هەرێمی کوردستان ئێستا دەبێ مامۆستایانی پیشەیی بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەبێت، بەڵام مەرج نیە لەسەریان کە تەجروبەی کردەوەییان هەبێت.

### دڵنیایی جۆریی

جیا لە مەسەلەی دڵنیابوون لە هاوکاریکردنی پشکدارە کۆمەڵایەتیەکان لە دانان و نوێکردنەوەی بەردەوامی ستانداردە پیشەییەکان، مەرجەکانی داینی بڕوانامە بە خوێندکار، مەنهەجی خوێندنی پیشەیی، و ستانداردەکانی وەرگرتنی مامۆستایان، وڵاتەکان دوو ستراتژیی دیکەیش بە کار دەهێنن بۆ دڵنیابوون لە کوالیتیی بەرنامە پیشەییەکانیان: (ئا) هەڵسەنگاندن و نمرەپێدان بە بەرنامەکان یان خوێندنگەکان، و (ب) لێکۆڵینەوە.

زۆرێک لە وڵاتان بەرنامەیان داناوە بۆ پشکنین و نمرەداییین بە خوێندنگە پیشەییەکان یان ناوەندەکانی دیکەی خوێندن و ڕاهێنانی پیشەیی بۆ ئەوەی دڵنیا بن کە کوالیتیی کاری ئەوان لە سەرەوە دەبێت. بۆ نموونە، وڵاتی توونس سیستمێکی پشکنینی داناوە و لە یاسا نوێکانی پەروەردە لە ساڵی 2008 ـەوە ڕوون کراوەتەوە کە پێویستە ناوەندەکانی ڕاهێنانی پیشەیی (حکوومەی و تایبەت) ناوبەناو هەڵسەنگێنرێن و لەبارەی کوالیتی کاری ئەوان پشکنین بکرێت. توونس *Referentiel National de la Qualité de la Formation Professionnelle* (یان چوارچێوەی نیشتمانی بۆ کوالیتیی ڕاهێنانی پیشەیی) دانا کە هەروەها ئەرکی خۆهەڵسەنگاندنیش لە خۆ دەگرێت. لە ئەڵمانیا، هەموو سیستمی خوێندن لە ژێر کۆنترۆڵی حکوومەت دا یە و لە یاسا و ڕێسا پەروەردەییەکانی هەرێمەکان (*Länder*) دا چوارچێوەکانی کۆنترۆڵی کوالیتی بە وردی دیاری کراون. زۆربەری هەرێمەکان (*Länders*) جیا لە یاساکانی حکوومەت هەندێ یاسای دیکەیان بۆ هەڵسەنگاندنی دەرەکی و ناوخۆیی هەیە. لە فینلاند پشکنین ناکرێت، بەڵام ئەرکێکی یاسایی لەسەر ناوەندەکانی خوێندن فەرز کراوە کە خۆیان کاری خۆیان هەڵسەنگێنن و لە هەڵسەنگاندنی ناوەندەکانی تر دا بەشداری بکەن.

بەشی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن هەروەها پاڵپشتی دەکات لە بەشەکانی دڵنیابوون لە کوالیتی و پەرەپێدانی خوێندن و ڕاهێنانی پیشەیی. لە شوێنانە کە ئەرکی بەڕێوەبردنی خوێندن و ڕاهێنانی پیشەیی لە نێوان چەند وەزارەت یان ڕێکخراو دابەش کراوە، لەوانەیە کۆکردنەوە، بەڕێوەبردن و لێکدانەوەی زانیاری و دەیتای پەیوەندیدار ئاسان نەبێت. لە هەندێ وڵات چەند ناوەندێکی نیشتمانی دانراون بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە. بۆ نموونە لە ئەڵمانیا چەند ڕێکخراوی ڕێکوپێک بۆ چاودێریکردنی سیستمی خوێندن و ڕاهێنانی پیشەیی هەن لەوانە BIBB و تۆڕی نیشتمانیی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە کە لەبارەی لایەنە جیاوازەکانی ئەم سیستمە لێکۆڵینەوە دەکەن. ئەنجومەنی هەڵسەنگاندنی پەروەردەی فینلاند بە شێوەیەکی سەربەخۆ بەرنامەکانی خوێندنی گشتی، خوێندنی پیشەیی و خوێندنی گەورەساڵان هەڵدەسەنگێنیت. لە ئەردەن، ناوەندی نیشتمانیی پەرەپێدانی سەرچاوە مرۆییەکان (NCHRD) کاری پەرەپێدان و هەڵسەنگاندنی بەرنامەکانی خوێندن و ڕاهێنانی پیشەیی ئەنجام دەدات و خەریکە "سیستمێکی زانیاریی بۆ سەرچاوە مرۆییەکان" دادەنێت.

### پوختە

لەم برگە دا باسی سیاسەتەکان و چالاکیەکانی تایبەت بە خوێندن و ڕاهێنانی پیشەیی لە وڵاتانی دیکەمان کرد، کە لەلایەن چەند ناوەندی هاوشێوەوە ڕێک دەخرێن. کاتێ کە بارودۆخی TVETی ئەم وڵاتانەمان لەگەڵ

بارودۆخی TVET لە هەرێمی کوردستان بەراورد کرد، چەند خاڵی سەرەکیمان بۆ دەرکەوت کە لە خوارەوە باسیان دەکەین:

- زۆربەی وڵاتان دەیانەوێت ئەرکی بەڕێوەبردنی TVET لە هەردوو قۆناغی ناوەندی و زانکۆ بسپێرن بە یەک وەزارەت یان یەک ئاژانسی هەماهەنگ کردن، بەڵام هەرێمی کوردستان ئەم ئەرکەی بە سێ وەزارەتی جودا سپاردووە کە لەگەڵ یەکتر هاوکاری ناکەن.
- زۆربەی ئەو وڵاتانە کە لەبارەیان لێکۆڵینەوەمان کردووە هەندێ میکانیزمیان داناوە بۆ ئەوەی خاوەنکارەکان و پشکدارە کۆمەڵایەتیەکانی تر لە داڕێشتن و دابینکردنی TVET دا بەشداری بکەن؛ لە هەرێمی کوردستان هاوکاریەکی لەم چەشنە لەلایەن خاوەنکارەوە نابینین.
- لە هەرێمی کوردستان بوودجەی TVET لەلایەن حکوومەتەوە دەدرێت، لە حاڵێک دا لە وڵاتانی تر دا هەندێ مێکانیزم دانراوە بۆ ئەوەی خاوەنکارەکان یارمەتی بدەن، بۆ نموونە لە ڕێگەی دابینکردنی خزمەتی ڕاهێنانەوە (وەکوو دابینکردنی دەرفەتی شاگردی کردن و مەشقکردن لای خاوەنکار) یان لە ڕێگەی داپینی باجەوە.
- هەرێمی کوردستان لە قۆناغی ناوەندی دا تەنها بۆ 14 پیشەی جیاواز هەلی خوێندن دابین دەکات، لە حاڵێک دا لەو وڵاتانە کە لەبارەیان پێداچوونەوە کراوە ژمارەی ئەم پیشانە 100 تا 350 پیشەی جیاوازە. ڕەنگە ئەمە بەشێکی لەبەر ئەوە بێت کە لە هەرێمی کوردستان خوێندکاران کەمتر لە TVET بەشداری دەکەن. تەنها 3 لەسەدی خوێندکارانێک کە لە قۆناغی ناوەندی ناو دەنووسن دەچنە خوێندنی پیشەیی.
- زۆربەی وڵاتان هەندێ ڕێکخراوەیان داناوە کە چەند ئامرازێکیان هەیە (وەکوو ئامرازی لێکۆڵینەوە لەبارەی خاوەنکارەکان و دەرچووانی ئەم دواییە و گۆڕانکاریەکانی بازاڕی کار) بۆ هەڵسەنگاندنی ڕێژەی داخواز بۆ شارەزاییەکان و دیاریکردنی جۆری ئەو ڕاهێنانە کە دەبێ دابینی بکەن؛ هەرێمی کودستان ئەم جۆرە دەزگا و ئامرازانەی نیە.
- لە حاڵێک دا کە پێشنیار دەکرێت لە هەموو مۆدێلەکانی خوێندنی پیشەیی دا حەتمەن بەشی ڕاهێنان لە شوێنی کار هەبێت، زۆربەی وڵاتان، لەوانە هەرێمی کوردستان، بەرنامەکانی TVET تەنها لە خوێندنگە بە ڕێوە دەبەن و خوێندکارەکان کەمترین دەرفەتیان هەیە بۆ ئەوەی لای کۆمپانیایەک ڕاهێنانی کرداریی و مەشقی کار بکەن.
- ڕەوتەکە زیاتر بەرەو ئەوە دەڕوات کە بەرنامەی TVET نە تەنها خوێندکار بۆ کارێک ئامادە بکات بەڵکوو شارەزایی پیشەیی زیاتر، شارەزاییە "نەرمەکان"، و خوێندەواریی زیاتر و زانیاریی بیرکاریی زیاتر بە ئەو بدات بۆ ئەوەی بتوانێت لە زانکۆ درێژە بە خوێندن بدات یان لە ئایندە پیشە و کاری خۆی بگۆڕێت. بەڵگەکان نیشان دەدەن لە بەرنامەکانی هەرێمی کوردستان دا بە ئەندازەی پێویست تەجروبەی کردەوەیی، شارەزایی تەکنیکی، شارەزایی نەرم، و شارەزایی زمانی بۆ خوێندکار دابین ناکرێت.
- وڵاتەکان دەیانەوێت فێرکردنی ئامادەیی پیشەیی بە جۆرێک داڕێژن کە بنبەستێک نەبێت بەڵکوو ڕێگایەک بێت بۆ دامەزران یان خوێندن لە زانکۆ، چونکە ئەمە کلیلی ڕاکێشانی سەرنجی خوێندکاران بۆ بەرنامەکانی خوێندنی پیشەییە. بەڵام، هەرێمی کوردستان لە قۆناغی ناوەندی دا نمرەی ئەزموون بە کار دەهێنێت بۆ ناردنی خوێندکاران بۆ زانکۆ یان پەیمانگە تەکنیکیەکان و شارەزایی پێویست دابین ناکات بۆ ئەوەی خوێندکارەکان بتوانن ڕکابەری بکەن و سەرکەوتووانە ئەم مەرجانە بە دەست بهێنن. هیچ سیستمێکی هەڵسەنگاندنێکی جودا بۆ خوێندکارانی پیشەیی یان ستاندارده پیشەییەکان دانەنراوە کە بەکار بهێنرێت بۆ هەڵسەنگاندنی کوالیتیی خوێندن یان نیشاندانی لێهاتوویی و توانای خوێندکار بە خاوەنکارە ئیحتمالیەکان.
- ئەگەرچی ڕێنمایی و ئامۆژگاری بە شتێکی زۆر گرنگ دادەنرێت بۆ ئەوەی کۆمەکی خوێندکارەکان بکەین کە بتوانن لەبارەی درێژەدان بە خوێندن و هەڵبژاردنی پیشەی داهاتوویان بڕیار بدەن، هەرێمی کوردستان هیچ خزمەتێکی لەم چەشنە دابین ناکات.
- لە زۆربەی وڵاتان، مامۆستایانی پیشەیی لە قۆناغی ناوەندی دەبێ لە وانەکەی خۆیان دا تەجروبەیان هەبێت، بەڵام هەرێمی کوردستان تەنها بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لەوان دەوێت.
- هەرێمی کوردستان ئەو میکانیزمانەی نیە کە وڵاتانی تر بۆ زیاتر دڵنیابوون لە کوالیتی بەکاریان دەهێنن، وەکوو سیستمی پشکنین، بڕوانامەپێدانی سەربەخۆ، هاوکاریکردنی لایەنە پشکدارە کۆمەڵایەتیەکان، یان لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن.

# نەخشەڕێگای پێشنیارکراو بۆ باشترکردنی TVET

حکوومەتی هەرێمی کوردستان تێدەکۆشێت بۆ پەرەپێدان و باشترکردنی سیستمی TVETی خۆی. بەشێک لەم تێکۆشانە بریتیە لە پلاندانان بۆ دروستکردنی سێ بنکەی ڕاهێنانی پیشەیی لە ئاستی ناوەندی دا کە هەریەکەیان جێگەی 10,000 خوێندکاری هەیە. لەم بڕگە دا، ئێمە نەخشەڕێگایەک پێشکەش دەکەین تا بە پشتبەستن بەم هەوڵ و تێکۆشانەی حکوومەت سیستمەکە وا لێ بکەن کە باشتر وڵامی پێداویستیەکانی خوێندکاران و خاوەنکاران بداتەوە. ئێمە هەندێ پێشنیار بۆ پشتیوانیکردن لە پلانەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەش دەکەین، لە بڕگەی دوو دا ئێمە هەڵسەنگاندن و بیروڕای خۆمان لەبارەی سیستمی ئێستای TVET لە هەرێمی کوردستان دەخەینە ڕوو، لە بڕگەی سێ دا هەڵسەنگاندن و بیروڕای خۆمان لەبارەی خاوەنکاران لە هەرێمی کوردستان و ئەو شارەزاییانە کە ئەوان پێویستیانە دەخەینە ڕوو، وە لە بڕگەی چوار دا پێداچوونەوەیەک لەبارەی سیاسەت و ڕێبازە نێودەوڵەتیەکانی TVET پێشکەش دەکەین. ئێمە لەبارەی هەموو ئاستەکانی TVET گفتوگۆ دەکەین، بەڵام تەرکیزی ئێمە زیاتر لەسەر خوێندن و ڕاهێنانی پێشەیی لە ئاستی ناوەندی دا یە.

گرنگترین وانە کە لە پێداچوونەوەی سیاسەت و ڕێبازە نێودەوڵەتیەکان فێر دەبین ئەوەیە کە شتێک بە ناوی باشترین ڕێگەی دابینکردنی TVET وجوودی نیە. لەڕاستیدا، سیستمەکانی TVET بەپێی بارودۆخی ئابووری، کۆمەڵایەتی و مێژوویی هەر ناوچەیەک دادەڕێژرێن - لەوانە بارودۆخی دیمۆگرافی، کاروبازاڕ، ڕادەی داخواز بۆ شارەزاییەکان، کوالیتیی سیستمی پەروەردە، مێژووی بەشداریکردنی خاوەنکار، و ڕادەی سەرنجڕاکێشبوونی ڕاهێنانی پیشەیی — کە هەموویان کاریگەر دەبن لەسەر چۆنیەتی دابینکردنی TVET (گوتری و هاوکارانی، 2012). لەبەر ئەم ڕاستیە، ئێمە پێشنیارەکانی خۆمان لەسەر بنەمای ئەو ڕێبازە نێودەوڵەتیانە کە بۆ بارودۆخی هەرێمی کوردستان گونجاون پێشکەش دەکەین، وە لەم پێشنیارانە دا بایەخی تایبەت دەدەین بە پەرەپێدان و باشترکردنی سیستمی TVET لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

ئەو هەنگاوانە کە پێشنیار دەکرێن زۆرن، و دەبێت پلەپلە و بەپێی بەرنامەی زەمەنی جێبەجێ بکرێن. بێجگە لەمە، پێویستیان بە دابینکردنی بوودجە بە شێوەی ڕێکوپێک هەیە.

### دانانی سیستمێکی بەڕێوەبردنی هەماهەنگ لە نێوان وەزارەتەکان و لایەنە پشکدارەکان

بێ گوێدان بە ئەو شێوازە جیاوازانەی بەڕێوەبردن و چاودێریکردنی سیستمەکانی TVET کە بە کار هێنراون، هەموو ئەو وڵاتانە کە بۆ مەبەستی ئەم لێکۆڵینەوە هەڵسەنگێندراون هەنگاویان هەڵگرتووە بۆ باشترکردنی هەماهەنگی لە نیوان وەزارەتەکان، فەرمانگەکانی دیکەی حکوومەت، ناوەندەکانی خوێندن (لە ئاستی ناوەندی و زانکۆ)، پشکدارە کۆمەڵایەتیەکان وەکوو خاوەنکاران و یەکیەتیەکانی کرێکاران.


بۆ باشترکردنی هەماهەنگیی نێوان سیاسەتەکان و کارەکان لە ناوەندەکانی TVET لە ئاستی هەرێمی کوردستان، ئێمە پێشنیار دەکەین کە ئەنجومەنێکی بەڕێوەبردنی TVET دابنرێت. ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە لەم ڕێکخراوانە دەبن: وزارەتەکانی پلاندانان، پەروەردە، خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، کار و کاروباری کۆمەڵایەتی (لەگەڵ ئەو بەڕێوەبەرە گشتیانە کە لە TVET دا ئەرکیان پێ سپێردراوە)، و نوێنەرانی باڵای هەریەک لە پارێزگاکان بۆ ئەوەی بیروڕا و بۆچوونی ناوچە جیاوازەکان ڕابگەیەنن.

ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی TVET هەروەها چەند "لیژنەی پیشەیی" هەیە کە لە نوێنەرانی خاوەنکاران، سەندیکاکانی کرێکاران، مامۆستایان، و پشکدارە کۆمەڵایەتیەکانی تر پێک دێن. ئەم لیژنانە کۆمەک دەکەن بە داڕێشتنی بەرنامەکانی TVET.
بۆ پشتیوانیکردن لە ئەنجومەن، ئێمە هەروەها پێشنیار دەکەین کە "سکرتاریەتێکی گشتیی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی TVET" دابنرێت. ئەرکەکانی ئەم سکرتاریەتە بریتین لە پەیوەندیکردن لەگەڵ خاوەنکاران، لێکۆڵینەوەی بازاڕ کار و لێکدانەوەی زانیاری، دیاریکردنی ستاندارده پیشەییەکان و مەنهەجەکانی خوێندن، و ڕاگەیاندن. شێوەی 5.1 چوارچێوەی پێشنیارکراو بۆ بەڕێبوەبردنی TVETنیشان دەدات.
ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی TVET دەسەڵاتی ئەوەی دەبێت کە:

- کاری دانانی سیاسەتەکان و دیاریکردنی ئاینده و ئامانجەکان و سیاسەتی گشتیی TVET هەماهەنگ بکات
- سیاسەتەکان دیاری بکات بۆ پاڵپشتیکردن لە ستراتژیی گشتی
- بەرنامەکانی فێرکردن لە هەموو ئاستەکانی TVET دیاری بکات و ستاندارده پیشەییەکان و مەنهەجی خوێندن بۆ ئەو بەرنامانە دیاری بکات.
- شێوازی درێژەدان بە بەرنامەکانی خوێندنی TVET و گواستنەوە لە قۆناغی ناوەندییەوە بۆ زانکۆ هەماهەنگ بکات، هەروەها مەنهەجی خوێندن و مەرجەکانی وەرگرتن لە زانکۆ دیاری بکات.
- چاودێریی خواست و داواکاریەکانی خاوەنکاران بکات و کارایی سیستمی TVET هەڵسەنگێنێت.

دابینکردن و جێبەجێکردنی بەرنامەکانی TVET لە ئاستە جیاوازەکانی دا هەر لە ئەستۆی ئەو وەزارەتانە دەبێت کە ئێستا ئەم ئەرکە جێبەجێ دەکەن.
ئەو *لیژنە پیشەییانە* کە بۆ هەر کەرتێک یان هەر گرووپێک لە پیشە هاوپەیوەندەکان دانراون ئامۆژگاریی پێویست لەبارەی ستاندارده پیشەییەکان و پێداویستیەکانی مەنهەجەکانی خوێندن پێشکەش دەکەن و کاری ئەم لیژنانە لەلایەن سکرتاریەتی گشتیەوە هەماهەنگ دەکرێت. دانانی لیژنە پیشەییەکان ڕەنگە کارێکی زەحمەت بێت، چونکە ئێستا خاوەنکاران و پشکدارە کۆمەڵایەتیەکانی تر هێچ ڕۆڵێکیان لە TVET دا نیە. ستراتژیی

**شێوەی 1.5**
**چوارچێوەی پێشنیارکراو بۆ بەڕێوەبردنی TVET**




RAND RR277-5.1

یەکەم دەتوانێت ئەوە بێت کە سەرەتا چەند لیژنەی پیشەیی بۆ هەندێ پیشەسازیی هەڵبژێرراو دروست بکەن، باشترین ڕێگەکان بۆ بەڕێوەبردنی ئەوان بدۆزنەوە، و پاشان بەرەبەرە ژمارەی لیژنەکان زیاتر بکەن. ڕاوێژکارانی دەرەکی یان ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان دەتوانن لە قۆناغە سەرەتاییەکانی دروستکردنی لیژنەکان دا هاوکاری بکەن. ژمارەی ئەندامانی هەر لیژنەیەک نابێت زیاتر لە 12 تا 15 کەس بێت، بۆ ئەوەی هەموو ئەندامان هان بدرێن چالاکانە بەشداری بکەن و خەرجیەکانی هەماهەنگ کردن بگات بە کەمترین ئاست. بەپێی هەڵسەنگاندنی ئێمە لەبارەی بازاڕی کاری هەرێمی کوردستان، هەوەها بەپێی ئەو زانیاریانە کە لە لێکۆڵینەوەی خاوەنکاران بە دەست هاتووە، پێشنیار دەکەین کە سەرەتا چەند کۆمیتەی پیشەیی بۆ کەرتەکانی وزە، بیناسازی، ڕاگەیاندن، و وردەفرۆشی (تاکفرۆشی) دابنرێن.

ئەرکەکانی نووسینگەکانی سکرتاریەتی گشتی دەتوانن بریتی بن لە ئەمانەی خوارەوە:

*بۆ نووسینگەی پیشەکان، مەنهەجەکانی خوێندن، و بڕوانامەکان:*

- زانیاری بدەن بە ئەنجومەنی بەڕێوەبردن سەبارەت بە بڕوانامە پیشەییەکان و مەنهەجەکانی خوێندن.
- لیژنە پیشەییەکان هەماهەنگ بکەن.
- بە هاوکاری لەگەڵ کۆمیتە پیشەییەکان ستاندارده پیشەییەکان، مەنهەجەکانی خوێندن، و مەرجەکانی بەخشینی بڕوانامە بە خوێندکار دیاری بکەن بۆ پیشەکانی ئێستا و پیشە نوێکان، لە هەردوو ئاستی خوێندن لە قۆناغی ناوەندی و خوێندن لە زانکۆ.
- مەرجەکانی پێدانی بڕوانامە بۆ پیشە جیاوازەکان یان گرووپە پیشەییەکان لەسەر ئەساسی لێهاتوویی دیاری بکەن.
- هەندێ مەرج بۆ شیاوبوونی مامۆستایان دیاری بکەن.
- چوارچێوەیەک بۆ خزمەتەکانی ڕێنمایی و ئامۆژگاری دابنێن.

*بۆ نووسینگەی پەیوەندی لەگەڵ خاوەنکاران:*

- لەگەڵ خاوەنکاران پەیوەندی دروست بکەن بۆ ئەوەی هانی ئەوان و هاوبەشە کۆمەڵایەتیەکانی تر بدەن بۆ بەشداریکردن لە لیژنە پیشەییەکاندا.
- گفتوگۆ بکەن لەبارەی ستانداردەکان، پێویستیەکانی خوێندکار و خاوەنکار، و چۆنیەتی چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنی بەرنامەی ڕاهێنان یان مەشقکردنی TVET لە قۆناغی ناوەندی و پاش قۆناغی ناوەندی.
- لەگەڵ خاوەنکارەکان هاوکاری بکەن بۆ دانانی مۆدێلێکی شاگردی و مەشقکردن بۆ مەبەستی فێرکردن و ڕاهێنانی خوێندکاران.
- بیروڕای خاوەنکاران وەربگرن لەبارەی ئەو شارەزایی و پیشەیانە کە ئەوان دەیانەوێت ڕاهێنانیان بۆ دابین بکرێت.

*بۆ نووسینگەی لێکۆڵینەوە و زانیاری بازاڕ:*

- مێتۆدەکانی کۆکردنەوەی زانیاری دیاری بکەن بۆ دەسنیشانکردنی پێداویستیەکانی ئێستا و داهاتووی بازاڕی کار، لەوانە شیکردنەوەی ڕەوتەکانی دامەزراندن، لێکۆڵینەوەی پێداویستیەکانی خاوەنکاران، و لێکۆڵینەوەی پێداویستیەکانی خوێندکاران و دەرچووان.
- کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی زانیاری و لێکۆڵینەوە لەبارەی بازاڕی کار و TVET بۆ بڕیارەکانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی TVET، خزمەتەکانی ڕێنمایی و ئامۆژگاریکردن، و خەڵکی ئاسایی (خاوەنکاران، باوک و دایکان، و خوێندکاران).
- هەماهەنگی لەگەڵ بنکەکانی TVET بۆ دامەزراندنی سیستمێک بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی ڕێژەی دامەزرانی خاوەنکاران و زانیاریە گرنگەکانی تر لەبارەی دەرەنجامەکانی TVET.
- دانانی سیستمێکی بەڕێوەبردنی زانیاریی TVET، لەوانە "داشبۆرد" ی نیشاندەرە گرنگەکانی کارایی (وەکوو کوالیتی، دامەزرانی دەرچووان) کە دەکرێت لەگەڵ تێپەڕبوونی کات هەڵسەنگێنرێت.
- لەگەڵ KRSO لە بواری کۆکردنەوە و لێکدانەوەی زانیاری هاوکاری بکەن.

لە کاتی پلاندانان بۆ سێ بنکە نوێکەی خوێندنی پیشەیی لە قۆناغی ناوەندی و هەڵبژاردنی بەرنامە پیشەییە نوێکان، خێرا کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی پێداویستیەکان و ڕەوتەکانی بازاڕ زۆر گرنگە بۆ وەزارەتی پەروەردە (MoE). ئێمە پێشنیار دەکەین وەزارەتی پەروەردە لە هەنگاوی یەکەم دا لەبارەی نیشانەکانی بازاڕ زانیاری کۆ بکاتەوە، چونکە دەشێت ڕێکخستنی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی TVET ماوەیەکی پێ بچێت.
بۆ *نووسینگەی ڕاگەیاندن*:

- خەڵک ئاگادار بکەنەوە لە گرنگیی TVET بۆ ئابووری و پلانەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پەرەپێدانی ئاستی دەسپێگەشیتن، باشترکردنی کوالیتی و دابینکردنی ڕێگەکانی دامەزران.
- ساڵانە "کۆنفرانسی چاکسازیی لە TVET" بەڕێوە ببەن بۆ ئەوەی لەبارەی گۆڕانکاریەکان و پلانەکان زانیاری بدەن بە خەڵک، مەکۆیەک فەراهەم بکەن بۆ وەرگرتنی بیروڕای لایەنە پشکدارەکان، و ئاگادارکردنەوەی خەڵک لە گرنگیی چاکسازیکردن لە TVET دا.
- بەردەوام لەگەڵ خەڵک، خاوەنکاران، باوک و دایکان، خوێندنگەکان و خوێندکاران لەبارەی چاکسازییەکان و ئەو دەرفەتانە کە بەهۆی سیستمی نوێ دەرەخسێن پەیوەندی بکەن و زانیارییان پێ بدەن.
- خەڵک ئاگادار بکەوە لە دەرەنجامە باشەکانی TVET (وەکوو دامەزرانی دەرچووان و درێژەدان بە خوێندنی ئەوان لە زانکۆ) بۆ ئەوەی ناوبانگێکی باشتری هەبێت.

کارمەندانی ئەم نووسینگە جیاوازانە دەبێ لەگەڵ تێبەڕبوونی کات شارەزایی و پسپۆریی پێویست بە دەست بهێنن بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان. سەرەتا، ڕەنگە پێویست بێت ئەوان لە پسپۆران و ڕاوێژکارانی دەرەکی کۆمەک وەربگرن، بەتایبەت بۆ دانانی ستانداردە پیشەییەکان، دیاریکردنی مەنهەجەکانی خوێندن، و دیاریکردنی مەرجەکانی بەخشینی بڕوانامە بە خوێندکاران.
پێکهێنانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی TVET و سکرتاریەتی گشتیی کە یارمەتیدەری ئەوە دەتوانێت گرنگترین هەنگاو بێت بۆ ڕێکخستن، ئەولەویەتبەندی، هەماهەنگ کردن، و جێبەجێکردنی ئەوەدوای پێشنیارەکان کە لە خوارەوە باس کراون.

## ئامانجەکانی TVET لە هەرێمی کوردستان دیاری بکەن

ئەو ئامانجانە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سیستمی TVET ی خۆی دیاری دەکات دەبێ بنەمای دیاریکردنی ستراتژی، سیاسەتەکان، و بەرنامەکانی بن. دەکرێت بەڵگەیەک بڵاو بکرێتەوە کە ئامانجەکانی بەرنامەکانی تایبەتی هەرێمی کوردستان تێدا ڕوون بکرێنەوە. ئەمجۆرە بەڵگەنامە دەتوانێت بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان کۆمەک بکات لەسەر پلانەکانی TVET ڕێک بکەوێت، هەروەها ئەم بەڵگەنامە دەتوانێت دڵنیایی و ئارامی ببەخشێت بە خاوەنکاران و وەبەرهێنەرانی بیانی، و ناوبانگی TVET لای خوێندکاران باشتر بکات. ئێمە پێشنیار دەکەین حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە دانانی بەرنامەکانی TVET دا ئەم ئامانجانە بکات بە بنەڕەتی چالاکیەکانی خۆی:

- باشترکردنی کوالیتی، ئاستی دەسپێگەیشتن، و پەیوەندیداربوون وەکوو بەها بنەڕەتیەکان
- هەوڵدان بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی بازاڕ و ئابووری، لەوانە وەبەرهێنانی بیانی، دامەزراندن لە کەرتی تایبەت، و کارگێڕی
- دابینکردنی شارەزایی پێویست بۆ تاکەکان بۆ ئەوەی کۆمەک بکەن بە ئابووریی وڵات و بژیوی خۆیان و خێزانەکانیان دابین بکەن.
- دانانی هەندێ بڕوانامەی ڕەسمی کە نیشان دەدات خاوەنی بڕوانامە شارەزایی پیشەیی و لێهاتوویی پێویستی بە دەست هێناوە و دەتوانێت پیشەی خۆی بگۆڕێت یان لە قۆناغێکی سەرتر دا درێژە بە خوێندن بدات.
- بەڕێوەبردنی TVET بە شێوەیەکی ڕێکوپێک، لەگەڵ دانانی هەندێ پردی پەیوەندیی هەماهەنگ و کراوە لە نێوان قۆناخەکانی خوێندی ناوەندی، پاش ئامادەیی، و خوێندنی TVETی تایبەتی گەورەساڵان، و هەروەها دامەزران
- باشترکردنی ناوبانگی TVET بۆ ئەوەی زیاتر سەرنجی خوێندکاران، خێزانەکان، خاوەنکاران و پشکدارانی دیکە بۆ خۆی ڕاکێشێت.

پێشنیارەکانی نێو ئەم بڕگە بۆ پاڵپشتیکردن لەم ئامانجانە دانراون.

### بۆ TVET یاسا دەربکەن

دەرکردنی یاسا بۆ بەڕەسمیکردنی چوارچێوەی بەڕێوەبردنی TVET، و پێدانی دەسەڵاتی پێویست، و دابەشکردنی بەرپرسیارەتیەکان لە نێوان حکوومەت، خاوەنکاران، و بەشداره کۆمەڵایەتیەکانی تر کارێکی زۆر پێویست و بەسوودە. بەنزیکەیی لە هەموو سیستمەکانی TVET دا یاسا بۆ شێوازی بەڕێوەبردن، بەشە سەرەکیەکان و پێداویستی و مەرجەکان دانراوە بۆ ئەوەی هەموو شتێک بۆ لایەنە پشکدارەکان ڕوون بێت. یاسای TVET لە هەرێمی کوردستان دەتوانێت ئەمانە لە خۆ بگرێت:

- ڕوونکردنەوەی ئامانجەکانی TVET بۆ هەرێمی کوردستان
- چوارچێوەی بەڕێوەبردن و ئەرکەکان، لەوانە ئەرک و بەرپرسیارێتیەکانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی TVET، سکرتاریەتی گشتی، و کۆمیتە پیشەییەکان.
- ڕۆڵ و ئەرکی هاوبەشە کۆمەڵایەتیەکان و خاوەنکارەکان، بەتایبەت لە بواری ڕاهێنانی کرداریی (لە شوێنی کار) و کاروەرزی (internship)، هاوکاریکردن لە دانانی بەرنامە پیشەییەکان، و داڕشتنی بەشە تەکنیکیەکانی بەرنامەی خوێندن و هەروەها ستانداردە پیشەییەکان و مەرجەکانی بەخشینی بڕوانامە بە خوێندکار
- دەسەڵاتی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی TVET بۆ دیاریکردنی ستانداردەکانی لێهاتوویی لە هەرێمی کوردستان
- ئەو ئیمکانات و ئامادەکاریانەی تر کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە پێویستی دەزانێت بۆ کارکردنی سیستمی TVET کە چوارچێوەیەکی نوێی بۆ دانراوە.

### زیادکردنی ڕێژەی بەشداریکردن لە خوێندنی پیشەیی بۆ 20 لە سەدی خوێندکارانی قۆناغی ناوەندی

حکوومەتی هەرێمی کوردستان پلانی داناوە بۆ ئەوەی ژمارەی خوێندکارانی پیشەیی لە قۆناغی ناوەندی دا سێ بەرابەر بکات (ISCED 3)، و پلانی سێ بنکەی نوێی داناوە کە هەریەکەیان جێگەی 10,000 خوێندکاری هەیە. هەروەها وەزارەتی پەروەردە بەپێی ئەو ئامانجە کە دیاری کردووە دەیەوێت لە ماوەی دە ساڵی داهاتوو دا سەدا 20 ی خوێندکارانی قۆناغی ناوەندی لە خوێندنی پیشەیی دا بەشداری بکەن، و دوای ئەم ماوەیش ئەم ڕێژە زیاتر بکرێت. ئێمە پاڵپشتی دەکەین لەم ئامانجە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لە زۆربەی وڵاتانی OECD و هەندێ لە وڵاتانی ناوچەکە، وەکوو لوبنان و تورکیا، ڕێژەی بەشداریکردنی خوێندکارانی قۆناغی ناوەندی لە خوێندنی پیشەیی دا زیاتر لە سەدا 30 ـە، ئەم بەرنامە و ئامانجە کە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان دایناوە گونجاوە. ئەمە تۆزێک زیاتر دەبێت لە ڕێژەی بەشداریکردنی خوێندکاران لە هەندێ لە وڵاتانی دیکەی ناوچەکە وەکوو ئێران و ئەردەن و توونس.

چەند هۆکار هەیە بۆ ئەوەی کە پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر پەرە بدات بە خوێندنی پیشەیی لە قۆناغی ناوەندی. یەکەم، هەروا کە باس کرا، بەپێی بەراوردی ئێمە خوێندنی پیشەیی لە قۆناغی ناوەندی دەتوانێت لە ئاستی پێویست خوێندکاران ئامادە بکات بۆ نزیکەی سەدا 70 ی کارەکان لە بازاڕی کاری هەرێمی کوردستان دا. دووهەم، لە ئێستا دا ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکارانی قۆناغی ناوەندی درێژە نادەن بە خوێندن لە زانکۆ و دەچنە نێو بازاڕی کار بێ ئەوەی شارەزایی تەواویان بۆ ڕکابەری هەبێت. هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆرتر لە خوێندکاران خوێندنی زۆرەملێ تا پۆلی 9 تەواو دەکەن، دابینکردنی ڕێگەیەک بۆ فێربوونی شارەزاییە پیشەییەکان دەتوانێت هانی خوێندکارانێک کە نەچوونەتە قۆناغی ناوەندی بدات بۆ ئەوەی فێری شارەزایی پیشەیی ببن. سێیەم، ئابووری هەرێمی کوردستان لە حاڵی گەشەکردنی خێرا دا یە و کۆمپانیا ناوخۆییەکان و کۆمپانیا بیانیەکان خەریکن پەرە دەستێنن و بۆ ئەم مەبەستە پێویستیان بە کارمەندانی شارەزاتر هەیە. لەگەڵ ئەوەی کە خوێندنی پیشەیی لە ئاستی ناوەندی دا بنەمایەک بۆ شارەزایی و زانایی تەکنیکی دابین دەکات، خوێندنی تەکنیکی لە زانکۆ دەتوانێت لەسەر فێرکردنی شارەزایی پێشکەوتووتر و پسپۆڕانەتر تەرکیز بکات.

جێبەجێکردنی ئەم پێشنیارە پێویستی بەوە هەیە کە بنکەکانی خوێندنی پیشەیی لە قۆناغی ناوەندی پەرە بدرێن بە جۆرێک کە لە داهاتوو دا جێگەی 50000 خوێندکار بکەنەوە. ئەمە پێویستی هەیە بە:

- *سەرمایەگوزاریی پێویست بە بوودجەی حکوومەت بۆ گەیشتن بەم ئامانجە*. زیاترکردنی ڕێژەی بەشداریی خوێندکاران لە خوێندنی پیشەیی پێویستی بە دابینکردنی بوودجەی گونجاو هەیە بۆ دروستکردنی بینا و جێگەی پێویست، دابینکردنی کەلوپەل و ئامێری پێویست، و ڕاهێنانی مامۆستای پێویست.
- *ئامادەکردنی مامۆستایانی لێهاتوو*. لە ماوەی 10 ساڵی داهاتوو دا چەند هەزار مامۆستای نوێ پێویست دەبن. ئەمە پێویستی بە پلانێک هەیە بۆ فێرکردنی ئەم مامۆستایانە.
- *دەستەبەرکردنی ئامێر و ئیمکاناتی گونجاو و بێخەتەر و پەیوەندیدار*. ئامێر و ئیمکاناتی TVET لە هەرێمی کوردستان زۆربەیان لە دۆخێکی خراپ دان یان نوێ نەکراونەتەوە. ئەو سێ بنکە نوێیەی خوێندنی پیشەیی کە پلانیان بۆ دانراوە ئەم کێشە چارەسەر دەکەن. دوای ماوەیەک، پێویستە پلان بۆ وەرگرتنی خوێندکارانی زیاتر دابنرێت، لە ڕێگەی گەورەکردنەوەی ئەو بنکانە، یان نوێکردنەوەی بنکە کۆنەکان یان دروستکردنی چەند بنکەی نوێ. ئامێر و کەلوپەل پێویستە گونجاو و پەیوەندیدار بن؛ باشترین ڕێگە بۆ دڵنیابوون لە پەیوەندیداربوون و بەکەڵکبوونی ئامێرەکان ئەوەیە کە لە ڕێگەی کۆمیتە پێشەییەکانەوە لەگەڵ خاوەنکاران ڕاوێژ بکرێت بۆ دیاریکردنی ئەو ئامێر و کەرەستانە کە بۆ ڕاهێنان پێویستن.

## ستاندارده پیشەییەکان و مەرجەکانی بەخشینی بڕوانامە بە خوێندکار دیاری بکەن

زۆربەی ئەو وڵاتانە کە سیستمی TVETیان هەیە بەپێی ستانداردەکانی لێهاتوویی کە لە ئاستی نیشتمانی دا دیاری کراون ئاستی شارەزایی تەکنیکی و کردەوەیی خوێندکارەکان هەڵدەسەنگێنن. زۆربەی کات ئەم ستانداردانە بەپێی ئامۆژگاریی خاوەنکاران دیاری دەکرێن، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە دەرچووان دەتوانن پێداویستیەکانی خاوەنکاران دابین بکەن و شارەزایی پێویستیان بۆ ڕکابەریکردن لە بازاڕی کار دا بە دەست هێناوە.

ئێمە پێشنیار دەکەین هەندێ ستانداردی تایبەت بۆ هەر پیشە و هەروەها هەندێ ستاندارد بۆ گرووپە پیشەییەکان دابنرێن کە کۆمەڵێک پێوەر و مەرجی نوێ و جددیتر دیاری بکەن بۆ ئەو وانە پیشەییانە کە لە قۆناغی ناوەندی، لە زانکۆ و لە ناوەندەکانی خوێندنی TVET بۆ گەورەساڵان دابین دەکرێن، وە لە هەموو ئاست و قۆناخە جیاوازەکان دا بڕوانامە بدرێت بە خوێندکارەکان. ستانداردەکان دەبێت لە هەموو شوێنەکانی هەرێمی کوردستان یەکجۆر بن و لەلایەن لیژنە پیشەییەکانەوە دیاری بکرێن. هەرکات کە لیژنە پیشەییەکان بەرنامەیەکی پیشەیی نوێ دادەنێن، دەبێت هاوکات مەنهەجی خوێندنیشی بۆ دابنێن (خوارەوە بخوێنەوە) و مەرجەکانی بەخشینی بڕوانامە بە خوێندکار دیاری بکەن. مەرجەکانی بەخشینی بڕوانامە دەبێت لەسەر بنەمای ئەو ستانداردە پیشەییانە بن کە لەلایەن هەر کۆمیتەیەکی پیشەیی پەیوەندیدارەوە دادەنرێن. مەرجەکانی بەخشینی بڕوانامە بە خوێندکار دەتوانن بریتی بن لە ئەم بەشانەی خوارەوە:

- تاقیکردنەوەی شارەزایی گشتی
- تاقیکردنەوەیەکی نووسراوی تایبەت بە پیشە
- نیشاندانی شارەزایی پیشەیی
- بەدەسهێنانی نمرەی سەرکەوتن لە وانەکان دا
- بەڵگەی تەواوکردنی دەورەی کاروەرزی (Internship) بە شێوەی گونجاو

## مەنهەجی خوێندنی پیشەیی لە قۆناغی ناوەندی نوێ بکەنەوە

ماوەی دە ساڵ یان زیاترە کە مەنهەجی خوێندنی TVET لە هەرێمی کوردستان نوێ نەکراوەتەوە. ئێستا کاتێکی گونجاوە بۆ نوێکردنەوە و باشترکردنی ئەم مەنهەجە. پرۆسەی گۆڕین و نوێکردنەوەی مەنهەجی خوێندنی پیشەیی لە قۆناغی ناوەندی دەبێت ئەمانەی خوارەوە لە خۆ بگرێت:

- پەرەپێدانی وانە گشتیەکان بە هەمان شێوە کە لە بەرنامەی خوێندنی ئامادەیی دا پەرەیان پێ دەدرێت
- نوێکردنەوەی مەنهەجی خوێندنی پیشەیی ئێستا
- دیاریکردنی ئەزموونی کردەوەیی لە شوێنی کار وەکوو بەشێک لە مەنهەجی خوێندن

#### پەرەپێدانی وانە گشتیەکان و ڕێکخستنیان بە هەمان شێوەی وانەکانی بەرنامەی خوێندنی ئامادەیی

لە ئەو وڵاتانەی تر دا کە ئێمە پێداچوونەوەمان لەسەریان کردووە، تەئکیدێکی زۆر دەکرێت لەسەر تەرخانکردنی کات بۆ وانە گشتیەکان، بەتایبەت خوێندەواری، زانینی ژماردن و ژمێریاری، و زمانەکان، هەروەها شارەزاییە "نەرمەکان" وەکوو پەیوەندیکردن و کاری تیمی. بە هەمان شێوە، لە هەرێمی کوردستان، خاوەنکاران ئاماژەیان کرد کە دەرچووانی TVET دەبێت شارەزایی باشتریان لە بواری ژماردن و ژمێریاری و زمانەکان دا هەبێت، هەروەها لە "شارەزاییە نەرمەکان" و شارەزایی بەکارهێنانی ئای.تی دا بەتواناتر بن.

بۆ باشترکردنی شارەزایی خوێندکاران لە بواری ژماردن و ژمێریاری، و زمان دا، ئێمە پێشنیارمان کرد کە پێویستە ناوەرۆکی مەنهەجی خوێندنی وانە ئەکادیمیەکان لە بەرنامەی خوێندنی پیشەیی قۆناغی ناوەندی دا لەگەڵ ناوەرۆکی بەرنامەی ئامادەیی یەکسان بێت. ئەمە هەروەها بە دەرچووانی خوێندنی پیشەیی لە قۆناغی ناوەندی کۆمەک دەکات لە زانکۆ یان کۆلێژی تەکنیکی درێژە بە خوێندن بدەن. بەرنامەی خوێندنی پیشەیی نابێت ڕێگەکانی خوێندنی زیاتر بگرێت و نابێت وەکوو بنبەستێک ببینرێت. دەکرێت فێرکردنی شارەزاییە نەرمەکان — وەکوو کاری تیمی، شارەزایی نێوانکەسی، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و چارەسەرکردنی کێشەکان، توانای کارکردنی سەربەخۆ، کۆنترۆڵکردنی کات، بەرپرسیاربوون، ئەخلاقی کاری، و شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ موشتەری - بخرێتە نێو مەنهەجی خوێندنی زۆرێک لە وانە پیشەییەکان. بە هەمان شێوە، فێرکردنی شێوازی بەکارهێنانی بەرنامەکانی تێکنۆلۆژیای زانیاری و کۆمپیوتەر وەکوو بەکارهێنانی ئینتەرنێت، Word و Excel دەکرێ بخرێتە سەر وانە گشتیەکانی بەرنامەکانی خوێندنی پیشەیی، بەو شێوە کە لەلایەن کۆمیتەی پیشەیی پەیوەندیدارەوە دیاری دەکرێن.

#### نوێکردنەوەی بەرنامەی ئێستای خوێندنی پیشەیی

هەروا کە لەسەرەوە باس کرا، ئێمە پێشنیار دەکەین کە چەند کۆمیتەی پیشەیی دروست بکرێن بۆ نوێکردنەوە ئەو بەرنامانەی خوێندنی پیشەیی کە ئێستا بە ڕێوە دەچن و گونجاندنیان لەگەڵ مەرج و پێداویستیەکانی ئەمرۆ. ئەم کۆمیتانە دەتوانن لە ئەو بەرنامانەی خوێندن کە لەلایەن یونسکۆ، ئەنجومەنی بەریتانی، ڕێکخراوی هاوکاریی نێودەوڵەتیی ئەڵمانیا (GIZ) ئامادە کراون یان لە حاڵی ئامادەکردن دان، یان لە وڵاتانی دیکە جێبەجێ کراون کەڵک وەربگرن.

#### نوێکردنەوەی ئەزموونی کردەوەیی لە شوێنی کار

زۆربەی ئەو وڵاتانە کە بەرنامەی TVETی ڕێکوپێکیان هەیە، وەکوو ئەڵمانیا، نەرویج، و تورکیا، لەسەر ئەوە تەئکید دەکەن کە تەجروبەی کردەوەیی لە شوێنی کار بکرێت بە بەشێکی سەرەکی لە بەرنامەی خوێندن. خاوەنکاران لە هەرێمی کوردستان هەروەها دەڵێن پێویستە دەرچووانی TVET زیاتر لە ئێستا ئەزموونی کردەوەیی لە شوێنی کاریان هەبێت. خوێندکاران دەتوانن ئەمجۆرە تەجروبە لە ڕێگەی وۆرکشۆپ، کاروەرزی (Internship)، و بەرنامەکانی شاگردی کردن بە دەست بهێنن.

یەکەم، لە ئەو بەرنامانە کە لە شوێنی خوێندنگە بەڕێوە دەچن، وەکوو سێ بنکەی نوێی خوێندنی پیشەیی لە قۆناغی ناوەندی یان بنکەکانی دیکەی TVET، دەکرێت وۆرکشۆپەکان بە شێوەیەک بە ڕێوە بچن کە هاوشێوەی شوێنی کار بن. ئەمجۆرە وۆرکشۆپانە دەتوانن خزمەتگەلی خۆڕایی یان بە خەرجی زۆر کەم بۆ ئەندامانی کۆمەڵگا دابین بکەن بۆ هەر کالایەک یان خزمەتێک کە بەرهەم دەهێنرێت. بۆ نموونە، ئەو خوێندکارانە کە لە وۆرکشۆپی مێکانیکیی ئۆتۆمبیل دا کار دەکەن، دەتوانن لە ژێر چاودێریی مامۆستاکانیان دا

ئۆتۆمبیلی خەڵکی نێو کۆمەڵگا چاک بکەنەوە. وۆرکشۆپی ئاراپیشگا و سەرتاشخانەیش دەتوانێت خزمەتەکانی خوێندکارانی خۆی بۆ خەڵکی نێو کۆمەڵگا دابین بکات. ئەو بەرنامانەی ڕاهێنانی پیشەیی کە لە پۆلەکانی خوێندن دا بەڕێوە دەچن، جارێ شێوازی سەرەکیی خوێندنی پیشەیی لە قۆناغی ناوەندی دەبن، چونکە لە هەرێمی کوردستان هێشتا ئەوەندە خاوەنکار بوونیان نیە کە بتوانن شوێنکاری پێویست بۆ ڕاهێنانی هەموو خوێندکارەکان لە پیشە جیاوازەکان دا فەراهەم بکەن.

کاروەرزی (internship) ڕێگەیەکی دیکەیە بۆ ئەوەی لەو بەرنامانەی خوێندن کە لە خوێندنگە بەڕێوە دەچن خوێندکار تەجروبەی کردەوەی بە دەست بهێنێت. ئەگەرچی بەرنامەکانی TVET لە هەرێمی کوردستان لە هەر دوو ئاستی ناوەندی و زانکۆ لە ئێستا دا پێویستیان بە کاروەرزی هەیە، پێویستە بەرنامەکانی کاروەرزی بە شێوەیەکی ڕەسمیتر بۆ خوێندکاران و خاوەنکاران دیاری بکرێن بۆ ئەوەی کاریگەر بن و لە کوالیتییان دڵنیا بین. ئەگەر ڕێکەوتنامەیەکی ڕەسمی بۆ کاروەرزی لە نێوان خوێندنگە، خوێندکار، و خاوەنکار دابنرێت دەتوانێت دیاری بکات کە شێوازی ئەو ڕاهێنانە کە بۆ خوێندکار دابین دەکرێت چۆن دەبێت، پرۆسەی چاودێریکردن چۆن دەبێت و لەلایەن چ کەسێکەوە جێبەجێ دەکرێت، و ئەرکەکان و مافەکانی خوێندکار و خاوەنکار چی دەبن. بۆ ئەوەی خاوەنکارەکان هان بدەین کە بەشداری بکەن، دەکرێت یارمەتی یان جۆرێک هاندەری دیکە بدەین بە ئەوان. نووسینگەکانی ئامۆژگاری و ڕێنمایی لە بنکەکانی خوێندنی پیشەیی لە ئاستی ناوەندی (خوارەوە) دەتوانن ئاسانکاری بکەن بۆ ئەوەی خوێندکاران شوێنێک بۆ کاروەرزی (تەدریب) و شاگردی بدۆزنەوە.

ئێمە دەزانین کە لە داهاتووی نزیک دا، دەرفەتەکانی کاروەرزی و شاگردی سنووردار دەبێت بەپێی ژمارەی ئەو خاوەنکارانە کە دەتوانن ئەم هەلە دابین بکەن بۆ خوێندکاران. ئەگەر دەرفەتەکانی کاروەرزی و شاگردی کافی نەبن، دەبێت لە بەرنامەکانی TVET دا بەرپرسان دڵنیایی بکەن لەوەی کە ئەو خوێندکارنە کە ناتوانن شوێنەکارێک بۆ مەشقکردن و شاگردی بدۆزنەوە لە ڕێگەی وۆرکشۆپەوە تەجروبەی کاریی هاوشێوە بە دەست دەهێنن. چونکە سیستمەکە بە شێوەیەک گەشە دەکات کە بە سوودی خاوەنکارانە - بۆ نموونە، لە ڕێگەی باشترکردنی ئاستی بەرنامەکان و لێهاتوویی و شارەزایی دەرچووان - لەوانەیە ڕێگەی ئاسانتر ئەوە بێت کە خاوەنکاران دامەزرێنین بۆ ئەوەی خزمەتی کاروەرزی (تەدریب) بۆ خوێندکارەکان دابین بکەن.

سێیەم، ئەگەرچی شێوازی سەرەکی داینکردنی TVET لە هەرێمی کوردستان هەر لە ڕێگەی خوێندنگە بێت، ئێمە پێشنیار دەکەین کە هەندێ بەرنامەی نوێ دابنرێن بۆ ئەوەی شاگردەکان زۆربەی ڕاهێنان و ئەزموونی خۆیان لە کۆمپانیەک بە دەست بهێنن. "نووسینگەی سکرتاریەتی TVET بۆ پەیوەندی لەگەڵ خاوەنکاران" دەتوانێت سەرەتا لە چەند بواری پیشەیی دیاریکراو دا لەگەڵ چەند کۆمپانیا کە ئامادەی هاوکارین و توانای پێویستیان هەیە هەندێ بەرنامەی بچووکی شاگردی و مەشقکردن بە ڕێوە ببات. مۆدێلەکانی شاگردی و مەشقکردن لە زۆرێک لە وڵاتان جێبەجێ دەکرێن و دەتوانین لە قۆناغی یەکەم دا لەبارەی ئەم مۆدێلانە گفتوگۆ بکەین بۆ ئەوەی ڕێنمایی ڕەسمی و مەرجی پێویست بۆ بەرنامەکانی شاگردی و مەشقکردن لە هەرێمی کوردستان دیاری بکەین. دوای ئەوەی بەرنامەکە دادەنرێت دەتوانین بەرەبەرە پەرەی پێ بدەین بۆ ئەوەی خولی شاگردی و مەشقکردن بۆ چەندین پیشەی تر دابین بکەین.

### شێوازی درێژەدان بە بەرنامەکانی خوێندنی TVET و گواستنەوە لە قۆناغی ناوەندییەوە بۆ زانکۆ هەماهەنگ بکەن

نەبوونی دەرفەت بۆ درێژەدان بە خوێندن لە دوای قۆناغی ناوەندی لە زۆرێک لە وڵاتان دا دەبێتە هۆی ئەوەی کە خەڵک باوەڕێکی خراپیان لەبارەی خوێندنی پیشەیی هەبێت، لە هەرێمی کوردستانیش بەم شێوەیە. زۆر گرنگە ئەو کۆسپانە لاببەین کە ئێستا ڕێگە دەگرن لەوەی کە زۆربەی دەرچووانی خوێندنی پیشەیی لە قۆناغی ناوەندی درێژە بدەن بە خوێندنی تەکنیکیی خۆیان لە پەیمانگە و زانکۆ تەکنیکیەکان.

لەگەڵ دانانی بەرنامەی خوێندن بۆ خوێندنگە پیشەییەکان لە قۆناغی ناوەندی، پێویستە پێداچوونەوە بکەین لەسەر بەرنامەکانی خوێندنی تەکنیکی لە پەیمانگە و زانکۆ تەکنیکیەکان بۆ ئەوەی دڵنیا ببین کە ئەو بەرنامانە ئەوەندە بەرین و قووڵ هەن کە خوێندکارەکان دەتوانن بچنە قۆناغی سەرتر و درێژە بدەن بە خوێندنی تەکنیکی. ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی TVET و سکرتاریەت دەبێ پرۆسەی گەشەکردن و پێشچوونی خوێندکاران لە قۆناخێکەوە بۆ قۆناغی دواتر هەماهەنگ بکات بۆ ئەوەی دڵنیا ببێت ئەو خوێندکارانە کە دیپلۆمای خوێندنی پیشەیی لە قۆناغی ناوەندی وەردەگرن زانایی و شارەزایی پێویستیان بۆ درێژەدان بە خوێندن هەیە.

## پەرەپێدانی بەرنامە پیشەییەکان

ئەو بەرنامە پیشەییانە کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێن یان پلانیان بۆ دانراوە ژمارەیان بەپێی پێویست نیە بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی ئابووریی هەرێمی کوردستان، هەروا کە پێشتر باس کرا. پەرەپێدانی بەرنامە پیشەییەکان لەگەڵ ئەوە دا کە دەبێتە هۆی حەزکردنی زیاتری خوێندکارانی هەرێمی کوردستان لە خوێندنی پیشەیی لە قۆناغی ناوەندی، دەبێتە هۆی ئەوەیش کە سیستەمەکە باشتر و کاراتر وڵامی بازاڕی کار بداتەوە. ئێمە پێشنیار دەکەین ژمارەی بەرنامەکان لە ماوەی دەساڵی داهاتوو دا زیاتر بکرێت، بەپێی هەڵسەنگاندنی داخوازی بازاڕ لەلایەن لیژنە پیشەییەکانی سکرتاریەتی TVET و هەروەها بەپێی توێژینەوەی ئەنجامدراو لەلایەن نووسینگەی لێکۆڵینەوە و زانیاری بازاڕ. هەر کات بڕیار دەدرێت خزمەتێکی پیشەیی دابین بکرێت، دەبێ سکرتاریەتی TVET و لیژنەی پیشەیی پەیوەندیدار ستانداردی پیشەیی و مەنهەجی خوێندنی پێویستی بۆ دابنێن و مەرجەکانی بەخشینی بڕوانامە بە خوێندکار دیاری بکەن، بە شێوەی کە لەسەرەوە باس کرا.

لە یەکەم هەنگاو دا، ئێمە پێشنیار دەکەین کە وەزارەتی پەروەردە لەگەڵ گەورەترین خاوەنکاران لە هەرێمی کوردستان سەبارەت بە پێویستیی ئەوان بە کارمەند لە داهاتوو دا گفتوگۆ بکات، و هەندێ بەرنامە دابنێت بۆ دابینکردنی ئەو پێویستیانە. ئەو بەشانە کە لە حاڵی گەشەکردن دان و پێویستیان بە کەسانی شارەزا هەیە و بۆ بواری کاری ئەوان هیچ بەرنامەیەکی خوێندنی پیشەیی لە قۆناغی ناوەندی دابین ناکرێت بریتین لە بەشەکانی دەرهێنان و دابەشکردنی نەوت، گواستنەوە، گەشتیاری، بیناسازی، و بەشی خزمەتگوزاری کە بە خێرایی لە حاڵی پەرەسەندن دا یە.

## دانانی مەرجی زیاتر بۆ ئامادەکردنی مامۆستایان و دانانی پلان بۆ ئامادەکردنی مامۆستایانێک کە بە ئەندازەی پێویست شیاو و لێهاتوو بن.

پەرەپێدانی لێهاتوویی و ژمارەی مامۆستایانی پیشەیی لە قۆناغی خوێندنی ناوەندی لە هەرێمی کوردستان کارێکی پڕزەحمەتە. بەتایبەت گرنگە کە مامۆستایان و ڕاهێنەرانی پیشەیی هەندێ توانا و شارەزایی پیشەیی پەیوەندیداریان هەبێت کە لە ئێستا دا وەکوو پێویستیەک لەسەر ئەوان فەرز نەکراوە. بێجگە لەمە، هەرێمی کوردستان پێویستی بە ژمارەیەکی زۆر مامۆستای نوێ هەیە بۆ دامەزراندن لە ئەو سێ ناوەندە پیشەییە نوێیە کە پلانیان بۆ دانراوە. ئێمە پێشنیار دەکەین کە ئەم هەنگاوانەی خوارەوە جێبەجێ بکرێن بۆ ئەوەی توانا و ژمارەی مامۆستاکان لە هەردوو بواری وانە گشتیەکان (وەکوو کوردی، بیرکاری، و ئینگلیزی) و وانە پیشەیی و تەکنیکیەکان دا زیاتر بکرێت.

یەکەم، بنکە نوێکانی ڕاهێنانی پیشەیی لە قۆناغی ناوەندی، دەتوانن بۆ مامۆستایانی ئێستای وانە پیشەییەکان دەرفەتی ئەوە بڕەخسێنن کە لە شوێنەکانی کارکردن تەجروبەی نوێ و کردەوەیی بە دەست بهێنن، بۆ نموونە لە ڕێگەی ئاسانکاری بۆ سەردانی مامۆستاکان و مەشقکردن و شاگردیکردنی ئەوان لای خاوەنکارەکانی ناوچەکە یان کەڵک وەرگرتنی ئەوان لەو دەرفەتانە کە لەلایەن خێرخوازە نێودەوڵەتیەکانەوە دابین دەکرێن.

دووهەم، ئەو کەسانە کە بەرنامەکە جێبەجێ دەکەن دەتوانن هەندێ مەرج و بەرنامە دابنێن بۆ باشترکردنی توانای وانەوتنەوەی ئەو مامۆستایانە کە ئێستا وانەی گشتی و وانەی پیشەیی دەڵێنەوە و بڕوانامە بەکالۆریۆسیان نیە، هەروەها بۆ فێرکردنی ئەو مامۆستا نوێیانە کە لە خولی ڕاهێنانی مامۆستایان دا بەشدارییان نەکردووە. دەکرێ ئەم جۆرە بەرنامانە بە هاوکاری لەگەڵ کۆلێژەکانی مامۆستایان دابنرێن. لە نێو ڕاپۆرتەکەمان دا لەبارەی سیستەمی خوێندنی K–12 ی هەرێمی کوردستان چەند پێشنیارمان بۆ ئامادەکردنی ئەم مامۆستایانە کردووە (ڤێرنێز، کولبێرتسۆن، و کۆنستانت، 2012).

سێیەم، دەبێ هەندێ مەرجی نوێ بۆ مامۆستایانی هەردوو بواری گشتی و پیشەیی دابنرێن. مامۆستایانی وانە گشتیەکان لە ناوەندەکانی خوێندنی پیشەیی دا دەبێت هەمان بڕوانامە و لێهاتووی ئەکادیمیان هەبێت کە مامۆستایانی گشتی لە خوێندنگە ئامادەییەکانی قۆناغی ناوەندی دا هەیانە. لەنێو ڕاپۆرتی ئێمە لەبارەی سیستمی خوێندنی K–12 هەندێ پێشنیار لەبارەی ئەم بڕوانامانە و لێهاتووییانە کراوە (ڤێرنێز، کولبێرتسۆن، و کۆنستانت، 2012). مامۆستایانی بابەتە پیشەییەکان دەبێت لە پەیمانگەیەکی تەکنیکی دیپلۆمایان وەرگرتبێت یان لە کۆلێژێکی تەکنیکی بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان وەرگرتبێت. بێجگە لەمە، دەبێ هەندێ مەرجی تەجروبەی کردەوەیی بۆ مامۆستا نوێکانی وانە پیشەییەکان دابنریت. بنکەکانی ڕاهێنانی پیشەیی لە ئاستی ناوەندی دا دەتوانن لە کاتی وەرگرتن و دامەزراندنی مامۆستایان دا ئەولەویەت بدەن بە ئەو کاندیدانە کە بڕوانامەی

تەکنیکییان لە زانکۆ وەرگرتووە و لەو بوارە دا تەجروبەیان هەیە، بەڵام دەبێ مەرجی هەبوونی بڕوانامەی تەکنیکی بۆ مامۆستایانی وانە کردەوەییەکانی تایبەت بە ئیشوکار لابرێت هەتا کاتێک کە دەتوانین بە ژمارەی پێویست مامۆستای پیشەیی بدۆزینەوە کە هەردووی مەرجە خوێندنیەکان و مەرجە کاریەکانیان هەبێت.

### لە شوێنەکانی دابینکردنی TVET نووسینگە بکەنەوە بۆ ئەوەی ئامۆژگاری و ڕێنمایی بدەن بە خوێندکاران

زۆربەی وڵاتان ئامۆژگاری و ڕێنمایی دەدەن بە ئەو خوێندکارانە کە دەیانەوێت خوێندنگەیەکی ئەکادیمی یان خوێندنگەیەکی پیشەیی لە قۆناغی ناوەندی هەڵبژێرن، هەروەها ئامۆژگاری و ڕێنمایی دەدەن بە ئەو خوێندکارانە کە خوێندنیان تەواو کردووە و بۆ کار دەگەڕێن. هەرێمی کوردستان هیچ خزمەتێکی ئامۆژگاری و ڕێنمایی بۆ خوێندکاران دابین ناکات، لەبەر ئەمە ماوەیەکی پێ دەچێت تا ئەم خزمەتە وەکوو بەشێکی ڕێکوپێک لە بەرنامەی خوێندن ڕێک بخرێت و دابین بکرێت.

وەکوو خاڵی دەستپێک، ئێمە پێشنیار دەکەین چەند نووسینگەی ڕێنمایی لە سێ بنکەی نوێی خوێندنی پیشەیی لە ئاستی ناوەندی و لە پەیمانگەکانی خوێندنی تەکنیکی دابمەزرێن. لانیکەم، ئەم نووسینگانە دەبێ هەندێ ڕاوێژکار دامەزرێنن کە لە بابەتەکانی بازاڕی کار دا شارەزا بن و بتوانن لە کۆمەڵێک سەرچاوەی زانیاری کەڵک وەربگرن بۆ یارمەتیدانی ئەو خوێندکارانە کە لە قۆناغی هەستیاری هەڵبژاردنی پیشە و کاری داهاتوویان دان. ئەم نووسینگانە دەتوانن بە هاوکاریی سکرتاریەتی TVET ئەرکی ئەوە بگرنە ئەستۆ کە ئامۆژگاری بدەن بە خوێندکارانی پۆلی 9 لە خوێندنگە بنەڕەتیەکان بۆ ئەوەی بەرنامەیەکی پیشەیی بۆ خوێندن لە داهاتوو هەڵبژێرن؛ لەبارەی وانەکانی TVETی خوێندکاران ئامۆژگاری بدەن بە ئەوان؛ تواناییەکانی ئەوان هەڵسەنگێنن؛ سەبارەت بە دۆزینەوەی هەلی کار و کاروەرزی (تەدریب) ڕێنمایی بدەن بە خوێندکاران؛ لە ماوەی کاروەرزی دا چاودێریی خوێندکاران بکەن؛ لەبارەی دەرچووان و بازاڕی کار و دامەزران زانیاری کۆ بکەنەوە؛ و ئاسانکاری بکەن بۆ ئەوەی خوێندکاران و خاوەنکاران بتوانن یەکتر بدۆزنەوە بۆ مەبەستی کاروەرزی و کارکردن. بۆ ئەم مەبەستە، نووسینگەکان دەتوانن خزمەتەکانی ئامۆژگاریی تاکەکەسی، ناميلکەی ڕێنمایی، سەرچاوەی ئینتەرنێتی، سمیناری دەستەیی، و بردنی خوێندکاران بۆ لای خاوەنکاران دابین بکەین. چونکە لە ڕابردوو دا لە هەرێمی کوردستان هیچ خزمەتێکی ئامۆژگاری و ڕێنمایی دابین نەکراوە، لەوانەیە پێویست بێت ڕاوێژکاران لە دەرەوە بهێنرێن بۆ ئەوەی بە سکرتاریەتی TVET نیشان بدەن کە چۆن ئەم خزمەتانە ڕێک بخات و دابینیان بکات بۆ خوێندکاران. لە درێژماوە دا، ڕێکخراوەکانی ڕاهێنانی مامۆستایان، دەبێ هەندێ بەرنامەی تایبەت بە ڕێوە ببەن بۆ ئەوەی کەسانێک وەکوو ڕێنما و ڕاوێژکاری پیشەیی بەکاربهێنن کە بتوانن ڕێنمایی خوێندکاران بکەن.


### دیاریکردنی قۆناغەکانی جێبەجێکردن و ئەولەویەتەکان

ئەم کارانە پێویستیان بە پلاندانان، بوودجە تەرخانکردن، باش بەڕێوەبردن و کات هەیە. ناکرێ هەموو ئەم کارانە بەیەکەوە و خێرا ئەنجام بدرێن. لە شێوەی 5.2 دا، ئێمە بەرنامەیەکی قۆناخبەندی پێشنیار دەکەین بۆ جێبەجێکردنی کارەکان لە کورتماوە، نێوانماوە و درێژماوە دا. لە هەندێ حاڵەت دا، ئێمە نیشان دەدەین کە چۆن دەکرێ پێشنیارەکان بکرێن بە چەند هەنگاوی جودا و هەریەکەیان لە کاتی جیا دا جێبەجێ بکرێت. ئەو کارانە کە دەکرێت لە کورتماوە دا ئەنجام بدرێن بریتین لەو چالاکیانە کە زەمینە خۆش دەکەن بۆ کارەکانی داهاتوو و بنەڕەتی بەرنامەکان دادەنن. ئەو کارانە کە دەکرێت لە نێوانماوە ئەنجام بدرێن بریتین لە چالاکیە سەرەتاییەکانی دروستکردن و بەکارهێنانی ئەو چوارچێوانە کە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی TVET پێویستن. ئەو کارانە کە دەکرێت لە درێژماوە دا ئەنجام بدرێن بریتین لەو چالاکیانە کە هاندەرن بۆ سەرکەوتن یان ئەو چالاکیانە کە لە درێژەی کارەکانی قۆناخەکانی پێشتر دا ئەنجام دەدرێن.

### تێبینیەک لەبارەی خەرجیەکان

پەرەپێدان و نوێکردنەوەی خوێندنی پیشەیی لە ئاستی ناوەندی لە هەرێمی کوردستان بەو شێوە کە لێرە دیاری کراوە پێویستی بە بوودجەی زیاتر هەیە. خەرجیە زیادیە سەرەکیەکانی خوێندنی پیشەیی بێجگە لە خەرجیەکانی خوێندنی گشتی کە بۆ خوێندکارەکان دابین دەکرێت بریتین لە ئەمانەی خوارەوە:

**شێوەی 5.2**
**قۆناخبەندی کردنی پەرەپێدانی TVET**




RAND RR277-5.2

- خەرجی کڕین و پاراستن و چاککردنەوەی ئامێری پیشەیی پێویست بۆ ڕاهێنانی خوێندکارانی پیشەیی بە شێوەی کردەوەیی. ئەم خەرجیانە مومکینە زۆر بێت، بەتایبەت بۆ ئامێرە تەکنیکە پسپۆڕیەکان.
- خەرجی کەلوپەل و کارمەندانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی TVET و چوار نووسینگەی پشتیوانی.
- خەرجی ڕێکخستنی خزمەتی ئامۆژگاریکردنی خوێندکاران و وەرگرتنی کارمەندانی پێویست بۆ ئەم خزمەتە (هەرچەند ئەم جۆرە خزمەتانە بۆ خوێندکارانی پەروەردەی گشتیش بەسوودن).
- خەرجی خولەکانی ڕاهێنانی پێش-خزمەت و لە-ماوەی-خزمەت بۆ مامۆستایان بۆ پەرەپێدانی تواناکانی ئەوان.
- نوێکردنەوەی ستاندارده پیشەییەکان و مەنهەجەکانی خوێندن.

# ناونووسینی خوێندکار لە ناوەندەکانی خوێندن و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی لە هەرێمی کوردستان

**خشتەی A.1**

**ژمارە و ڕێژەی سەدی خوێندکاران لە ناوەندەکانی خوێندن و ڕاهێنانی پیشەیی لە قۆناغی ناوەندی، بەپێی پیشە، 2010–2011**

| خوێندنی پیشەیی لە قۆناغی ناوەندی (ISCED 3) | | | ناوەندەکانی ڕاهێنان (ISCED 4) | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پیشە | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پیشە | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
| ئیشوکارەکان | | | ئیشوکارەکان | | |
| پیشەسازیی ئۆتۆمبیل | 329 | 4.2 | ئامێری هەواگۆڕین/ سەلاجە | 154 | 15.5 |
| دارتاشی | 186 | 2.4 | دارتاشی | 82 | 2.2 |
| کۆمپیوتەر | 987 | 12.7 | کۆمپیۆتر | 229 | 22.9 |
| کارەبا | 1,340 | 17.2 | کارەبا | 117 | 11.7 |
| ئەلەکترۆنیک | 316 | 4.7 | کانزاکاری | 49 | 4.9 |
| ئەندازیاری | 176 | 2.3 | دروومان | 224 | 22.5 |
| میکانیک | 402 | 5.2 | CAB | 100 | 10.0 |
| کانزاکان | 157 | 2.0 | – | – | – |
| بەرگدوورین | 43 | 0.1 | – | – | – |
| داڕێشتنی تەکنیکی | 165 | 2.1 | – | – | – |
| ژێرکۆ | 4,101 | 52.7 | ژێرکۆ | 955 | 95.9 |
| کشتوکاڵ | | | زمانی عەرەبی | 24 | 2.4 |
| لقی گیاناسی | 271 | 3.5 | گەشتیاری | 17 | 1.7 |
| لقی ئاژەڵناسی | 72 | .9 | – | – | – |
| لقی کشتوکاڵ | 412[a] | 5.2 | – | – | – |
| ڤێتێرنەری | 67 | 9 | – | – | – |
| ژێرکۆ | 822 | 10.5 | – | – | – |
| بازرگانی | 2,856 | 36.7 | – | – | – |
| کۆی گشتی | 7,779 | 100.0 | کۆی گشتی | 996 | 100.0 |

سەرچاوە: MOE و MOLSA.

تێبینی: دەشێت ڕێژەی سەدیە جوداکان لەبەر ڕۆندکردنەوە نەخرێنە سەر ژێرکۆ یان کۆی ڕێژە سەدیەکان.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەگرێتەوە.

**خشتەی A.2**
**ژمارە و ڕێژەی سەدی خوێندکاران خوێندنی تەکنیکی لە ئاستی زانکۆ (ISCED 5)، بەپێی پیشە، 2011-2012**

| پیشە | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ئیشوکار/تەکنیکی | | |
| ئامێری هەواگۆڕین | 287 | 1.0 |
| ئەندازیاریی مەدەنی | 207 | .7 |
| کۆنداکشن | 436 | 1.4 |
| کارەبا/هێز | 663 | 2.2 |
| ئەلەکترۆنیک | 145 | .5 |
| بەرهەمهێنانی پیشەسازی | 135 | .4 |
| کۆنترۆڵی مەواد | 107 | .3 |
| ئەندازیاریی مێکانیکی | 364 | 1.2 |
| ئەندازیاریی مەوادی کانزایی و بەرهەمهێنان | 220 | .7 |
| نەوت | 159 | .5 |
| ئەندازیاریی بیناسازی | 221 | .7 |
| پێوانی زەوی | 610 | 2.0 |
| گواستنەوە | 118 | .4 |
| ژێرکۆ | 3,672 | 12.2 |
| ژمێریاری/بەڕێوەبردن | | |
| ژمێریاری و دارایی | 4,699 | 15.6 |
| جێبەجێکردنی یاسا | 1,629 | 5.4 |
| بەڕێوەبردنی کاروباری بانکی | 1,647 | 5.5 |
| بەڕێوەبردنی کاروباری بازرگانی | 5,941 | 19.8 |
| سەرژمێری و زانیاری | 395 | 1.3 |
| کتێبخانە و زانیاری | 656 | 2.2 |
| بازارگەری | 69 | .2 |
| بەڕێوەبردنی سیاسی | 206 | .7 |
| تەکنەلۆژیا و بەڕێوەبردنی پرۆسە | 463 | 1.5 |
| ژێرکۆ | 15,705 | 52.3 |
| کشتوکاڵ | | |
| ڕێنمایی کشتوکاڵی | 109 | .4 |
| پیشەسازیی خۆراک | 132 | .4 |
| گوڵخانە | 219 | .7 |
| دروێنە/چنینەوە | 220 | .7 |
| بەخێوکردنی گوڵ/باخەوانی | 150 | .5 |

**خشته‌ی A.2—درێژه‌**

| پیشه | ژماره | ڕێژه‌ی سه‌دی |
|---|---|---|
| ته‌ندروستیی مه‌ڕومالآت | 184 | .6 |
| گیا جوانه‌کان | 87 | .3 |
| پاراستنی ڕووه‌ک | 270 | .9 |
| باخی مێو | 109 | .4 |
| ژێرکۆ | 1,480 | 4.9 |
| ئای.تی | 2,636 | 8.8 |
| پزیشکی | | |
| بێهۆشی | 131 | .4 |
| کۆمه‌ڵگا و ته‌ندروستی | 381 | 1.3 |
| ته‌ندروستیی ددان | 204 | .7 |
| پێزانینی نه‌خۆشی | 880 | 2.9 |
| به‌ڕێوه‌بردنی ته‌ندروستی | 334 | 1.1 |
| دایکێتی و به‌رگری له‌ منداڵبوون | 314 | 1.0 |
| په‌رستاری | 1,427 | 4.7 |
| ده‌رمانخانه‌ | 378 | 1.3 |
| فیزیۆتراپی/ چاره‌سه‌رکردن | 127 | .4 |
| ڕادیۆلۆژی | 220 | .7 |
| ژێرکۆ | 4,396 | 14.6 |
| دیکه‌ | | |
| جوگرافیا و گه‌شتیاری | 229 | .8 |
| ڕۆژنامه‌وانی | 98 | .3 |
| میدیا | 821 | 2.7 |
| وێنه‌گری | 231 | .8 |
| به‌ڕێوه‌بردنی گه‌شتیاری | 303 | 1.0 |
| ڕێنمایی گه‌شتیاری | 327 | 1.1 |
| مامه‌ڵه‌کردن | 77 | .3 |
| پلاندانانی مه‌ده‌نی | 63 | .2 |
| ژێرکۆ | 2,149 | 7.2 |

سه‌رچاوه‌: MOHESR.

تێبینی: ده‌شێت بابه‌ته‌ جوداکان له‌به‌ر ڕۆندکردنه‌وه‌ نه‌خرێنه‌ سه‌ر ژێرکۆ یان کۆی بابه‌ته‌کان.

# پیشەکان و پێداویستیە پەروەردەییەکانی

**خشتەی B.1**
**واتا و پێناسەی پیشەکان و پێداویستیە پەروەردەییەکانی**

| پیشە | پێناسە | پەروەردە و ئەزموونی پێویست |
|---|---|---|
| بەڕێوەبەران | ئەو پسپۆرانە کە چاودێریی کارمەندەکان و کارەکان دەکەن | خوێندن لە زانکۆ و کۆلێژ (ISCED 5) |
| پسپۆران | بەکارهێنانی زانیاریە تیۆریەکان بە شێوەی کردەوەیی؛ زیاترکردنی زانیاریەکان لە ڕێگەی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە؛ پێدانی زانیاری بە کەسانی تر لە ڕێگەی فێرکردن و ڕاهێنانەوە. | خوێندن لە زانکۆ و کۆلێژ (ISCED 5) |
| تەکنیککارەکان و پسپۆرە یاریدەرەکان | یارمەتیدان لە بواری پاڵپشتیکردنی پسپۆران یان بەڕێوەبەران دا | خوێندنی دواناوەندی (ISCED 4 or 5) |
| یاریدەرانی کاروباری نووسەری | کاری گشتیی بەڕێوەبردن و سکرتێری، ژمێریاری، و کاری تایبەتی نووسەری (لەوانە کاری دارایی) | خوێندنی ناوەندی (ISCED 3) |
| کارمەندانی بەشی خزمەتگوزاری و فرۆش | کالا و خەدەمات بفرۆشە، پارە وەربگرە، کالا بهێنە، زانیاریی بدە بە موشتەریە ئیحتمالیەکان، خزمەتی دوای فرۆش دابین بکەن بۆ موشتەریەکان | خوێندنی ناوەندی (ISCED 3) |
| کارگەرانی شارەزا لە بواری کشتوکاڵ، دارستان، و ماسیگرتن | ئەنجامدانی کاری جەستەیی دژوار کە ئاساییانە پێویستی بە داهێنان، دەستوبەرد و شارەزایی کرداری هەیە. | خوێندنی ناوەندی (ISCED 3) |
| کارمەندانی بواری هونەر و کاروبارە پەیوەندیدارەکان | ئەنجامدانی ئەو کارانە کە پێویستیان بە زانیاری و تەجروبەی پیشەیی و هونەری هەیە. کارە سەرەکیەکان بریتین لە دەرهێنانی مەوادی خام، دروستکردنی بینا و ستراکچرەکانی تر، و دروستکردنی بەرهەمی نوێ و هەروەها کالا دەستسازەکان. | خوێندنی ناوەندی (ISCED 3) |
| کارپێکەرەکان و دروستکەرەکانی کارگە و مەکینە | کارکردن بە ئۆتۆمبیل و مەکینە؛ ئامێری چاودێریی؛ ئامێری کۆکردنەوە و پێچانەوە بەرهەم | ناوەندی یان کەمتر (ISCED 3) |
| پیشە سەرەتاییەکان | زیاتر کاری ئاسایی؛ بەکارهێنانی هەندێ ئامێری دەستیی سادە | هیچ خوێندنێکی ڕەسمی پێویست نیە |

سەرچاوە: (2007) UK NESS و (2012) ILO.

# بیبلۆگرافیا


Abramzon, S., N. Burger, B. Ghosh-Dastidar, P. Glick, K. B. Kumar, F. Perez-Arce, and A. C. Smith (2013), Capacity Building at the Kurdistan Regional Statistics Organization through Data Collection, PR-244-KRG, Santa Monica, CA: RAND.

Al-Hadidi, Duha, and Jordan Ministry of Education (2008), The Development of Education: National Report of the Hashemite Kingdom of Jordan; Inclusive Education: The Way of the Future. Presented to International Conference on Education; 48th; Geneva, 2008. As of April 15, 2013:
http://www.ibe.unesco.org/National_Reports/ICE_2008/jordan_NR08.pdf

Authoring Group Educational Reporting (ed.) (2010), Education in Germany 2010: An Indicator-Based Report Including An Analysis of Education and Migration. Summary of Important Results, p. 14. As of April 15, 2013:
http://www.bildungsbericht.de/daten2010/summary10.pdf

Axmann, M. (2004), "Facilitating Labour Market Entry for Youth Through Enterprise-Based Schemes in Vocational Education and Training and Skills Development," SEED Working Paper No. 48, InFocus Programme on Boosting Employment Through Small Enterprise Development, Job Creation, and Enterprise Department, International Labour Organization, Geneva, Switzerland.

Brown, D., M. Harris, and T. Fletcher (2011), "Reforming the Skills System: Lessons Learned the Hard Way," Institute of Directors and CFE, Leicester and London, United Kingdom.

Cedefop (2012), Thematic Overview for Finland, Practices to Math VET Provision with Skill Needs. As of April 15, 2013:
http://cedefop.europa.eu/EN/Information-services/vet-in-europe-country-reports.aspx

Cedefop's ReferNet (2012). As of April 15, 2013:
http://www.cedefop.europa.eu/EN/Information-services/vet-in-europe-country-reports.aspx

Cedefop (2012), Trends in VET Policy in Europe: 2010–2012, Luxembourg: Publications Office of the European Union.

Center on International Education Benchmarking (2011), South Korea: Overview, Washington DC: National Center on Education and the Economy. As of April 15, 2013:
http://www.ncee.org/programs-affiliates/center-on-international-education-benchmarking/top-performing-countries/south-korea-overview/

Chae, C., and J. Chung (2009), "Pre-Employment VET in Korea in Social Protection and Labour," Discussion Paper No 0921, World Bank.

Chakroun, B. (2003), Innovative Practices in Teacher and Trainer Training in the Mediterranean Region, Turin: European Training Foundation. As of April 15, 2013:
http://www.etf.europa.eu/webatt.nsf/0/C12578310056925BC125701F004D3D86/$file/TTT%20MEDA_03_EN.pdf

Clark, N. (April 2006), "Education in Tunisia," World Education News and Reviews, New York: World Education Services. As of April 15, 2013:
http://www.wes.org/ewenr/PF/06apr/pfpractical_tunisia.htm

Constant, L., S. Culbertson, J. Luoto, and G. Vernez (2012), Assessing Employer Demand for Technical and Vocational Skills in the Kurdistan Region—Iraq, unpublished RAND report.

COSIT, KRSO, The World Bank (2008), Iraq Household Socio-Economic Survey, IHSES: Tabulation Report, 2007.

Culbertson, S., C. Stasz, and G. Vernez (2012), Improving Training in the Kurdistan Region of Iraq: International TVET Policies and Practices, unpublished report, Santa Monica, CA: RAND.

Department of Statistics, Jordan (2011), Tables of Employment and Unemployment, 2011. As of April 17, 2013:
http://www.dos.gov.jo/dos_home_a/main/cd_yb2011/pdf/work.pdf

Education Training Foundation (2011), Torino Process: Compendium of Country Reports, May. As of April 15, 2013:
http://www.etf.europa.eu/web.nsf/pages/Torino_Process_-_compendium_of_country_reports

Education Training Foundation (2010), Education and Business Cooperation Study: Turkey. As of April 15, 2013:
http://www.etf.europa.eu/web.nsf/pages/Education_and_Business_-_Turkey

EFT/WB (2005), Reforming Technical and Vocational Education in the Middle East and North Africa: Experiences and Challenges, Report by the European Training Fund (ETF) and World Bank (WB), Luxembourg: Office for Official Publications of the European Communities, 2006.

El Sawry, K., C. Farr, and S. Newera (2012), Saving Vocational Education in a New Arab World: Arabic Knowledge@Wharton. As of April 15, 2013:
http://knowledge.wharton.upenn.edu/arabic/article.cfm?articleid=2764

Employment, Technical and Vocational Education Training (E-TVET) Fund of Jordan website. As of April 15, 2013:
http://etvetfund.gov.jo/index.php?option=com_content&view=article&id=59&Itemid=68&lang=en

Eurobarometer (2011), Attitudes Toward Vocational Education and Training. Special Report 369, European Commission. As of April 15, 2013:
http://ec.europa.eu/public_opinion/archives/ebs/ebs_369_en.pdf

European Centre for Development of Vocational Training (2008), The Development of National Qualifications Frameworks in Europe, Luxemburg: Office of the European Union.

European Training Foundation/World Bank (ETF/WB, 2005), Reforming Technical and Vocational Education in the Middle East and North Africa: Experiences and Challenges, Report by the European Training Foundation and World Bank, Luxembourg: Office for Official Publications of the European Communities, 2006.

Eurostat (2012), Data files on Turkey. As of April 15, 2013:
http://epp.eurostat.ec.europa.eu/portal/page/portal/statistics/search_database

Eurydice Network (2012), Key Data on Education in Europe 2012, Brussels: Education, Audiovisual and Culture Executive Agency. As of April 15, 2013:
http://eacea.ec.europa.eu/education/eurydice/documents/key_data_series/134EN.pdf

Eurydice Network (2011), National System Overview on Education Systems in Europe: Turkey, November 2011. As of April 17, 2013:
https://webgate.ec.europa.eu/fpfis/mwikis/eurydice/index.php/Turkey:Overview

Eurypedia (2012), Germany: Overview. As of April 15, 2013:
https://webgate.ec.europa.eu/fpfis/mwikis/eurydice/index.php/Germany:Overview

Eurypedia (2012), Turkey: Overview. As of April 15, 2013:
https://webgate.ec.europa.eu/fpfis/mwikis/eurydice/index.php/Turkey:Overview

Eurypedia (2012), Turkey: Teachers and Education Staff, 2012. As of April 15, 2013:
https://webgate.ec.europa.eu/fpfis/mwikis/eurydice/index.php/Turkey:Teachers_and_Education_Staff

Federal Office for Professional Education and Technology (OPET) (2011), Vocational Education and Professional Training in Switzerland, Bern, Switzerland: OPET.

Grubb, W. N., R. Sweet, M. Gallagher, and O. Tuomi (2009), OECD Reviews of Tertiary Education—Korea, Paris: OECD Publishing. As of April 15, 2013:
http://www.oecd.org/korea/38092630.pdf

Guthrie, S., C. Holmes, C. Stasz, H. Ertl, E. Watters, L. Villalba-van-Dijk, S. Castle-Clarke, and S. Drabble (2012), Attractiveness of Initial Vocational Education and Training in Europe: What Really Matters, final report to Cedefop, Cambridge: RAND Europe.

Hoeckel, K. (2008), Costs and Benefits in Vocational Education and Training, Paris: OECD.

Hoeckel, K. (2010), Learning for Jobs, OECD Reviews of Vocational Education and Training: Austria, Paris: OECD.

Hoeckel, K., S. Field, and W. N. Grubb (2009), Learning for Jobs, OECD Reviews of Vocational Education and Training: Switzerland, Paris: OECD.

Hoeckel, K., and R. Schwartz (2010), Learning for Jobs. OECD Reviews of Vocational Education and Training: Germany, Paris: OECD. As of April 15, 2013:
http://www.oecd.org/dataoecd/9/6/45668296.pdf

IFF Research Ltd. (2007), United Kingdom National Employer Skills Survey 2007 Mainstage Questionnaire. As of April 15, 2013:
http://employersurveys.ukces.org.uk/Employer%20Survey%20Images/NESS07/NESS%202007%20Main%20Questionnaire.pdf

International Finance Corporation and Islamic Development Bank (2011), Education for Employment: Realizing Arab Youth Potential, Washington, D.C.

International Labour Organization (2008), Skills for Improved Productivity, Employment Growth and Development, Report V, International Labour Conference, 97th Session, Geneva, Switzerland.

International Labour Organization (2010a), "Teachers and Trainers for the Future—Technical and Vocational Education and Training in a Changing World," Report for Discussion at the Global Dialogue Forum on Vocational Education and Training (29–30 September 2010), Geneva, Switzerland.

International Labour Organization (2010b), A Skilled Workforce for Strong, Sustainable, and Balanced Growth: A G20 Training Strategy, Geneva, Switzerland.

International Labour Organization (2012), International Standard Classification of Occupations: Summary of Major Groups. As of April 15, 2013:
http://www.ilo.org/public/english/bureau/stat/isco/isco88/publ4.htm

Investor Information Service for Jordan (2009). Vocational Training in Jordan. As of April 15, 2013:
http://iis-jordan.com/library/634464670448926250.pdf

Jordan Ministry of Education (2008), The Development of Education: National Report of the Hashemite Kingdom of Jordan; Inclusive Education: The Way of the Future, presented at the 48th International Conference on Education, Geneva, 2008. As of April 15, 2013:
http://www.ibe.unesco.org/National_Reports/ICE_2008/jordan_NR08.pdf

Jordan Ministry of Labor (2009), E-TVET Sector Reform, 2009. As of April 15, 2013:
http://www.etvetreform.org/page.php?ID=10&lang=en

Jordan Ministry of Labor (2009), E-TVET Sector Reform. As of April 15, 2013:
http://www.mol.gov.jo/Default.aspx?tabid=281

Jordan Ministry of Labor, National Training and Employment Project (NTEP). As of, April 15, 2013:
http://www.mol.gov.jo/tabid/222/default.aspx

Jordan Vocational Training Corporation, General Information. As of April 17, 2013:
http://images.jordan.gov.jo/wps/wcm/connect/gov/eGov/Government+Ministries+_+Entities/Vocational+Training+Corporation/

Kis, V., M. L. Ferreira, S. Fiel, and T. Zwick (2008), Learning for Jobs, OECD Reviews of Vocational Education and Training: Hungary, Paris: OECD.

Korean Ministry of Education, Science and Technology, Major Policies and Plans for 2011. As of April 15, 2013:
http://english.mest.go.kr/web/40724/en/board/enview.do?bbsId=276&boardSeq=20684&mode=view

Korean Ministry of Education, Science and Technology. Education for the Future: Science and Technology Towards the Future: Overview. As of April 15, 2013:
http://english.mest.go.kr/web/1693/site/contents/en/en_0203.jsp

Kurdistan Region Labor Force Survey (2012).

Kuczera, M., G. Brunello, S. Field, and N. Hoffman (2008), Learning for Jobs, OECD Reviews of Vocational Education and Training: Norway, Paris: OECD.

Kuczera M., V. Kis, and G. Wurzburg (2009), Learning for Jobs, OECD Reviews of Vocational Education and Training: Korea, Paris: OECD.

Kyro, M. (2006), Vocational Education and Training in Finland: Short Description, Cedefop Panorama series; 130, Cedefop (European Centre for the Development of Vocational Training), Luxembourg: Office for Official Publication of the European Communities.

Majcher-Teleon, Agnieszka, and Ummuhan Bardak (2011), Flexicurity Analysis of the Labor Market in Turkey, Torino: Education Training Foundation, March. As of April 15, 2013:
http://www.etf.europa.eu/webatt.nsf/0/1A7DEF4E58F42D41C12579440040803B/$file/Flexicurity_Turkey.pdf

Mayen, G. (ed.), R. Johanson, M. Chemingui, and A. Mustafa, Technical and Vocational Education in Jordan: Areas for Development Cooperation, Luxembourg: European Training Foundation, 2006. As of April 15, 2013:
http://www.etf.europa.eu/web.nsf/(RSS)/C125782B0048D6F6C12571B0002D1640?OpenDocument&LAN=EN

Ministry of Higher Education and Scientific Research (2010), A Roadmap to Quality: Reforming the System of Higher Education and Scientific Research in the Kurdistan Region of Iraq, Erbil: Kurdistan regional Government.

Ministry of Higher Education and Scientific Research (2012), Higher Education Features 2010-11, Tunis: Studies, Planning and Programming Office. As of April 15, 2013:
http://www.mes.tn/anglais/donnees_de_base/depliant10-11_ang.pdf

Mourshed M., D. Farrell, and D. Barton (2013), Education to Employment: Designing a System That Works, McKinsey & Company: McKinsey Center for Government.

National Center for Human Resources Development, Jordan, TVET Indicators. As of April 15, 2013:
http://www.nchrd.gov.jo/Home/tabid/36/language/en-US/Default.aspx

Organization for Economic Co-operation and Development (2008), Education at a Glance 2008: OECD Indicators, Paris: OECD, doi: 10.1787/eag-2008-en

Organization for Economic Co-operation and Development (2010), Learning for Jobs: Synthesis Report of the OECD Reviews of Vocational Education and Training, Paris: OECD.

Organization for Economic Co-operation and Development (2011), OECD Skills Strategy, Paris: OECD.

RAND Survey of Business Establishments (2012).

ReferNet (2011), Finland: VET in Europe—Country Report. As of April 15, 2013:
http://www.cedefop.europa.eu/EN/Information-services/vet-in-europe-country-reports.aspx

Republic of Turkey, Ministry of National Education, Official Statistics Programme, National Education Statistics: Formal Education, 2011-2012. As of April 15, 2013:
http://sgb.meb.gov.tr/istatistik/meb_istatistikleri_orgun_egitim_2011_2012.pdf

Republic of Turkey, Ministry of National Education, Official Statistics Programme (2010), National Education Statistics: Non-Formal Education, 2009-2010. As of April 15, 2013:
http://www.turkstat.gov.tr/Kitap.do?metod=KitapDetay&KT_ID=5&KITAP_ID=38

Republic of Turkey, Ministry of National Education (2012), National Education Statistics: Formal Education, 2011-2012. Official Statistics Programme. As of April 15, 2013:
http://sgb.meb.gov.tr/istatistik/meb_istatistikleri_orgun_egitim_2011_2012.pdf

Schwalje, Wes (2011), "Examining Global Skills Gaps: How Skills Gaps Impact Firm Performance in the Arab World," International Human Resources Conference and Exhibition, Dubai, U.A.E.

Seyfreid, E. (2008), Thematic Studies: Quality and Quality Assurance in Technical and Vocational Education and Training, Luxembourg: Office for Official Publications of the European Communities, European Training Foundation.

Shatz, H. J., L. Constant, J. Luoto, A. C. Smith, S. Abramzon, and P. Glick (2012), Fostering Private-sector Job Growth in the Kurdistan Region—Iraq, PR-266-KRG, Santa Monica, CA: RAND.

Sondergaard, L., and M. Murthi, with D. Abu-Ghaida, C. Bodewig, and J. Rutkowski (2012), Skills, Not Just Diplomas: Managing Education for Results in Eastern Europe and Central Asia, Directions in Development: Human Development, Washington, D.C.: The World Bank.

Stasz, C., D. McArthur, M. Lewis, and K. Ramsey (1990), Teaching and Learning Generic Skills for the Workplace, R-4004-NCRVE/UCB, Santa Monica, CA: RAND.

Stasz, C., K. Ramsey, R. Eden, J. DaVanzo, H. Farris, and M. Lewis (1993), Classrooms that Work: Teaching Generic Skills in Academic and Vocational Settings, MR-169-NCRVE/UCB, Santa Monica, CA: RAND.

Sultana, R. G., and A. Watts, (2007), Comparative Analysis: Career Guidance in the Mediterranean Region, Turin: European Training Foundation. As of April 15, 2013:

http://www.etf.europa.eu/webatt.nsf/0/C12578310056925BC125735D0051273B/$file/NOTE785KJJ.pdf

Sweet, R. (2009), Comparative Analyses: Work-Based Learning Programmes for Young People in the Mediterranean Region, Italy: European Training Foundation. As of April 15, 2013:
http://www.etf.europa.eu/web.nsf/pages/Work-based_learning_programmes_for_young_people_in_the_Mediterranean_region_(MEDA_ETE_regional_project)

The New VTC: Skills Education for the 21st Century (2012), About the Jordan VTC. As of April 15, 2013:
http://www.thenewvtc.com/about-the-jordan-vtc/

TNS Opinion & Social and the Directorate-General Education and Culture, (2011), Attitudes Toward Vocational Education And Training. Special Eurobarometer Report 369, European Commission. As of April 15, 2013:
http://ec.europa.eu/public_opinion/archives/ebs/ebs_369_en.pdf

UK NESS (2007), United Kingdom National Employers Skills Survey 2007 Mainstage Questionnaire, London: United Kingdom: IFF Research, LTD.

UNESCO (2006), Participation in Formal Technical and Vocational Education and Training Programmes Worldwide: An Initial Statistical Study. As of April 15, 2013:
http://www.uis.unesco.org/library/document/formal-technical-vocational-education-training-tvet-2006.eng.pdf

UNESCO-IBE (2008), The Development of Education, National Report 2004–2008, Ministry of Education and Training, Republic of Tunisia. As of April 15, 2013:
http://www.ibe.unesco.org/National_Reports/ICE_2008/tunisia_NR08_efa.pdf

UNESCO-IBE (2011), "Jordan," World Data on Education 2010–2011, 7th Ed, August. As of April 15, 2013:
http://www.ibe.unesco.org/fileadmin/user_upload/Publications/WDE/2010/pdf-versions/Jordan.pdf

UNESCO and ICON Institute (2012), "Potential for Partnership and Collaboration Between Private Sector and TVET Institutions in Kurdistan," Workshop organized by UNESCO Iraq Office and convened at the European Technology and Training Centre (ETTC) in Erbil, July 18, 2012.

UNESCO Institue of Statistics (2012), Education, Statistical Tables, Table 5. As of May 5:
http://stats.uis.unesco.org/unesco/TableViewer/tableView.aspx

UNESCO ISCED (1997), Mappings Republic of Korea Based on the 2008 School Year. As of April 15, 2013:
http://www.uis.unesco.org/Education/ISCEDMappings/Pages/default.aspx

USAID-Iraq (2010), Tijara Provincial Economic Growth Program, Market Assessment Summary: Business Constraints and Opportunities at the Business Enabling Environment and Firm Levels for the Province of Erbil, Iraq, USAID, Washington D.C., March.

USAID-Iraq (2010), Tijara Provincial Economic Growth Program, Market Assessment Summary: Business Constraints and Opportunities at the Business Enabling Environment and Firm Levels in Iraq, USAID, Washington D.C., June.

Vernez, G., S. Culbertson, and L. Constant (2012), Strategic Priorities for Improving Access to Quality Education in the Kurdistan Region—Iraq, PR-1140-KRG, Santa Monica, CA: RAND.

Vivian, D., M. Winterbotham, J. Shury, B. Davies, and S. Constable (2011), UK Employer Skills Survey 2011: First Findings, Rotherham, UK: IFF Research and UK Commission for Employment and Skills.

Watters, E. (2009), Making Initial Vocational Education and Training More Attractive for Learners, Report for European Network on Quality Assurance in Vocational Education and Training (ENQA-VET), European Commission, Directorate General Education and Culture.

World Bank (2010), Stepping Up Skills: For More Jobs and Higher Productivity, Washington, D.C.

World Bank (2011), Iraq Country Profile 2011, Enterprise Survey, Washington, D.C. As of April 15, 2013: http://www.enterprisesurveys.org/Data/ExploreEconomies/2011/iraq#workforce--location.

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان . وەزارەتی پەروەردە

RAND CORPORATION

OBJECTIVE ANALYSIS.
EFFECTIVE SOLUTIONS.

لەگەڵ گەشەکردنی خێرای کوردستانی عێراق، هەندێک کار دێنە کایەوە کە پێویستیان بە پەروەردەی پتەو و کۆمەڵێک کارامەیی تەکنیکی هەیە. حکومەت دەستیکردووە بە چاکسازی گەورە لە پەروەردەی بنەڕەتی و ئامادەییدا و بەرزکردنەوەی کواڵیتی و زیادکردنی دەرفەتەکان لە بواری پەروەردەی تەکنیکی و زانکۆیی. بەڵام بەرفراوانکردنی پەروەردەی ئامادەیی پیشەیی دواکەوتووە و چەندین قوتابی کە ناتوانن یان ناخوازن خوێندنی پاش-ئامادەیی بخوێنن بێبەشن لە ئامادەسازی پێویست و کێبەرکێکردن لە بازاڕی کار و بەشداریکردن لە ئابوریدا. لەم ساڵانەی دواییدا، تۆمارکردن کەم بۆتەوە لە ئامادەیی پیشەیی و دەرچووان بە سەختی کاریان دەستدەکەوێت، چونکە پرۆگرامەکان ئەو کارامەییانەیان پێنەداون کە خاوەنکاران دەیانەوێت. هاوکات خاوەنکارەکان سکاڵا دەکەن کە دەرچووانی پەیمانگا گشتی و پیشەییەکان هەڵگری ئەو کارامەییانە نیین کە پێویستیانە، هەروەها دەڵێن کە پەنا دەبەنە بەر بەکارخستنی کرێکاری بیانی کاتێک ناتوانن دەرچووی ناوخۆیی بدۆزنەوە. وەک بەشێک لە هەوڵە بەربڵاوەکانی بۆ گۆڕینی پەروەردە، حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای لە دامەزراوەی RAND کرد هەڵسەنگاندن ئەنجام بدات بۆ بەرەوپێشبردنی فێرکردن و راهێنانی تەکنیکی و پیشەیی. دەرەنجامەکانی هەڵسەنگاندنەکە چەند راسپاردەیەکیان تێدایە بۆ بەرەوپێشبردنی فێرکردن و راهێنانی تەکنیکی، بە تایبەتی لە ئاستی ئامادەییدا. لەجیاتی جێبەجێکردنی ئەمانە بەسەریەکەوە، راپۆرتەکە پێشنیاری سێ قۆناغی دەکات (مەودای کورت، مەودای مامناوەندی و مەودای درێژ) تا ڕێخۆش بکرێت بۆ جێبەجێکردنی پێوانەکراو.

$24.50

ISBN-10 0-8330-8690-1
ISBN-13 978-0-8330-8690-7
52450
9 780833 086907

RR-277/2-KRG